**د. فەوزی رەشید**

# سۆمەرییەکان کێن؟

کوردیکاری
محەمەد وەسمان

هەولێر-2025

ناوی کتێب: سۆمەرییەکان کێن؟
نووسینی: د. فەوزی رەشید
کوردیکاری و وەرگێرانی: محەمەد وەسمان
تیراژ:٥٠٠ دانە
چاپخانە :سنوور
ژمارەی سپاردن: لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی
( ٢٤ ) ی ساڵی (٢٠٢٥ )ی پێدراوە.

# سۆمەرییەکان کێن؟




**شۆکاری:**


**پێش ئەوەی بابەتەکەی د.فەوزی رەشید لەم سەرچاوەیەوە بخەینەڕوو،با ئاوڕێک لە هەندێ بیرو بۆچوونی دیکەی د.فەوزی رەشید وزانایانی دیکەش بدەینەوە** لەبارەی **بنجی سۆمەرییان:**

**د.فەوزی رەشید**
**لەبارەی بنجی سۆمەرییەکان لە(قواعد اللغة السومرية)**
**دەنووسێت:**




گەلی سۆمەری: کۆنترینی ئەو نەتەوانەن لەسەر خاکی میسۆپۆتامیا نیشتەجێ بووین ولە نووسینە کۆنەکاندا باسیان کرابێت، سۆمەرییەکانن.
ئێمە لەو باوەڕەداین (سۆمەرییەکان)لەدانیشتووانی بەشی باکووری عیراقن،لەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ کۆچیانکردووە بۆ باشووری عیراق ،ئەوەیش بەهۆی زۆر بوونی دانیشتووان لە بەشی باکووری عیراق ,لەسەردەمی دووشارستانیی سامەراو حەلەف.
لەوکاتیدا ڕێژەی دانیشتووان زۆرتربووە لەوەی ئەو رێژەی خۆراکەی بەرهەم دێت بەشی هەموودانیشتووانەکەی بکات . بەمجۆرە بەشە زیادبووەکەی دانیشتووان کۆچیان کردووە (بۆ باشووری عیراق) لەدوای هەر زێدەبوونێکی دانیشتووان ،گەڕێکی دیکەی کۆچکردن (بۆ باشووری عیراق)دەستی پێکردوە،هەرکۆمەڵەیەکیان لە ناوچەیێکی بەشی خوارووی عیراق نیشتەجێ دەبوون.
ئەو ناوچانەی ئەم کۆمەڵە کۆچەرانەی تێدا نیشتە جێ دەبوو،گەشەی دەسەندو فرەواندەبوو وشارەدەوڵەتی سۆمەری پێکهێناوە .

بەهۆی ئەوەی هاتنی سۆمەرییەکان بۆ بەشی خوارووی عیراق لەو ماوەیەدابووە هێشتا نووسین نەدۆزراوەتەوە،سەلماندنی ئەوەی وتمان – بەبەڵگەی نووسراو- لەتوانادانییە.
ناوی سۆمەریمان،لەناوی پاشاکانی بابلی دەست کەوتووە،ئەوانەی نازناوی ( shar shumeri u akkadi) (شار-شومەری -و-ئەککادی)(پاشای سۆمەروئەکەد)یان لەخۆدەنا،هەروەها لە نووسینەکانی ئەکەدی هاتووە وشەی شومور shumeri و لەزمانی سۆمەری وشەی کی-ئین-گە (ki-en-ge)ی بەرانبەردێت.


هذا واننا قد حصلنا على اسم السومريين من ألقاب الملوك البابليين الذين لقبوا أنفسهم بملك سومر وأكد « šar šumeri u akkadi » واضافة الى ذلك فقد جاء فى الكتابات الاكدية ان كلمة « šumeru » يقابلها فى اللغة السومرية ( ki - en - ge ( - r ) ان الاسم ki - en - ge ( - r ) ظهر لأول مرة فى كتابة تعود الى ملك الوركاء « Enšakušanna » ( حوالي ٢٤٥٠ ق . م ) وكان يطلق على المنطقة المحيطة بمدينة نفر ولكن ، بعد هذا التاريخ بدأ يطلق كذلك على القسم الجنوبي من العراق ومن المصطلح « ki - en - ge - ( - r ) » جاءت التسمية
lu - ki - en - ge - ra
« رجل من سومر أو سومري » وكذلك التسمية التالية :
eme - ku - ki - en - ge - ra « اللغة السومرية » .

هەروەها وشەی کی-ئین-گە(ki-en-ge) ،بۆیەکەمجارلەنووسینێکدا دەرکەوت ئی سەردەمی پاشای وەرکاء (ئینشاکوشاننا Ensha Kusha anna )بوو(نزیکەی ٢٤٥٠ پ.ز). ئەم وشەیە بەو ناوچەیە ی دەوروبەری نیپوور-تفر دەوترا،بەڵام دوای ئەم ڕێکەوتە بە بەشی خوارووی عێراقیش دەوترا(ki-en-ge-ra).
هەر لەو زاراوەیەوە(کی-ئین-گە (ki-en-ge-ra) ی ناوی (lu--ki-en-ge--ra)(لو-کی -ئەن -گەرا) بەواتای (پیاوێک لەۆمەر ،یا سۆمەری)هاتووە.
هەروەها وشەی ( eme- ku--ki-en-ge-ra)(ئەمە-کو-کی-ئەن-گە-رە).


ل ٢٦ -27–قواعد اللغة السومريه،1972.

## (د. ناجی الاصیل) دەنووسێت :




(ناوی (سۆمەر) ، بە زمانی سۆمەری لە نووسینە مێخییەکان بە شێوەی (کی – ئان – گی) یا (کی – ئان – گر) هاتووە . ئەکەدی و بابلی و ئاشووریەکان پێیان وتووە (شومریم) ، وڵاتەکەیان ناو ناوە (مات شومریم) ، واتە خاک ، یا وڵاتی سۆمەریان ، لە زۆر سەرچاوەی بابلی و یاساکانی حامورابی دا هاتووە .( ل ٣ / د. ناجی الاصیل ، فی مواطن الاثار – رحلە الی جنوبی العراق – سومر – ج ٢ ، ١٩٤٥) .

**د.ئەحمەد سووسە لە چاوپێکەوتنێکیدا وتوویەتی:**



بەدڵنیاییەوە،لەڕووی زانستییەوە،هەرلەهەزارەی چوارەمی پێش زایینەوە یەکەم نیشتەجێبوونی شارستانی لە وڵاتی میسۆپۆتامیا بووە،سۆمەرییەکان ،لەبنجی ئاسیایین سامی نین،یەکەم کەسانێکن لەم شوێنە نیشتەجێ بووین .ئەم شارستانییەتیەی بنیاتیان ناوە،بەڕاستی بووە بنچینە بۆ شارستانییەکانی دواتر. هەر لە سەردەمی ئەواندا ،ناویان بەسەریاندا زاڵبوو،ناونران سۆمەرییەکان، وڵاتەکەیان ناونا وڵاتی سۆمەر ولەکۆتاییەکانی دەستەڵاتیان سیستەمی پاشاییتیان هەبوو،شاری (نیپوور) نفر-یان کردبووە ناوەندی ئایینی وپەرستنیان.(مجلة افاق عربية،؟)

**د.طەباقر دەنووسێت :**




سۆمەرییەکان ،یەکەم دەقی ناوی سۆمەریانی تێدا هاتبێت لیستی ناوی پادشاکانی شارستانیەتی میسۆپۆتامیایە ، ناسناوی ((پاشای وڵاتی سۆمەر و وڵاتی ئەکەد)) ، بە دەقی سۆمەری
(Lugal Ki – en – gi Ki – uri) بەزمانی بابلی
(Shar mat Shumerim U Akkedim) .
ئەم ناسناوە پاشای سۆمەری (ئوتو – حیگال) لە خۆی ناوە .
وشە سۆمەرییەکە دەشێ واتای (وڵاتی گەورەی زەل و دەوەن) بێت .
یا وتراوە وشەی سۆمەر ناوی شاری (نیپور -نفر) بووە . ل (طەباقر ، مقدمە) ٦٠ .

شارستانیەتی سۆمەری لە سەرەتای هەزارەی سێیەم پ.ز دەرکەوتووە ، زمانی سۆمەری کۆنترین زمانە لە میسۆپۆتامیا و، لە نزیکەی (٣٥٠٠ پ.ز) بە نووسینی مێخی نووسراوە.

شارستانیی سۆمەری لە کۆتایی چاخی بەردینی – کانزایی (Chatolithic) دەرکەوتووە ، رەگ و ریشەی لە میسۆپۆتامیا پەیدا بووە , لە ناوچە

چیاییەکانەوە هاتوون بە تایبەتی لە یەکچوونی شارستانی ئیلامی و سوسە و سۆمەریان بەرچاوە . ل ٦٤ (طەباقر ، مقدمة).
یا لە چیاکانی زاگرۆسەوە هەنگاو بە هەنگاو دابەزیون تا گەیشتون بە دۆڵی دوو زێ و هەنگاو بە هەنگاو لە باکووری میسۆپۆتامیا وە هاتوونەتە خوار تا وڵاتی سۆمەر .
-شارستانیی سۆمەری لە شارستانییە بنچینەییەکانە (٣٢٠٠ – ٢٠٠٦) پ.ز, واتە : (١١٩٤ ساڵ).)

**(د. جمال رشيد احمد ) دەنووسێت:**



جمال رشيد احمد

**زمانی سۆمەری :**

زمانی سۆمەری گیرەکدارە(الالصاق)، لەم شێوە زارانەوە کەوتۆتەوە، لەکۆتاییەکانی چاخی بەردینی نوێ (نیولیت) دانیشتوانی نشیمەنە کشتوکاڵییەکان ,لەباکوری میسۆپۆتامیا پێی دواون.

/ ل٢٠٥/ ل٢٠٥ (المبحث الثالث)د. جمال رشيد احمد، ظهور الكورد في التاريخ، دراسه شاملة عن الامه الكوردية ومهدها، دار آراس، الجزء الثانی ، اربيل-٢٠٠٣.

سۆمەرییەکان ناوی ( سەر ڕەشەکان ) یان لەخۆنابوو (giga-sag) وولاتەکەیان بە (Kalam- وڵات) ناودەبرد.

وشەی سۆمەر لە ناسناوی پادشاکانی بابل هاتووە : پادشای سۆمەر و ئەکەد Sar sumeriu akkadi

لەسۆمەری دەوترا : ki-en-ge ، بۆ یەکەمجار لە نووسینی پادشای وەرکا (ئوروک) (ئیشا کوشانا )
( نزیکەی ٢٤٥٠ پ.ز)  ( En sakusanna)
بەناوچەی دەوروبەری شاری نیپور Nippar ( نفر) دەوترا، دوای ئەم مێژووە بەهەموو خوارووی عیراق دەوترا.
لەوەشەوە زمانی سۆمەری (eme-ku-ki-en-ge-ra)  و بەناوی شار دەناسران (ئوور،کیتی، لگشی).
هاوبەشی هەیە لەگەڵ نیشیمەنیەکانی (تل حلف) و(تل عبید) و (جمدت نصر). ئەم دانیشتوانانەی لە باکوور و باکوری رۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا هەبوو هەر لە هەزارەی پێینجەمی پ.ز.
سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز لەگەڵ هاتنی شێوە زاری هیندی ئاری بۆ چیاکانی زاگرۆس و سەرووی میسۆپۆتامیا وتیکەڵی زمانەکەیان بووە .
چەند وشەیێکی سۆمەری
–دەم (ka), ددان ( زو zu)  .
-نیشانەی خۆر (ئاسمان) دەوترا (ئان) (an) واتە خواوەند، سۆمەریەکان لە شێوەی هێمای دینگەر (dinger).
-وشەی (gu) لە کوردی (گوت) لە فارسی (گفت) واتە وتن ، قسە.
- ئینیم inim   نیشانەی کردن بوو واتە قسەکردن –وتن (gu inim) .
ئا ( ئاو- aw) (a) .
-یا دووبڕگە  Ga-mes  گامێش (جاموس) لە کوردی (Ga-mes )
- لە سۆمەری ( Pa-bill-ga) لە کوردی باپیرە (ba-pi-ra)
-خانم    gasan
- مەڕ    udu
- زەوی   ki
- دڵ    Libis
- تیر    `ti
-  ئاو  a
-گروکۆ  gaba
- کەشتی ma
-پێ     giri

- پیاو Lu
-ماڵ ئێ (`e)
- باوک (a) (ada , ad )
- ئازار izid > zi
- بەهێز kalaga
- خواوەندی ڕۆژ ئوتو /vita/
- پیاوی گەورە (پادشا) La-gal
- ماڵی گەورە e` gal
- چیایی kur-da
- دانیشتوی چیا kur- da ki
- پادشای خاوەن دەسەڵات Aam –Lu- gal-a
- زەوی ki + پاک siki + کچ kisigil

لە سۆمەری ( al – ئال ) ، (al- al) واتە (خواوەندی باڵا) لە ڕێگەی ئەکەدی و کەنعانی و عیبری بەشێوەی (ئیل ) و (عیل ) و(بعل) دەرکەوتوە.

## د.خەزعەل ماجیدی دەڵێت:



پێدەچێت باوباپیرانی سۆمەرییەکان ئەوانە بن ،کە کانزاکانیان دۆزیەوە و گونجاندیان، ئەوانیشن سیستەمی کشتوکاڵی باکوور، کە پشتیان بە باران دەبەست، پەرەیان پێدا بۆ سیستەمی کشتوکاڵی ئاودێری لە باشوور،ئەمەش دوای شارستانیەتی سامەرا (کە نیشیمەنی سۆمەرییەکان بوو لە باکووری میسۆپۆتامیا) ڕوویدا، پاشان لە هەزارەی پێنجەمی پێش زایین ، کۆچی سۆمەرییەکان لە دەو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە بۆ باشووری میسۆپۆتامیا دەستپێکرد.

ڕەنگە، سۆمەرییەکان تێکەڵ بە گەلانی دیکە بووبن ،کە هاتوونەتە سەر خاکە نوێیەکە لە دەشتی نیشتووی باشووری میسۆپۆتامیا، وەک فوراتی و دیجلەییەکانی بەرایی و سامییەکان، بەڵام سۆمەرییەکان هاوشانی ئەو کەسانە، ئەو شتەیان پێکهێنا ، کە بە عوبێدییەکان ناسراون.

(د.خزعل الماجدي، الدين السومري،ص

**دکتۆر بەهنام ئەبولسوف، دەنووسێت:**



سۆمەرییەکان کێن؟
عەبدولسەلام سوبحی تەها(عبد السلام صبحی طه)لە
تەوەری گفتوگۆیەکیان لەگەڵ دکتۆر بێهنام (الدکتور بهنام ابو الصوف)ئەبو
السوف دەنووسێت:
لە چوارچێوەی گەڕان بەدوای بنەچەی ئەم گەلەدا کە یەکێک لە یەکەمین
بنیاتی شارستانیەتی مرۆڤایەتی داناوە:
١- ناوی "سومەر" .
ناوی سومەر لە بنەڕەتدا ئەکەدییە و بە (شومرو - سومێرو) (شومرو-
Sumeru) دەخوێندرێتەوە، و بێژەکردنی هاوتای سۆمەریی ناوەکە جیاوازە

و دەخوێندرێتەوە (ki-engir کی-ئنگر )، بە واتای (خاکی گەورەی زەلەکان-زۆنگاوەکان) لە زمانی ئەکەدیدا، بێژەکردنەکە بووە بە “مات شوموریم”، بە واتای خاک/هەرێمی سۆمەرییەکان. لە بەرامبەردا سۆمەرییەکان خاکی ئەکەدیەکانیان ناوبردووە بە "کی ئوری" و ئەمەش ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ نیشتەجێبوونیان لە خانووی قوڕدا، بە پێچەوانەی نیشتەجێبوونی سۆمەرییەکان لە خانووی لە زەلدروستکراوەکان لە زۆنگاوەکاندا. لە زمانی ئەکەدیدا، بە وشەی (مات ئەکدیم - بە واتای خاک یان وڵاتی ئەکەدییەکان) باسی لێوە کراوە.

٢- ناوی شینعار

ناوەکە لە پەیمانی کۆن(تەورات) (خاکی شنعر یان شنعار) هاتووە و هیچ بەڵگەیێکی زمانەوانی نییە کە بیبەستێتەوە بە خاکی سۆمەرەوە، هەرچەندە مەبەست لێی خاکی بابلە (ڕەنگە لە ئەنجامی نیشتەجێبوونەکە بێت) زۆر لەو عیبریانەی لە سەردەمی بابلی نوێ، ٦٢٦-٥٣٩ پێش زایین لە یەهوزاوئۆرشەلیمەوەبەدیل بردراون بۆ بابل). بۆچوونێک هەیە دەڵێت وشەی (شینعار = شنار) بە واتای (خاکی میزۆپۆتامیا) دێت، بە گوێرەی پڕۆفیسۆر یوسف ڕزقەڵلا غنیمە لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی ( نزهە المشتاق فی تاریخ یهود العراق) وشەی شینعار لە دوو پیتی عیبری پێکهاتووە(شنا ،یا ( ئیتنا/ اپنین) دوو و ئار (آر) بە واتای ڕووبار دێت، هەروەها پیتی ئاڕ (لە بنەڕەتدا شوکۆزی، یان بە ڕەچەڵەک کوشیی بابلییە).

فەرمانڕەواکانی بابل خۆیان بە نازناوی ئەکەدی (شاروم-شارو-شار، واتە سەرۆکی هۆز یان خێڵ) ناودەبرد ، شار سومەر و ئەکەدی (Sumeri u akkadi).

ناوی کی ئین گیر (ki-engir) بۆ یەکەمجار لە نووسینێکدا دەرکەوتووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاشای وارکا (Ensakusanna) لە دەوروبەری ساڵی ٢٤٥٠ پێش زایین. ئەم ناوە بە ناوچەی دەوروبەری شارینیپور- نەفەر (نزیک عەفەکی ئێستا – دیوانیە) وتراوە، لە دوای ئەو ڕێکەوتەش بە هەموو بەشی باشووری عێراق وتراوە.

لە باشووری شاری کیشەوە دەستی پێدەکرد و درێژدەبووەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە لە نێوان شارەکانی نەفەر (پێشتر نیپور یان عەفک لە دیوانییەی ئێستا) و ئێریدو (ئەبو شەهرین لە ئێستادا) ، کە زۆرینەی سۆمەرییەکان لە هەزارەی

چوارەمی پێش زایین لەوێ ژیاون. یەکەم کەس کە خۆی بە پاشای سۆمەر ناوبردوە ئەو کەسە بوو کە هەندێک لە دەوڵەتانی سۆمەری یەکخست و بوو بەپاشای شاری ئوما (لوگال-زاکیزی)بوو، سەردەمی ئەو کۆتایی سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکانی سۆمەری بوو ، و شاری ئوروکی - الورکاء ، وەک پایەختی شانشینی خۆی دانا.
لەو کاتەدا نازناوێکی تری داهێنا کە بەخۆی دەوت (لوطال کلاما) کە بە واتای (پاشای ولاَت) دیَت، وشەی(اقلیم) ( کلاما) لە زمانی عەرەبیدا لە وشە و مانادا هاوشێوەی (کلاما)یە، واتە ولاَتی ئەو کەسەی کە قسە دەکات ، واتە زێدی خۆی (بڕوانە تەها باقر- پێشەکی مێژووی شارستانیەتەکان - مقدمة في تاريخ الحضارات- طه باقر) -).
پرۆفیسۆر ڕەزوق عیسا دوو بابەتی لە گۆڤاری (لغە العرب) بەناونیشانی (واتای وشەی عێراق)، بەرگی چوارەم (١٩٢٦-١٩٢٧) نووسیوە، ژمارەیەک نووسەری بیانی، وەک مێژوونووسی ئەمریکی (کلای)، باسیان لەوە کردووە زەویەکانی عێراق شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر لەژێر ناوی (ئورو=ئورا=ئوری)دا بوون، لە سەردەمی سۆمەری و ئەکەدیدا پێی دەگوترا (کی ئوری) یان (کی ئورا)، بەپێی کتێبی (مێژوو)ی لیۆنار ویلیام کینکَ(مژێووی سۆمەر و ئەکاد).
ئەگەری ئەوە هەیە فارسە کۆنەکان مانای وشەی ئورو کە بە واتای نێوان دوو ڕووبارەکە دەگەیەنێت و (ئیرا) ، بۆ زمانی خۆیان گواستبێتەوە، مەبەستیان کەناری دەریا بووبێت، چونکە ئور بە واتای نیشتمان یان وڵات دێت، و (ئار= بە واتای ڕووبار دێت بە زمانی ئەکەدییەکان و ئەشکوزییەکان، یان کوشییەکانی بابلی .
لە کتێبی مێژووی سۆمەردا بۆ پرۆفیسۆر (کەنک) پشتڕاستی کردەوە کە یەکەم ناو کە بە عێراق دراوە وشەی (کەلام) یان (قەڵم) بووە، کە بە واتای زەوی و زارە، بە تێپەڕبوونی کات بە وشەی (ئین گی) جێی گیراوەتەوە )، ئین = گەورە، وە لە عەرەبیدا تا ئێستاش گەورە بە (ئەین) (عین) ناو دەبرێت و کۆیەکەی (اعیان) ە و ( گر-زەل)ە ،کەواتە ماناکەی وڵاتی گەورە زۆنگاوەکان.
ناو و نازناوی جۆراوجۆر بۆ ئەم گەلە لە لێنووسەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، وەک (نیشتیمانی بەڕێزانی شارستانی) و (ئەوانەی لە دەریا دەرچوون/

ڕزگاربووانی لافاو) - (ئەوانەی لە بەهەشت دەرکراون). سەبارەت بە ناوی (کەسانێک کە سەریان ڕەشە، یا سەر ڕەشەکان)، مانای وردی بریتییە لە (خەڵکی ڕەشۆکی، یان خەڵکی ئاسایی = گەل).

دکتۆر بێهنام ئەبولسوف:
لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دوای چەندین دۆزینەوەی مێژوویی و شوێنەواریی لە میزۆپۆتامیا، بەتایبەتی لە بەشی باشووری دیڵتای عێراق، لەو شوێنەی کە بە وڵاتی سۆمەر ناسراوە، زمانی سۆمەری شانبەشانی زمانی ئەکەدی (ودوو شێوە زارەکەی بابلی و ئاشووریی ) دۆزرایەوە و نووسینی سۆمەری ناسرا ، کە سەرەتا وێنەیی بوو لە ناوەڕاستی هەزارەی چوارەمی پێش زایین ولە شارەکانی وەک ئوروک، فارا و ئەوانی تر، ، زۆر لایەنی ژیانی سۆمەرییەکان لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە دەستنیشان کران، وەک بیروباوەڕەکانیان، ئایین و ئەفسانە و هونەر و ئەدەب و ژیانی کۆمەڵایەتی و تەکنیکی کشتوکاڵی و هتد.
بەڵام ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا جێی سەرنجە ئەوەیە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بۆچوونگەلێک لە نێو زۆرێک لە هاوڕێ شوێنەوارناسەکان و مێژوونووسان و توێژەرانی ڕۆژئاوا دەستیان کرد بە دەرکەوتن کە تەواو جیاواز بوون لە ڕاستی و مێژوو.
ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە کاتی ئەو ئەرکە هەڵکەندنانەی کە ئەنجامیاندا، ئەو دەرەنجامەیان پێکهێنا کە ئەم وڵاتە کە لە شارستانییەت و بیرکردنەوە و ژیاندا لەو سەردەمەدا دواکەوتوو بوو، ناتوانێت ئەوبێت سەرچاوەی ئەم شارستانییەتە کۆنە، هەروەها ناتوانێت شارستانیەتێکی وەها جیاواز لە جیهانی کۆن بەرهەم بهێنێت.
ئەوەی وای لێکردن بڵێن، بەپێی ئەم دوو دەرەنجامە، کە خەڵکی شارستانییەتێکی لەو شێوەیە دەبێ شاخاوی بووبن، یان لە ناوچە بەرزەکانی وەک ئەنادۆڵ یان تبت، یان دۆڵی ڕووباری سند، باکووری ڕۆژئاوای پاکستانی ئێستا، دابەزیون ( شارستانیەتی موهەنجاداوەر و خەرابا)، و لە دیڵتا لە باشووری عێراق نیشتەجێ بووین.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بۆچوونێکی دیکە لە نێو هەندێک لە توێژەراندا دەرکەوت، کە دەڵێت ڕەنگە سەرچاوەی سۆمەرییەکان بگەڕێتەوە بۆ هەنگاریا، یان بۆ دەشتی دەریای ئیجە، چونکە دیسکێکی گەورە (دیسکی فێستۆس) لە گڵی کوڵێندراو (تیرەی ١٥ سم و ١.٨ ئەستووری سم) دۆزرایەوە، هەڵگری جۆری نووسینی وێنەیی بوو، و تۆماری دیکە شدۆرازیەوە لە جۆرێک لە ڕێنووسیدا کە پێی دەڵێین (لاینەر بی)، کە نووسینێکی هێماییە، دواتر بە ڕەگی نووسینی لاتینی دادەنرا، بەڵام کاتێک هێماکانی ئەم نووسینە لە ساڵی ساڵانی ١٩٥٠ شیکرایەوە دەریخست کە هیچ پەیوەندییەکی بە نووسینی سۆمەرییەوە نییە، چ لە نزیکەوە یان لە دوورەوە.
بە تایبەتی ئەگەر بزانین مێژووی ئەم نووسینانە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ٢٤٠٠-١٨٠٠ پێش زایین، لە کاتێکدا نووسینی وێنەیی مێخی بۆ ساڵی ٣٣٠٠ پێش زایین دەگەڕێتەوە، واتە نزیکیی زیاتر لە هەزار ساڵ لە نێوان ئەم دوو جۆرە نووسینەدا هەیە، کریت لە ڕووی جوگرافیاوە دوور بووە لە سومەرەوە، کە بە واتای نەبوونی ئەم ئاوێنەی یەکتربوونە شارستانییە دێت، لانیکەم لەو سەردەمەدا.
ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا سەرنجڕاکێشە ئەوەیە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە،لەگەڵ دۆزینەوە شوێنەوارییە یەک لە دوای یەکەکانی میزۆپۆتامیا، بۆچوونی ئەوان توێژەران ڕوونبوونەوە و تەنانەت گۆڕانکاریان بەسەرداهات، لە دواجار لەسەر تایبەتمەندبوونی شارستانیەتی سۆمەری جێگیر بوو، کە ڕەگ و ڕیشەی دامەزرێنەری ڕەنگە بۆ هەزارەی دوورتر درێژبێتەوە ( کە نزیکترینیان ڕەنگە خولی عوبەید بێت لە دەوروبەری ساڵی ٤٥٠٠ پێش زایین و کولتوری ئوروک نزیکەی ٤٠٠٠-٣٥٠٠ پێش زایین).
پێش ئەوە بە ناوی شوێنەکانی وەک ماوەی چەرموو، خولی حەسونە، سامەڕا، حەلەف ناودەبرا، ئەو شوێنە بوو کە دوای شۆڕشی کشتوکاڵی (نزیکەی هەزارەی نۆیەمی پێش زایین) نیشتەجێبوون تیایدا دەستی پێکرد و لە هەزارەی هەشتەمی پێش زایینەوە دەستی بە دروستکردنی گڵینە کرد، خاوەن زانیاری و بیرۆکە و ئەفسانە و بیروباوەڕی خۆیان هەبوو.

لە ناوەڕاستی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کەڵەکەبوونی زانستێکمان لەسەر شارستانیەتی سۆمەری پێکهێنا، بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی هەڵکۆڵین و هەڵکەندنەی لەو سەردەمەدا هەبوون بەهۆی سەرهەڵدانی نەوەی یەکەمی شوێنەوارناسانی عێراقی، وەک دکتۆر تەها باقر و فوئاد سەفەر و ئەوانی تریش. ئەم زانیارییە تایبەتمەندبوونی شارستانیەتی سۆمەری و جیابوونەوە و ڕەسەنایەتییەکەی لە کولتوور و مێژوو و باوەڕدا پشتڕاستکردەوە و دەسکەوتێکی تەواو عێراقییە.
لە کاتی لێکۆڵینەوەم لە زۆرێک لە داستانە سۆمەرییەکان، توانیم بگەم بە ناوەڕۆکی تیۆرێکی تری جیاواز سەبارەت بە بنەچەی سۆمەرییەکان لە باشووری عێراق وبیخەمە ڕوو، چونکە دۆزینەوە شوێنەوارییەکان بە توندی پشتگیریان لێکردووەولاری لێ ناکرێت، ئەم تیۆرییە بە کورتی دەتوانین بەم شێوەیە دابڕێژین: سەرچاوەکانی سۆمەرییەکان دەگەڕێنەوە بۆ دوو ڕەگەزی جیاواز:
یەکەمیان: ئەوانە ئەو(فورات)یانەن کە لە باکور و باکوری ڕۆژئاوای عێراقەوە دابەزین بۆ دێڵتای باشوور بۆ گەڕان بەدوای بژێوی و ئامرازەکانی ژیان و بەدواداچوون بۆ ژیانێکی باشتر (ئەوان بوون کە شارستانیەتەکانی حەسونە و حەلەف و عوبەیدیان دامەزراند) .




(تابلۆی هاوتا، چارۆگەی جەنگ و ئاشتی یە لە ئور، کە لە داری عاج و لاپیس لازولی دروستکراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٥٠٠ پێش زایین، و لە مۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراوە).

دووەم: ئەوان دانیشتوانی دەشتی کەنداوی عەرەبین کە دوای ئەوەی ئاوی دەریای عەرەبی و زەریای هیندی دەشتەکەیان پڕئاوکرد، دەشتی کەنداویان بەجێ هێشت، بۆیە ڕوویان لە باشووری عێراق کرد، و ئەوانەن کە دواتر بە ناوی (خەڵکە سەر ڕەشەکان). بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم دەرچوونە چۆن ڕوویدا؟

لەڕووی شوێنەوارناسییەوە زانراوە کە جیهانی کۆن لە دوو ملیۆن ساڵی ڕابردوودا بە چوار قۆناغی سەهۆڵبەنداندا تێپەڕیوە، هەر قۆناغێک قۆناغی گەرمبوونی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەو پێیەی دەریا و زەریاکان بەهۆی بەستنی نیوەگۆی باکوورەوە بەستوو یا، بۆیە ئاوەکانی زەریاکان و دەریاکان نزیکەی ١٠٠ بۆ ١٢٠ مەتر پاشەکشەیان کرد، لە ئەنجامی بەستنی ئاوەکە، و دواتر دەگەڕایەوە بۆ دۆخی پێشووی دوای ئەوەی سەهۆڵەکە لە ماوەی نزیکەی ٢٠٠ ساڵدا دەتوایەوە، دوا قۆناغی سەهۆڵبەندان ٢٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر کۆتایی هاتووە.

لەگەڵ توانەوەی بارستە سەهۆڵینەکان، ئاو دەریاکان و ناوچە نزمەکانی پەیوەست بەو دەریایانەی پڕکرد، کە بێگومان ناوچەی کەنداوی عەرەبیش دەگەڕێتەوە، کە قووڵاییەکەی لە ١٠٠ مەتر تێناپەڕێت. کە واتە

درێژکراوەیەکـی سروشـتی بـوو بـۆ ڕەوت و ڕۆیشـتنی ئـاوی لە زەریـاوە دەهات.
بە درێژایی ٢٠٠ هەزار ساڵی ڕابردوو، کەنداوی عەرەبی دەشتێکی سەوزی بەپیت بووە، کە دار و درەختی جۆرە جیاوازەکانی تێدا زۆر بووە، هەروەها ئەو ئاژەڵانەی کە سەرچاوەی خۆراکیان بۆ مرۆڤەکانی ئەم دەشتە پێکهێناوە، کە ڕاویـان کـردووە و گۆشـتەکانیان دەخـوارد و پێسـتەکانیان بەکـار دەهێنـان وەک پۆشاک و جل و بەرگ.





ئەم دەشـتە درێـژدەبێتەوە بە ڕووبەری درێـژییەکەی ٨٠٠ کـم و پـانییەکەی ٢٠٠ کـم، لە دێڵتـای باشـووری عێراقـی ئێسـتاوە درێـژدەبێتەوە، تـا گەرووی هـورمز لە عومـان، دیجـلە و فـورات وڕووبارەکـان لێـیە دەڕژانە نـاو ئەم گەروە.

لەو ماوەیەدا نیمچە دوورگەی عەرەبی سەوز بوو، خەڵکی ئەم ناوچەیەش بە شێوەیەکی سروشتی لە نێوان دوورگەکە و دەشتەکەدا دەجووڵان، چونکە ناوچەیەکی ژیوەریی ئەو بوو و تێیدا دەژیا.
لەگەڵ دەستپێکردنی دابەزینی شەپۆلی سەهۆڵینی چوارەمدا، بلۆکی سەهۆڵینەکان دەستیان بە توانەوەی کرد و ئاو دەستی کرد بە لێشاوی بۆ پڕکردنەوەی دەریاکان و ناوچە نزمەکان، لەنێویاندا ناوچەی کەنداوی عەرەبی، کە ئاوەکە وردە وردە دەستی بە بەرزبوونەوە کرد. ئەمەش لەلایەن کەشتیی تویژینەوەی ئەڵمانی (میتیور METEOR) سەلمێندرا، کە لە ناوەراستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەی لە قووڵایی کەنداوی عەرەبیدا ئەنجامدا، و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئاوەکان لە کەنداودا سێ جار لەسەریەک وبە سێ قۆناغ (بە قووڵایی مامناوەندی ٦٢، ٥٠ و ٣٠ مەتر لە کەنداوی عومانەوە کە دەچێتە ژوورەوە بەرەو ئەلفاوی ئێستای عێراق).
واتە بەرزبوونەوەی ئاو وردە وردە لە ڕێگەی سێ قۆناغەوە ڕوویداوە (ئەوانەی کە دەیانەوێت بچنە ناو ئەم توێژینەوەیەوە دەتوانن لێکۆڵینەوەکانی توێژەری ئەڵمانی ڤێرنەر نوتزێل Werner Nutzel بخوێننەوە، کە لە بەرگی گۆڤاری شوێنەوارناسیی عێراقی سۆمەردا بڵاوکراوەتەوە - بەرگی ٣١، بەشی یەکەم و بەشی دووەم - ١٩٧٥، بە ناونیشانی "دروست بوونی کەنداوی عەرەبی ودەوروبەری لە ١٤ هەزار ساڵی پێش زایینەوە"، هەروەها کارەکانی دیکەی لەسەر جیۆلۆجیای دیڵتای عێراق و کەنداوی عەرەبی و دەوروبەریان لە ١٤ هەزار ساڵی پێش زایینەوە. کۆپی ئەم لێکۆڵینەوەیانە لە بەشی ئەرشیفەکانی ماڵپەڕەکەدا پارێزراون.
لەگەڵ ڕۆیشتنی ئاو بۆ دەشتی کەنداو، کە وردە وردە دەستی بە نوقمبوون کرد، دانیشتووان هیچ بژاردەیەکیان نەبوو جگە لە هەڵاتن و سەرکەوتن بۆ باشووری عێراق. ئەم ناوچەیە لەو سەردەمەدا لەلایەن یەکەم دانیشتوانی عێراقەوە تیایدانیشتەجێ بوون، کە لە باکوورەوە هاتبوون (فوراتییەکان).
لە کاتی گواستنەوەکەیاندا، زانستی وزانیاری خۆیان لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێریدا لە ڕێگەی کەناڵەکانەوە هەڵگرتبوو، هەروەها بیرۆکە و ئەفسانە و داستان و بیروباوەڕی ئاییتی خۆیان دەگواستەوە و ئەم زانیارییە بە شێوەی

زارەكــــی دەگواســــترایەوە و دانیشــــتوانی دێڵتــــاش لەم قۆنــــاغەدا زارەكــــی دەیانگواستەوە،
لەم قۆناغەدا خەڵكی دێڵتا نەیاندەزانی چۆن بنووسن تۆمار بكەن.
ئەو شتە گرنگەی كە دەمەوێت سەرنجی بۆ ڕابكێشم ئەوەیە كە ئەوانەی لە كەنـداو هەڵهـاتن، یادەوەرییەكانیشـیان لەگەڵ خۆیـان هەڵگرتبـوو، كە لەنـاو چیرۆكـی پـڕ لە خەیـاڵ و ویـژدان سـەبارەت بە بەهەشـتەكەیان و بەهەشـتی ونبوویـان، سـەبارەت بەو لافـاوەی كە خاكەكەیـانی خنكانـد، هەڵگرتبـوو ، و دەربـارەی ئەو حەوت دانـایەی كە شـارەكانیان دامەزرانـدبوو، ئەم فۆلـكلـۆرە داسـتان ئـامێزە ئەفسـانەییە بـوو كە دەبێـت لەگەڵ ئەو نەریـت و زانسـتانەدا تێكەڵاو بێت كە لە نـاوچەی دێڵتـا و لە نێـو دانیشـتووانەكەیدا زاڵ بـوون، كە ئانانا و تەموزیان دەناسی...هتد.
ئەم سـەریەككەوتن و تێكەڵبـوونە لە نێـوان ئەو دوو كولتـوورەدا، ئەوەیە كە دواجار ئەو شتەی بەرهەمهێنا كە بە كولتووری یسۆمەری، یان شارستانیەتی سۆمەری لە باشووری عێراق ناسراوە.
ئـێمە دەزانـین لەگەڵ تێپەڕبـوونی كـات و سـەریەككەوتنی كـۆمەڵایەتی و كولتـووری، جیـاوازیی نێـوان ئەو دوو تـوخمە تـواوەتەوە. گۆڕانكـاری بۆتە هـۆی ئەوەی یەک گەل یـان یەک ڕەگەزپێكبێـت. ئەوان سـۆمەرییەكانن، دانیشـتووی باشـووری عێراقـی كۆنن. مـن نـاتوانم لە لێـدوانی شوێنەوارناسـە بەریتانییەكەی سێر ماكس مـالۆوان قسەخۆشـتر بـم، كە دەڵێت: سۆمەرییەكان پێش ئەوەی بەڵگەنـامە نووسـراوەكانیان شـایەتحاڵییان بـۆ بـدەن، لە وڵاتەكەدا ئامادەبوون.
ئەو پرسـیارەی لە هەنـدێ بـازنەدا دێـتە ئـاراوە: ئایـا پەیوەنـدی لە نێـوان سۆمەرییە لەناوچووەكان و دانیشتوانی ئێستای زۆنگاوەكانی عێراقدا هەیە؟
هەوڵـدان لەلایەن ئەنترۆپۆلۆژیسـتەكانەوە بـۆ بەراوردكردنـی كەلەسـەری سـۆمەرییەكان كە لەلایەن پرۆفیسـۆر فـواد سـەفەرەوە لە گۆڕەكـانی ئێریـدو (نزیكەی ۱۰۰۰ كەلەسەر) و بەشێک لە كەلەسەرەكانی زۆنگاوەكانی عێراق بەراورد بكەن دەركەوت ، هەردوو كەلەسەرەكە سەر بە كەلەسەری مرۆڤـی ڕۆژهەڵاتـــی دەریـــای ناوەڕاســـتن پرایكســـیفالی (Praexiphalian)، بەو ڕەخـنەیە كە چەنـد كەلەسـەرێكی هاوچاخەكـان (نـزیكەی ٥%) سـەر بە كەلەسـەری مرۆڤـی ئاسیای ناوەڕاسـت (حەوزی ئینـدوس-سینـد) و مرۆڤـی


ڕۆژهەڵاتـی ئەفریقـایە، ئەمەش ڕەنـگە ئەوە بسـەلمێنێت بەشـێک (هەمـوویـان نیـیە) لە دانیشـتووان زۆنگاوەکـان سـەر بە باوباپیرانیـانن کە لە سـەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا بۆ کاری زۆرەملێ هێنرانە عێراق.

https://www.iraqinhistory.com/%D8%AF.-%D8%A8%D9%87%D9%86%D8%A7%D9%85-%D8%A7%D8%A8%D9%88-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%88%D9%81/2017-03-20-19-25-41#!/ccomment-comment=348




-(ماوه- خولی عوبێد  نزیکەی ٤٥٠٠ پ.ز – ٣٨٠٠ پ.ز
گردی ئەلعوبەید، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری ئور لە باشووری عێراق، دەوروبەری زی قار، ناوی خۆی بە گڵێنەی سەردەمی پێش مێژوویی بەردینی نوێ بەخشیوە، هەروەها ناوی خۆی بەخشیوە بە شارستانیەتی کالکۆلیتی کە نوێنەرایەتی یەکەمین نیشتەجێبوون دەکات ) .

**پ.ی.د.نەجم ئەڵوەنی دەنووسێت :**




پ.ی.د.نەجم ئەڵوەنی ، لە ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری،چ ٢، ٢٠١٦ ، ل ١٤-19 ،دەنووسێ:
لە باکووری مسیۆپۆتامیا بەگوێرەی ئاو و هەوای ناوچەکە چەند گوندێ لە قوڕ و بەرد بنیادنراوە، کۆنترین گوندیش کە لەو کەرەستانە دامەزرابێ زاوی چەمێیە کە ((٩٥ کم لە زێی گەورە و ٤ کم لە ڕۆژئاوای ئەشکەوتی شانەدەرەوە دوورە و دەکەوێتە سەر تەپۆڵکەیەک ڕووبەرەکەی نزیکەی ٢٧٥ × ٢١٥ م دەبێت)) (١٤، ل ٧٨). ئەم گوندە بە یەکەمین گوندی باکووری مسیۆپوتامیا دادەنرێت، هەروەها دواتر پاشماوەی گوندی چەرمۆ دۆزراوەتەوە کە گوندێکی کشتوکاڵییە و ((مێژووی ئاواکردنی بۆ ٧٠٠٠ ساڵی پ. ز دەگەڕێتەوە، بەڵام لەم گوندەدا پاشماوەی ٣٠- ٤٠ خانووبەرە و چەند جۆرە دانەوێڵەیەکی وەکو گەنم و جۆ و نیسک کە بۆ چاندن دەشێن، جگە لە ئێسکی هەندێ ئاژەڵی ماڵیکراو وەکو بزن و مەڕ دۆزراوەتەوە و

لەوانەیە ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی ١٥٠- ٢٠٠ کەس بووبێ)) (١٤، ل٨٢). هەرچی پەیوەندی بە باشووری مسیۆپۆتامیاوەیە ئەوا تا پێش هاتنی چەرخی بەردینی کانیی (٦٠٠٠ ساڵی پ. ز) هیچ جۆرە شارستانیەتێکی تێدا نەبووە و ((کۆنترین شوێنی جێنشینی مرۆڤ لەو شوێنەدا بەگوێرەی ئەو بەڵگە ئارکیۆلۆجیبیانەی دەستمان کەوتووە بۆ ماوەی نێوان (٦٠٠٠- ٥٠٠٠) ساڵی پ. ز دەگەڕێتەوە)) (١٤، ل٩)، هەروەها ((کۆنترین خانووبەرەی باشوور بۆ خولی (العبید) کە بە خولی ئەریدۆ ناسراوە بۆ (٥٠٠٠- ٤٠٠٠ ساڵی پ. ز) دەگەڕێتەوە)) (٧، ل ٨٥)، کەچی پێش ئەو مێژووە ((مەڵبەندی جێنشینی مرۆڤ تەنیا لە باکووری عێراقدا هەبووە)) (٧، ل ٨٥). بەپێی ئەم بۆچوونە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە کۆچکردنی شەپۆڵی یەکەمی خەڵکی باکوور بەرەو باشووری مسیۆپۆتامیا شارستانیەت لەوێ دەستپێکردووە و لەمبارەیەوە د. مورتگات دەڵێ: ((مەڵبەندی رابەرایەتی پەرەسەندنی شارستانیەتی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی ڕۆژهەڵاتی خواروو لە بەشی باکووری وڵاتی مسیۆپۆتامیادا بووە، بەڵام پاش چەرخی بەردینی کانی ئەو بارە گۆڕاوە و ئیتر باشووریش وەکو ئەو هەنگاوی ناوە و ئەو هۆکارانەی شارستانییەت لە سەردەمی (العبید) لە سنووری ساڵی ٥٠٠٠ پ. ز لە باکووری دۆڵی مسیۆپۆتامیاوە بەرەو باشوور گوێزراوەتەوە و خولی (العبید) ڕۆڵی یەکەم خولی جێنشینی مرۆڤی لە دەشتە لیتەییەکانی باشووری عێراقدا گێڕاوە)) (٣، ل١٣٣- ١٤١).

لەبەر کەمی باران کە یارمەتی کشتوکاڵکردنی نەدەدا، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی چاخی بەردینی نوێ ((لە سنووری ٦٠٠٠ ساڵی پ. ز دا، مرۆڤ ناچار بووە گوندەکەی بەجێبهێڵێ و لە باکوورەوە بەرەو باشووری عێراق کۆچ بکات و لە ڕۆخی ڕووبارە گەورەکان نەخوازە فورات سەرەڕای دژواری ئەو کۆچکردنە نیشتەجێ ببێ و پاش ئەوەی توانی ڕووبارەکان دەستەمۆ بکات و دەزگای ئاودێری دروست بکات و هۆکاری خۆپاراستن لە لافاو دابمەزرێنێ)) (١٤، ل١١). ئەو کۆمەڵە کۆچکردووانە کە پاشان بەناوی سۆمەرییەکانەوە ناوبانگیان دەرکرد، بوون بە خاوەنی گەورەترین شارستانیەتی ئەم ناوچەیە. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە نیشتمانی یەکەمی ئەم گەلە باکووری مسیۆپۆتامیایە، بەتایبەتی هەرێمە شاخاوییەکان. بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم بۆچوونەش باشتروایە پەنا بۆ ئەو

قسەیەی (سامۆئیل هێنری کووک) بەرین کە دەڵێ: ((سۆمەرییەکان لە ناوچە چیاییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشووری مسیۆپۆتامیا هاتوون)) (١١، ل٣)، هەروەها ئەو بۆچوونەی د. پاکیزە رەفیق حیلمی کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ((مەڵبەندی یەکەمی ڕەچەڵەکی ئەوان چیاکانی زاگرۆس بووە و پاشان لە قۆناغی دووەمدا بەرەو ڕۆخی ڕووبارەکانی وڵاتی مسیۆپۆتامیا کۆچیان کردووە)) (٣٠، ل ١٣٧، ژ ١١١).

زمانی سۆمەرییەکان
وەکو چۆن نیشتمانی ئەم گەلە تا ئێستا بوو بووە گرێکوێرەی باس و لێکۆڵینەوەی مێژووناسان بەوشێوەیەش زمانی ئەوان کۆمەڵێ گیروگرفتی دروست کردووە بۆ ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەن دەربارەی ئەم بابەتە. هەندێ باوەڕیان وایە زمانی ئەم گەلە لە گرووپی زمانە سامییەکانە، کەچی هەندێ مێژووناس دەڵێن: ((ئەو جیاوازییەی زمانی سامی و سۆمەری لێکجیادەکاتەوە ئەوەیە کە زمانی سامییەکان ڕەسەنە و لە سروش و ژینگەی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام زمانی سۆمەرییەکان بێگانەیە و ناچێتەوە سەر هیچ گرووپێکی ناسراوی زمانی)) (٣، ل١٩٦). کار بەوەندەوە نەوەستاوە، بەڵکو هەندێ دەڵێن: ((ئێمە ناتوانین زمانی سۆمەری بۆ هەریەک لە زمانە هیندۆ- ئۆرۆپی یاخود زمانە سامییانە بگەڕێنینەوە، چونکە ئەو زمانە نامۆیە و هەروەها بە دیاردەی پێکەوەلکان ناسراوە)) (٢٦، ل ٥٦)، جگە لەو بۆچوونانە کە باسکران جۆرە بەراوردێک لە نێوان زمانی سۆمەری و خێزانە زمانی (ئۆرال- ئەڵتای)دا کراوە کە زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی سەروو، هەروەها زمانە (تورکی و تورکمانییەکان) لەوانن، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوتووە کە ((سەرەڕای ئەوەی لە دیاردەی پێکەوەلکان هەندێ ڕووی لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە لەگەڵ ئەوەش زمانی سۆمەری ناچێتەوە سەر ئەم خێزانە زمانییەش)) (١٣، ل٢٦ و ١٢، ل ٤٤). پاش باسکردنی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەی کە دەربارەی زمانی سۆمەرییەکان لە ئارادان، بۆمان هەیە ئەم پرسیارە بکەین کە ئایا زمانی ئەو گەلە بۆ کام کۆمەڵە خێزانی زمانە جیهانییەکان دەگەڕێتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: لەوانەیە ((ئەم زمانە یەکێک بێ لە زمانە هیندۆ- ئۆرۆپی- بەشی هیندۆ ئێرانییەکان)) (٣٠، ل ١٣٧، ژ ١١١)، چونکە ((مەڵبەندی یەکەمی ئەوان نیشتمانی گەلە

ئارییەکانە و دوای هاتنیان بۆ ڕۆخی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات کە مەڵبەندی دووەمیانە بە بەڵگەی ئارکیۆلۆجی و فیلۆلوجی تۆمار کراو لە هەزارەی سێهەمی پ. ز بە بۆنەی بازرگانییەوە بە دەریادا چوون بۆ هیندستان و لە دۆڵی (سند)دا ئاوەدانییەکی سەر بە ئارییان دامەزراندووە)) (٣٠، ل ٢١٤، ژ ١١٣)، بێجگە لەوەش یاساکانی وشەسازی، بەتایبەتی وشە لێکدراوی ئەم زمانە لە گەڵێ ڕووەوە لە هەمان یاسای دارشتنی وشەی لێکدراوی زمانی کوردی دەچێ، لەبەرئەوەی زمانی کودریش سەر بە خێزانی هیندۆ-ئێرانییە، بۆیە دەتوانین بڵێین لەوانەیە زمانی سۆمەریش سەر بە هەمان کۆمەڵە خێزانی زمانی بێ، بۆ نموونە:

وشەی لێکداراوی کوردی وشەی لێکداراوی سۆمەری

دڵ پاک دڵپاک لۆ- پیاو کال- مەزن
یان شکۆدار
لۆکال- پیاوی مەزن یاخود پادشاه

کرێ کار کرێکار ئان -خواوەندی ئاسمان
کی -خواوەندی زەوی
ئانکی -خواوەندی حیکمەت


دڵ خواز دڵخواز کور- چیا، زەوی
کال- مەزن یان شکۆدار
کورکال- چیای مەزن زەوی شکۆدار

سەرچاوەکان :

-پ.ی.د.نەجم ئەڵوەنی ،ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری،چ ٢، ٢٠١٦ ، چ ١ ، ١٩٩٧
-د.پاکزە ڕەفیق حلمی ،زانیاریی زمان و زماتی کوردی ،بەشی ١و٢، گۆڤاری رۆشنبیریی نوێ ژ ١١١-١١٣، بەغدا،١٩٨٧.(٣٠)
-طه باقر ، ملحمة كلكامش ،گ ٥ ، بغداد العراق، ١٩٨٧ (١٣)
-صموئيل هنرى كوك، الاساطير فى بلاد مابين النهرين،ت.داود عبدالقادر،بغداد،١٩٦٨.(٧)
-طه باقر واخرون ،تاريخ العراق القديم ،ج ١ ،اربيل ،١٩٨٧ . (١٤)
-د.احمد سوسة،تاريخ حضاره وادى الرافدين ،ج١، بغداد، ١٩٨٣.(٣)
-محفوظ صالح مخير،مبادئ الاثار السياحيه، بغداد العراق، ١٩٨٨.(٢٦)

## هاوڕێ باخەوان

**هاوڕێ باخەوان،** لە **(هاوڕێ باخەوان ،کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە،لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکارییە کە لە دۆزی سۆمەرییەکان دەکۆڵێتەوە و ڕەسەنیان دەیباتەوە سەر چیاکانی کوردستان،ئاراس،٢٠٠٣.)** دەنووسێت:




بردنەوەی ڕەسەنی سۆمەرییەکان بۆ چیاکانی کوردستان بەشێوەیەکی زانستانە، بەرپەرچدانەوەیەکی هەموو ئەو زانا و مێژوونووسە ئارکیۆلۆژیستانەیە کە بە ڕەسەنی ئەم سۆمەرییانەیان دەگوت: (کێشە و ئەندێشە و تەراویلکە)، ئەمە جگە لەوەی کە ئێمەی کورد هەروەکو چۆن شانازی بەوەوە دەکەین کە نیشتمانە دێرینەکەمان یەکەمین شوێنەوارە لە جیهاندا کە کشتوکاڵی تێدا کرابێت و یەکەمین گوندی نیشتەنیی تێدا هاتبێتە بوون.. ل ٧

گواستنەوەی شارستانی لە کوردستانەوە بۆ باشووری میزۆپۆتامیا

هەروەک لە پێشەوە باس کرا، کە چیاکانی زاگرۆس هەر لە کۆنەوە شانەدەرییەکانی تێدا ژیاوە و ئەمانیش بەپێی هۆش و توانا و بارودۆخی ئەو سەردەمەی خۆیان هەوڵی دروستکردنی شارستانێتییان داوە. ئەمەش بەهۆی ئەو بەڵگە مادییە ئارکیۆلۆژییانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ئەشکەوت و ناوچەکانی وەک بەردەبەڵەک و هەزارمێرد و بێستون و شانەدەر و گۆڕاییەنەوە بەدەستمان گەیشتووە.

شانەدەرییەکان بە گوندەکانی زاوی چەمی و چەرمووەوە نەوەستان، هەروەکو چۆن لە ئەشکەوتەکانی شانەدەر و زەرزی و هەزارمێرد و سەدانی تریشدا هاتنە دەرەوە.

لە پاش تەکنیک کردنی کشتوکاڵ بەشێوەیەکی لەوسا پێشکەوتووتر و پێشکەوتنیان لە شێوازی ژیان و کاروباری ڕۆژانەیاندا، ئەمجارە هەندێکیان بە یەکجاری چیاکانیان بەجێهێشت و بەرەو دەشتەکانی هەولێر و موسڵ و ڕووباری سیروان خشان.

لە پێش ئەوەی کە سۆمەرییەکان و سامییەکان لە باشووری وڵاتی میزۆپۆتامیادا نیشتەجێ ببن، چەند نەتەوەیەکی تر لەو ناوچانەدا ژیاون کە زۆربەی نێوی شارە مێژووییەکان و تەنانەت نێوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕاتیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەتەوانە، چونکە نێوی ئەو ڕووبارانە نە سۆمەریین و نە سامین، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە دەشتی لیتەییدا پێش سۆمەرییەکان واتە لە نێوان هەزارەی شەش و پێنجی پێش زاییندا نیشتەجێ بوون. زانای ئارکیۆلۆژی (لاندز بێرکەر) یەکەم کەس بوو کە دەربارەی ئەم نەتەوانە لێکۆڵینەوەی کردووە و نێو (فوڕاتییە سەرەتاییەکان)ی لێ ناون، ئەوەی شایانی باس بێت ئەم فوڕاتییە کۆنانە بەپێی ڕای مامۆستا (گێلْپ) لە سۆمەرییەکان زێتر شارستانییەکەیان ڕەسەنتر بووە. زۆر لە وشەکانی زمانی ئەم فوڕاتییە سەرەتاییانە پەڕیونەتە نێو زمانی سۆمەرییەکانەوە کە ڕەسەنی ئەو وشانە هی فوڕاتییە سەرەتاییەکانن، لەوانە:ل٣٢

| | | |
|---|---|---|
| ئنگار | ENGAR | جووتیار |
| ئاپن | APN | گاسن |
| نمبار | NIMBAR | دارخورما |
| دەمگار | DAMGAR | بازرگان |
| سمەگ | SIMUG | ئاسنگەر |

لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو وشانەدا هەست بە نامۆییەکی ئەوتۆ لەگەڵ بەرامبەرەکانیاندا لە زمانی کوردیدا ناکەین. هەروەها چەندین نێوی شارەکانی دەشتی لیتەیی کە لە زمانی سۆمەریدا هەبوون لە ڕاستیدا سۆمەری نین و ڕەسەنیان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی فوڕاتییە سەرەتاییەکان، لەوانە:

| | | |
|---|---|---|
| ئاریدۆ | ERIDU | (ئەبو شەهرەین)ی ئێستا |
| ئور | URIM | |
| ئۆڕۆک | URUK | |
| لارسام | LARSAM | لارسە |
| گرسۆ | GIRSU | |
| لەگاشۆ | LAGASHU | |
| نینا | NINA | |
| شروپاک | SHURUPPAK | |

ئەمانە و چەندین زاراوە و نێوی شار و گوندی تریش، بۆ نموونە: هەردوو نێوی دیجلە (ئێدیگنا- IDIGNA) و فوڕات (بوڕانون- BURANUN)یش بۆ ئەم فوڕاتییە سەرەتاییانە دەگەڕێنەوە. ل٣٣ ، تەها باقر،ل ٧٧و٧٨

مامۆستایان (جین بۆترۆ و ئێلینا کاشن و جین ڤێرکۆتەر) لە کتێبە هاوبەشەکەی خۆیاندا (خۆرهەڵاتی نزیک و شارستانییە کۆنەکان) دەربارەی ئەم فوڕاتییە سەرەتاییانە دەڵێن: (هەندێک بەڵگەی یەکەمیان نیشتمانی ئەم نەتەوانەمان لایە و پاشەڕۆکە مادییەکانیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پەیوەندی ڕۆشنبیرییان لەگەڵ وڵاتی ئیلامدا هەبوویێت، هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەم نەتەوانە بە چینەکانی گردی خەڵەفی باکووری میزوپۆتامیاشدا پەیوەندییان هەیە. ب.لا ٤٦ ، جین پۆترۆ،الشرق الادنی والحچارات المبکرە،موێل،١٩٨٦. بەهەر حاڵ ئیلام بێت یان گردی خەڵەف هەردووکیان دوو ناوچەی چیاکانی زاگرۆسی کوردستانن.ل ٣٤

هێندێک لە مێژوونووسان دەڵێن کە سۆمەرییەکان کاتی خۆی لە ناوچەکانی دۆڵی (سند)ی هیندستانەوە بە ئێران و ناوچەی کەنداودا کۆچیان کردووە و نیشتەجێی دەشتی لیتەیی بوون. هەروەها هێندێکی تریان ڕەسەنیان دەگەڕێننەوە بۆ باشووری بلوخستان.ل٤٧

ئەوەی وای لەو مێژوونووسانە کردووە کە ڕەسەنی سۆمەرییەکان بەرنەوە سەر دۆڵی سند کە نەتەوەکانی هەراپای تێدا ژیاوە، لە یەکچوونی ئەو کەرەستە هونەری و شارستانییانەیە کە لە هەردوو ناوچەکەدا دۆزراوەتەوە، بەڵام پەیوەندیی زمانەوانیی نێوان سۆمەرییەکان و ناوچەی دۆڵی سند هێشتا ڕوون نەبۆتەوە بەهۆی نەدۆزینەوەی هێماکانی نووسینی ئەم ناوچەیە. ل٤٧

دەربارەی بردنەوەی ڕەسەنی سۆمەرییەکان بۆ ناوچەکانی دۆڵی سند، پرۆفیسۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی دەڵێت: ساخ بۆتەوە کە ئارییە هیندییەکانی هندستان کە زمانەکەیان ناونراوە (سانسکریتی) سۆمەری بوون و لە وڵاتی سۆمەرەوە چوون بۆ هندستان نەک بە پێچەوانەی ئەوە و ئەمە بە بەڵگەی ئارکیۆلۆجی و فیلۆلۆجییەوە تۆمار کراوە. کە لە هەزارەی سێیەمدا سۆمەرییەکان بە بۆنەی بازرگانییەوە- بە دەریادا چوون بۆ هندستان لە دۆڵی (سندو)دا ئاوەدانییێکی سەر بە ئارییان دامەزراندووە، دوای ئەوە هەر بەشێک لە نەتەوە ئارییەکان کە لاموایە (ماد) بوون لە هەزارەی دووەمدا لە ئەفغانستانەوە دیسان چوون بۆ هندستان و لەوێدا بەناوی (ئاری)یەوە ژیاون کە لەو دەمەدا ئیتر هەموو نەتەوە ئارییەکان ناسراون وەک میتانی و خوری و، زمانی ئەم ئارییانە بوو کە ناونرا سانسکریتی و بوو بەهۆی دۆزینەوەی خزمایەتی زمانە ئارییەکان و دابەشکردنی زمانان بەگوێرەی ئەو خزمایەتییە ناونانی زمانە هندو ئەوروپاییەکان کە من ناوم نان (ئاریا ئەوروپی). ل٤٧-٤٨

، ب.لا.٤٦، جین پۆترۆ،الشرق الادنی والحچارات المبکره،موێل،١٩٨٦.

لە ساڵی ١٩٧٤ دکتۆر (بەندەک) لە زانکۆی (پۆینس ئیرس) لە کتێبەکەیدا بەنێونیشانی (الاعجوبه السومریه- سەیر و سەمەرەی سۆمەرییەکان)دا لە ڕەسەنی سۆمەرییەکان دواوە، کە زۆر بەراشکاوییەوە دەڵێت سۆمەرییەکان لە هەنگاریاوە کۆچیان بۆ دەشتی لیتەیی کردووە و لە هەموو سەیرتر ئەوەیە کە لە کتێبەکەیدا لیستەیەکی تێدایە کە دەیان زاراوەی سۆمەریی تیا کۆکردووەتەوە کە لە زمانی هەنگاریشدا بە هەمان واتا و بە هەمان فۆنەتیک

بەکاردەهێنرێن، د. بەندەک لە کتێبەکەیدا نەخشەیەکیشی دروست کردووە کە تێیدا کۆچکردنی سۆمەرییەکان دەردەخات لە ناوچەکانی هەنگاریا و رۆماندا بۆ ئەنەدۆڵ و باکووری فورات و پاشان دابەزینیان بۆ دەشتی لیتەیی کە بە وڵاتی سۆمەر ناسراوە.ل٤٨،(٦) ب. س. پ. لا، ٢٧، د. فاچل عبدالواحد علی.

هێندێکی تر لە زانایان سۆمەرییەکان دەبەنەوە سەر نەتەوەی باسک و چەند بەڵگەیەکی بێ هێزی زمانەوانیشی بۆ دێننەوە، ئەوەی شایانی باس بێت هەموو ئەو رایانە کە باس کران هیچیان جێی بڕواو متمانە نین، چونکە ساغکردنەوەی دۆزێکی وا پێویستیی بە زۆر بەڵگەی مادیی بنەبڕ هەیە کە ئەو کێشەیە یەکلا بکاتەوە، تەنانەت ئەو زانایانەی کە خاوەنی ئەو رایە باسکراوانەن خۆشیان گومانیان لە راکانیان هەیە و دوودڵن لێی. ل٤٨
ڕەسەنی سۆمەرییەکان یاخود کێشەی سۆمەرییەکان وای لێهاتووە کە خۆرهەڵاتناسی بەنێوبانگ (H. FRANKFOOT) بڵێت: لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لەسەر ئەم کێشەیە لەوانەیە لە کۆتاییدا ببێتە شوێنکەوتنی ئەندێشە و تەراویلکە کە بەهیچ جۆرێک بوونی نییە!. ل٤٨،(٧) ب. س. پ. لا، ١٢٣ جۆرج رۆ.

بەڵام ئەم رایەی کە زۆرترینی هەموو مێژوونووس و ئارکیۆلۆژییەکانی جیهان لەسەری رێککەوتبن ئەوەیە کە ڕەسەنی سۆمەرییەکان دەبەنەوە سەر چیاکانی زاگرۆسی کوردستان. ئەم ڕایەی کە ڕەسەنی سۆمەرییەکانی دەبردرێتەوە سەر زێتر لە هەموو رایەکانی دیکە لەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێت بەهۆی ئەو بەڵگە مادی و گیانی و کەرەستە ئارکیۆلۆژییانەی پشتگیریی ئەم ڕایە دەکەن هەروەکو لە کۆتایی ئەم باسەدا بە درێژی باسیان لێوە دەکەم.
زانای بەنێوبانگی ئارکیۆلۆژی: جۆرج رۆ دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەڵێت: ((دانیشتوانی (عوبید) وا دەردەکەوێت کە لە ئێرانەوە هاتبن- دیارە مەبەستی باکووری خۆرئاوا و خۆرئاوای ئێرانە کە کوردستانی بن دەستی ئێرانە- هەروەها هەندێک بەڵگە هەیە ئەوە دەردەخات کە لە باکووری عێراقەوە (باشووری کوردستان)ـەوە هاتبن و ناوچەکەیان گرتووە و یاساکانی خۆیانیان بەسەر دانیشتووانە هەرە کۆنەکانی ئەم ناوچانەدا سەپاندووە. لەلایەکی ترەوە

فەخفورییەکـــانی ئاریـــدۆ ئەوە دەردەخـــات کە دانیشـــتووانە ســـەرەتاییەکانی باشووری عێراق ڕەسەنیان دەگەڕێتەوە بۆ عەبید و خەڵەفییەکانی باکوور، -مەبەسـتی باشـووری کوردسـتان-، پاشـان دەڵێـت: بەدڵنیـاییەوە خەڵەفییەکـان بـریتین لە کشـتیارەکانی حەسـوونە و چەرمـووی چـاخی بەردینــی نـویێ کە کۆچیان بۆ ئەو ناوچانە کردووە)). ل ٤٩، (٨) ب. س. پ. لا، ١٢٣.

دکتـۆر فەوزی رەشـید: مامۆسـتای زمـانی سـۆمەری لە کتێـبەکەی خۆیـدا (ڕێزمـانی سۆمەری) دەڵێت: ((ئێمە لەو بڕوایەداین کە سۆمەرییەکان هەر دانیشتووانی بەشە باکوورییەکانی عێراق بن- مەبەستی باشووری کوردستانە- و هـاتوونەتە ناوچەکـانی باشـوور و بەشـێوەی کـۆمەڵ کـۆمەڵ و بەهـۆی زۆربـوونی دانیشـتووانی بەشـە باکوورییەکـان کوردسـتان- لەکـاتی هەردوو شارسـتانیی سـامەڕا و خەڵەف، کە ڕێـژەی کەرەسـتە خۆراکییەکـان بەشـی نەکردوون کە ناوچەکە هێناویەتییە بەرهەم، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم زێدە دانیشتوانانە بەرە باشوور کۆچ بـکەن)). ل ٤٩،(١٠) ب. لا، ٢٦، د. فوزی رشید، قواعد اللغه السومریه.

هەروەهـــا دکتـــۆر ســـوبحی ئەنـــوەر رەشـــیدیش دەڵێـــت: ((پاشـــەڕۆکە ئارکیۆلۆژییەکـــان ســـەلماندوویەتی کە ئەمـــانە- ســـۆمەرییەکان- ڕەســـەنیان دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو نەتەوانەی کە لە چاخەکـانی پێش مێـژووەوە لە عێراقـدا ژیاون- دیارە مەبەستی بەشی باکوورێتی کە ئەویش کوردستانە- و لە چاخە مێژووییەکاندا بە سۆمەرییەکان ناسراون بەهۆی ئەو شوێنە جوگرافییەی کە تێیدا کۆبوونەتەوە لە بەشی باشووری عێراقدا)).ل٥٠، (١١) ب. س. پ. لا، ٤٤٥، العراق فی موکب الحضارة.

دکتـۆر یوسـف حبـی ، لە کتێبەکەیـدا (مـرۆڤ لە ئەدەبـی دۆڵـێ رافیـدەین)دا دەڵێـت: ((هەڵـبەتە ڕەسـەنی سـۆمەرییەکان چیاکـانە، لەبەرئەوەی جلەکانیـان خـوری بـووە و پیشەسازیشـیان لە مـس بـووە)). ل٥٠(١٢) ب. لا، ٤٥، د. یوسف حبي، الإنسان فی أدب وادی الرافدین، بغداد، ١٩٨٠.

پسپۆڕی ئاڕکیۆلۆژی (هندکۆک) لە کتێبەکەی خۆیدا (شوێنەوارەکانی دۆڵی رافیدەین)، ڕەسەنی سۆمەرییەکان دەباتەوە سەر ناوچەی ئیلام. واتە چیاکانی زاگرۆسی خۆرهەڵاتی کوردستان. پاشان دەڵێت: ((سۆمەرییەکان و ئیلامییەکان بە زمانێک گفتوگۆ دەکەن کە سامی نییە و هەردوولایان فەرهەنگیان هەبووە و هەردوو لایان نووسینی مێخییان بەکارهێناوە)). ل٥٠، (١٤) ب. س. پ. لا، ٣٦٩.

هەروەها مامۆستا (لون) لە کتێبەکەی خۆیدا (چیرۆکی مرۆڤ)، دەڵێت ((.. لە پاش چەند ساڵێک و- دوای لافاوە مەزنەکە- سۆمەرییەکان لە باکوورەوە- لە کوردستانەوە- هاتن. ئەمانە لە توخمی سپین و کاتی خۆی لە چیاکاندا نیشتەجێ بوون، وا ڕاهاتوون کە خوداوەندەکانیان لەسەر لووتکەی گردەکان (زەکوڕەکان) بپەرستن و پەرستگاکانیان لەسەر دروست بکەن)). ل٥٠
پڕۆفیسۆر فازیل عەبدولواحید عەلی، مامۆستای سۆمەرییەکان لە کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا دەربارەی ڕەسەنی سۆمەرییەکان دەڵێت: ((ئێمە وای دەبینین کە سۆمەرییەکان بەردەوامیی ئەو نەتەوانە بن کە لە چاخەکانی پێش مێژووەوە لە دۆڵی رافیدەیندا نیشتەجێ بوون کە لە باکووری وڵاتەوە- مەبەستی باشووری کوردستانە- بەرەو باشوور بەرەو خوار بوونەتەوە و لەو ناوچەیەدا کەوا راستترە نێوی سۆمەریی پێ بگوترێت نیشتەجێ بوون کە سۆمەرییەکان خۆشیان بەنێوی ئەو شوێنەوە ناسراون لە چاخە مێژووییەکانی دواییدا)). ل٥١، (١٥) ب. س. پ. لا، ٦٨- ٦٩، العراق فی التاریخ.

هەروەها دکتۆر سامی سەعید ئەحمەد لە کتێبەکەی خۆیدا دەربارەی ڕەسەنی سۆمەرییەکان دەڵێت: ((سۆمەرییەکان دانیشتووانی عێراق خۆیین کە لە ناوچەکانی باکوور- مەبەستی باشووری کوردستانە- نیشتەجێ بوون پێش ئەوەی بەرەو باشوور کۆچ بکەن)). ل٥١، (١٦) ب. س. پ. لا، ٢٣٠، جۆرج رۆ.

زانا کوردەکان کەسی وایان لە ڕەسەنی ئەم سۆمەرییانە نەدواون، تەنها پڕۆفیسۆری زانای زمان د. پاکیزە رەفیق حیلمی نەبێت کە لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا دەربارەی سۆمەرییەکان نەک هەر دەیانباتەوە سەر چیاکانی

کوردستان، بەڵکو باسی ئاری بوونی ئەم سۆمەرییانەش دەکات،(١٧) ب. لا، ١٠، د. پاکیزە رەفیق حیلمی، گۆڤاری کاروان ژمارە، ٦٢. دەربارەی ئاری بوونی ئەم سۆمەرییانە، هەرچەندە چەند بەڵگەیەکی بەهێز پشتگیریی ناکات! بەڵام پێش د. پاکیزە، مامۆستا (وادن)ی زانکۆی لەندەنیش، هەر ڕای وابووە کە سۆمەرییەکان ئاری ڕەگەز بوون. ل٥١،(١٨) ب. لا، ٦، احسان نوری، تاریخ ریشە نژادی کرد، ناشر: کتاب فروشی بزرک سیدیان، چاپخانە پیروز، ١٣٦١ هەتاوی.


ئەمانەو چەندین زاراوەو نێوی شار و گوندی تریش،بۆ نموونە هەردوو نێوی دیجلە (ئێدیگنا IDIGNA) و فوڕات ( بوڕانون- BURANUN) یش بۆ ئەم فوراتییە سەرەتاییانە دەگەڕێتەوە،ل ٣٣ ،ب.س.پ.لا٧٧ و٧٨ ،تەها باقر. لە وشەی (بۆران)ی کوردییەوە نزیکە، دیارە ڕووباری فوڕات زستانان بەهۆی بەفر و بارانی زۆرەوە لە ئاستی ئاسایی خۆی بەرز دەبێتەوە و لافاوی تێدا هەڵدەستێت، لە کوردەواریی خۆشماندا باوبۆران هەر بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت، جا وشەی بۆڕانۆنی فوڕاتییە سەرەتاییەکان و بۆڕانی کوردی هەریەک واتا دەبەخشن کە پێموایە ڕەسەنیان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی کوردستانییە کۆنەکان، ئەم بەڵگە زمانەوانییە زێتر کوردستانی بوونی فوڕاتییە سەرەتاییەکانمان بۆ دەردەخات. نێوی ئەو شارانە و سەدانی تریش کە نێوبران لە پێش سۆمەرییەکاندا نیشتەجێی دەشتی لیتەیی بوون بە ماوەیەکی دوور، دەربارەی ڕەسەنی ئەم فوڕاتییە کۆنانە و یەکەمین نیشتمانیان کە کۆچیان لێوەی کردبێت، لە چیاکانی زاگرۆس و کوردستان بەولاوە هیچ ناوچەیەکی تر نییە، چونکە ئاشکرایە چیاکانی زاگرۆس لە هەموو ناوچەیەکی تر نزیکترە بۆ دەشتی لیتەیی لە باشووری میزۆپۆتامیا، جگە لەوەی کە شارستانێتیی ئەم فوڕاتییە سەرەتاییانە تا ڕادەیەک شارستانییەکی پێشکەوتوو بووە. ئەگەر بێت و نیشتمانی یەکەمینیان خاوەن شارستانییەکی پێشکەوتوو نەبووبێت هەرگیز نەیاندەتوانی لەو ناوچە تەختانییەدا گوزەران بکەن و ئەو هەموو شارە بنیاد بنێن؟!ل ٣٤


تەورات کتێبی پیرۆزی جوولەکەکان، وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی کۆن هەر لە دەمێکەوە مێژوونووسان بەکاریان هێناوە، لەبەرئەوەی نێو زۆربەی شارەکان و پادشا کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی تێدا هاتووە، بەڵام ئەم کتێبە بەهیچ جۆرێک نێو سۆمەرییەکانی نەبردووە، تاکە وشە کە لە سۆمەرەوە

نزیک بێت و له تەوراتدا هەبێت وشەی (شنعار)ـە کە ئەویش لەو بڕوایە دام پەیوەندیی بە سۆمەر و سۆمەرییەکانەوە نەبێت. ئەم وشەیە زۆر لە (ژەنگار-شنگار)ـەوە نزیکە، کە هەر لە کۆنەوە نیشتمانی کوردە یەزیدییەکان بووە، بەڵام هەر لە تەورات دا زاراوەی (کوش) هاتووە کە مەبەست لە کاشییەکانە و ڕەگەزێکی کۆنە کە لە کوردستان دا ژیاون.ل ٤٦

هاوڕێ باخەوان ،کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە لێکـــۆڵینەوەیەکی مێژوویـــی بەراوردکـــارییە کە لە دۆزی ســـۆمەرییەکان دەکۆڵێتەوە و ڕەسەنیان دەیباتەوە سەر چیاکانی کوردستان،ئاراس،٢٠٠٣.

## بنەچەی سۆمەرییەکان






ئەم پاشا-پێشگۆیە و هاوڕێکەی خۆراک  بە مەڕەکانی پەرسگە دەدەن. سەردەمی ئوروک،
نزیکەی ١٩٩٠. ٣٢٠٠ پێش زایین

سەرهەڵدانی شارستانیەتی سۆمەری، بەڕاستی بە گەورەترین شارستانییەتی دادەنرێت لە مێژووی کۆندا لەسەر خاکی عێراق دامەزراوە سەری لە ژمارەیەک توێژەری شێواندوە و لەوکاتیدا نەیانتوانیوە بیرلەوە بکەنەوە کە دانیشتوانی ئەم پارچە خاکە،لەسەردەمی خۆیاندا توانستی ئەوەیان هەبووە شارستانیەتێکی وا مەزن دروست بکەن، کە شایەتحاڵی لەدایک بوونی هەموو لقەکانی زانست و پەرەسەندنی هەموو جۆرە هونەرێک بێت و خۆری ئەو شارستانییەتە نەک هەر دەشت و دەراوی دوو ڕووبارە گەورەکەی ڕۆشن کردۆتەوە، دیجلە و فورات، بەڵکو هەموو ناوچەکانی دەوروبەری ڕووناک کردەوە.
ڕاستییەکە ئەوەیە کە سەرچاوەی ئەم سەرلێشێواوییە لای هەندێک لە توێژەران وا دیارە تەنها بۆ هۆکارە دەروونییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە لەو ماوەیەدا کە یەکەم نیشانەکانی ئەو شارستانییەتە دۆزرایەوە، کە پێشتر باسمان کرد، عێراق لە ژێر باودرخێکی گەورەی نەزانی و هەژاری و دواکەوتوویدا دەیناڵاند. بۆیە بە نائاگاییەوە پێیان وابوو دانیشتوانی ئەم وڵاتە دواکەوتووانە باپیرانیان ناتوانن ببنە خاوەن ئەو شارستانییەتە مەزنە. بەم پێیە پێشوەختە گریمانەیان کردووە کە گەلی سۆمەری دەبێ لە بنجدا لە شوێنێکی ترەوە بووبێت  وبەکۆچەری هاتبێتە ئەم پارچە زەوییە...
دوای ئەم گریمانەیە دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای بەڵگەدا کە ڕەنگە پشتگیری لەم باوەڕە بکات،ئەم باوەڕەی بەڵگەی ماددی تەواو قبوڵکراوی نییە. چونکە ئەو هۆکارەی کە هەندێک لە پسپۆڕان بە مەبەستی بانگەشەی

ئەوەی کە سۆمەرییەکان دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە نەبوون دروستیان کردووە،



$^{d}$nin - gír - su  ur - sag - kal - ga  $^{d}$en - líl - lá - ra

« من أجل الاله ننكرسو البطل القوي للاله انليل » ( انظر stat. B II I-3 ) .

igi mu - lugala - ni - ir $u_4$ - ne maš - $gi_6$ - ka gù - dé - a en $^{d}$nin - gír - su - ra

gù - dé - a ni - $du_8$ - àm <* lugal - a - ni - ra $u_4$ - ne maš - $gi_6$ - ak - a

en $^{d}$nin - gír - su - ra igi - mu - ni - $du_8$ - àm

« وجه كوديا نظره فى هذا اليوم في المنام الى ملكه السيد ننكرسو» ومعنى الجملة «أن كوديا قد رأى ملكه السيد ننكرسو فى المنام هذا اليوم » . ( zyl. A I 17 - 18 )



مۆرێکی لوولەیی
کۆنی بابلی پاشا
پێشباری بە
شەماش دەدات.
نەخشی ئەم مۆرە
ئاماژەیە بۆ ئەوەی
کە لە سیپار
دروستکراوە

دەرکەوتنی نووسینی مێخی بووە و دەرکەوتنی مۆری لوولەییە، لە قۆناغی دووەمی سەردەمی وەرکاء کە لە دەوروبەری ٣٥٠٠ پێش زایین دەست پێدەکات. چونکە دەرکەوتنی ئەو دوو داهێنانەیان وەک بەڵگەیەک وەرگرتووە کە لە قۆناغی دووەمی سەردەمی وەرکای پێشوودا کەسانێکی تر هاتوونەتە بەشی باشووری عێراق و بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو دوو داهێنانە و دواتر ئەو کەسانە ناویان لێنرا سۆمەرییەکان.

پێش ئەوەی باس لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نووسینی میخی و مۆری لوولەیی بکەین، جەخت لەوە دەکەینەوە هەندێک لەو توێژەرانەی سۆمەرییەکانیان بە گەلێکی کۆچبەر دەزانی، تا ئێستا نەیانتوانیوە، بە هەندێک متمانەوە دیاری بکەن ئەو ناوچەیەی کە لێیەوە هاتوون کامەیە، ئەم لایەنە تایبەتە گریمانەی ئەوانی هەژاندووە و وایکردووە لەلای هەموو توێژەران قبوڵ نەکرێت، چونکە هەموو گەلانی کۆچبەر لە شوێنی نیشتەجێبوونە نوێیەکانیاندا شوێنەواریان بەجێهێشتووە کە ڕێنماییمان دەکات بۆ ناسینەوەی ئەو وڵاتەی لێی هاتوون، جگە لە سۆمەرییەکان و هەر بۆیەش گریمانەکەیان لەسەر زەمینەیەکی پتەو و تۆکمە ڕانەوەستاوە.

جگە لەوانەی سەرەوە، هۆکارە ڕاستەقینەکانی بنجی عێراقی بوونی سەرهەڵدانی نووسینی میخی و هەروەها مۆری لوولەیی دێنینەوە، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ئەوە ببەین کە بیرۆکەکانیان لە لایەن گەلێکی کۆچبەرەوە هێنراونەتە بەشی باشووری عێراق کە ناتوانین نیشتمانە ڕەسەنەکەی دیاری بکەین.
لە ڕاستیدا بەتەنها سەیرکردنی ئەم دوو داهێنانە ڕەنگە هەندێک وابکات باوەڕی بەوە هەبێت کە سۆمەرییەکان بەڕاستی گەلێکی کۆچبەر بوون و هاتوونەتە ئەو بەشەی کە پێشتر باسمان کرد و بیرۆکەی نووسینی میخی و مۆری لوولەییان لەگەڵ خۆیان هێناوە، بەڵام ئەگەر بە قووڵی سەیری جۆری بەرهەمە کولتوورییەکان بکەین لە کە لە سەردەمی عوبەید (نزیکەی ٥٠٠٠ - ٤٠٠٠ پێش زایین) و قۆناغی یەکەمی سەردەمی وەرکا (نزیکەی ٤٠٠٠ - ٣٥٠٠ پێش زایین) دەرکەوتوون، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەڕاستی ئەم بەرهەمانەبوونەتە هۆکاری پێویستی دەرکەوتنی نووسینی میخی و مۆری لوولەیی.



بازرگانی
لە ئەریدۆ

توێژەران دەزانن ، ئەو داهێنانانەی کە مرۆڤە داهێنەرەکان دەیهێننە پێشەوە بەزۆری پەیوەستن بە سەرهەڵدانی پێویستییەکی بەپەلە بۆ ئەو داهێنانانە.
مرۆڤ چەکی داهێناوە تەنها لەبەر پێویستی بەپەلەی بەرگری لەخۆکردن و

پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ، ئەمە لە باقی داهێنانەکانی تریشدا هەیە کە لە ژیانی کۆن و نوێماندا دەرکەوتووە.
یەکێک لە گرنگترین بەرهەمە کولتوورییەکان کە لە ئەنجامی شارستانیەتی ئوبەیدەوە سەریهەڵداوە، کەشتیی چارۆکەدارە کە لە دەوروبەری ساڵی ٤٥٠٠ پێش زایین پێی گەیشتووە. ئەمەش بەبەڵگەی ئەو نموونەی گڵینەییەی کە لە هۆڵی چاخەکانی پێش مێژووی مۆزەخانەی عێراق نمایشکراوە.
گرنگی کەشتیی چارۆکەدار لەو سەردەمەدا بە ڕوونی لە ڕێگەی ئەو شۆڕشە گەورەیەی کە لە جۆری کەرەستەی بازرگانیدا هێنایە ئاراوە، دیارە. گومانی تێدا نییە کە ئەو ئامرازانەی کە پێش دەرکەوتنی کەشتیی چارۆکەدارەوە بۆ گواستنەوەی کاڵا بازرگانییەکان بەکاردەهێنران، ئاژەڵ بوون. بازرگانی بە بەکارهێنانی ئاژەڵ بۆ سوود گونجاو نییە مەگەر تەنها لە ماددە بەنرخ و سووکەکانی وەک زێڕ و زیو و بەردی بەنرخدا نەبێت. تا ئەو کاتەی کەشتیی چارۆکەدارەکە قەبارەکەی گەورە بوو، تێچووی کەم بوو و توانای گەیشتن بە مەودای دووری هەبوو، ئەمە یارمەتیدەر بوو لە بازرگانیکردن بە کەرەستەی تر جگە لە کەرەستەی بەنرخ.


ئەم لایەنە تایبەتە بازنەی شتومەکی بازرگانی فراوانتر کردووە بۆ ئەوەی بازرگانیکردن بە خۆراک و کەرەستەی پیشەسازی و بیناسازییەوە بگرێتەوە. باشترین بەڵگە بۆ ئەمە ئەوەیە کە گڵینەییەکانی سەردەمی عوبەید کە لە دوای دەرکەوتنی کەشتیی چارۆکەدارەوە بەرهەم هێنراوە، لە ناوچە جیاجیاکانی کەنداوی عەرەبیدا بە پەرش و بڵاوی دۆزراوەتەوە.
گومانی تێدا نییە کە فراوانبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و ناوچەکانی کەنداوی عەرەبی، پێویستییەکی بەپەلەی بۆ نووسین و تۆمارکردن دروست کردووە بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ ئەم پەیوەندییە بازرگانییە فراوانەی نێوان هەردوو هەرێم.
بەڕاستی دوای ماوەیەکی کورت لە چەسپاندنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان عێراق و ناوچە جیاجیاکانی کەنداوی عەرەبی، یەکەم نیشانەکانی نووسینی میخی دەرکەوت. نووسینی میخی، وەک ئەوانەی لە بواری زمانە کۆنەکان و شوێنەوارناسیدا کاردەکەن دەزانن، سەرەتا نووسینی وێنەیی بووە، واتە تۆمارکردن بە کێشانی وێنەی ئەو شتەی کە دەنووسرێت ئەنجام دەدرا.

ئەم لایەنە بە تایبەتی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە دروستکەری نووسینی وێنەیی ، هونەری وێنەکێشانی کردۆتە بنەمایەک بۆ دروستکردنی داهێنانە نوێیەکەی.



ئەمە لە ڕاستیدا لایەنێکی زۆر سروشتییە چونکە چەندین لێکۆڵینەوە بە تیۆری داروینیشەوە سەلماندوویانە کە هەموو شتێک لە ژیاندا بە بەرهەمە شارستانییەکانی مرۆڤیشەوە ملکەچی بنەمای پەرەسەندنە، واتە دەبێ هەموو هەنگاوێکی نوێ پشت بە هەنگاوێکی پێشووترەوە ببەستێت و ئەوەش ئازادی دروستکردنی ئەوەی کە ئارەزووی دەکەین وەهمێکە کە بوونی نییە .
بەهۆی ئەوەی وێنەکێشانی هونەری توانای ئەوەیان هەیە ، هەندێک زانیاریمان پێ بلێت، ئەم وێنەکێشانە ڕێگەیان بۆ سەرهەڵدانی نووسینی وێنەیی خۆش کرد.
شێوازی دانانی دەستەکان تێیدا جیاوازی نییە لەگەڵ شێوازی دەستەکانی ناو کۆنترین پارچە داتاشراوەکان.
لایەنێکی تر کە پشتگیری لە ڕەوایەتی ئەم گریمانەیە دەکات ئەوەیە، هونەرمەندی سۆمەری پەیکەرە مرۆییەکانی خۆی بە شێوازێکی ناواقیعی و

ئەبستراکت داتاشیوة ، کە بەڕاستی ئەو ئازارە دەنوێنێت کە ئەوانەی هەڵگری بیرۆکەی نویێ بوون ئەزموونیان کردووە. سەبارەت بەو بابەتانەی کە هیچ پەیوەندییەکیان بە قۆناغی خەباتەوە نەبوو، وەک ئاژەڵ، بۆ نموونە، بە شێوەیەکی تاڕادەیەک واقیعی دروست دەکران.
جگە لەوەش ئەکەدیەکان لە هونەری پەیکەرسازی و باقی هونەرەکانی تر لەلایەن سۆمەرییەکانەوە فێرکرابوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پەیکەری مرۆڤەکانیان بە شێوەیەک دروستکردوە، کە لە دەست ئازار ومەینەتی و ئەبستراکتی سۆمەرییەکان ڕزگاریان بووە، چونکە ڕابردووی ئەکەدیەکان هیچی پەیوەندی بە ڕابردووی سۆمەرییەکانەوە نەبوو. ئەگەر ئەم ڕاستییە ئاماژە بە شتێک بکات، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەبستراکتکردنی سۆمەری لە ڕاستیدا ئامانجی تیشک خستنە سەر ئەو قۆناغەی خەباتەبووة، پێشتر ئاماژەی پێکرابوو.
ڕاستییەکە ئەوەیە کە هونەر هەمیشە و هەتا هەتایە خزمەت بە ئامانجەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا دەکات و کارەسات و خۆشییەکانی خۆیان دەردەبڕێت ، ئەو مەینەتییانەی کە ئەوانەی هەڵگری بیروباوەڕی هزرین ئەزموونی دەکەن، بە ڕوونی کاریگەرییان لەسەر هونەر هەیە، کە دەرئەنجامی سەرکەوتنی ئەو بیروباوەڕە فیکرییانەیە.
بە پشت بەستن بەوانەی سەرەوە دەتوانین وا دابنێین کە سۆمەرییەکان لە بنەڕەتدا دانیشتووی ناوچەکانی باکووری عێراق بوون، هەندێکیان بەهۆی زیادبوونی ژمارەیانەوە هاتوونەتە باشوور و هەندێکی دیکەشیان لە ترسی چەوساندنەوە و ئەشکەنجەدان هاتوون.



## ٣- جەژنی ئاکیتو ، گرنگترین جەژنی سۆمەرییە:



ئەوەی سەیرە لەم جەژنەدا ئەوەیە کە پسپۆڕانی توێژینەوەی میخی، تا ئێستا، لەسەر مانای وشەی ئاکیتو ڕێکنەکەوتوون ، ئایا لە بنەڕەتدا سۆمەرییە، یان ئەکەدییە، یان بە ڕەچەڵەک بیانییە. هەندێکیان دانیان بەوەدا ناوە کە ڕوونکردنەوەی سەرچاوە و مێژووی ئەم وشەیە لە زمانی سۆمەری و ئەکەدیدا ئاسان نییە، بەڵام پێیان باشە ئەم وشەیە بە فۆرمێکی سۆمەری بزانن بەهۆی



دەفری گڵێنەی وێنەی
چوار ژنی لەسەرە ،
پرچیان کراوەتەوە
وبۆچوارلا بڵاوبووەتەوە،
هێمای سواستیکا -خاچی
چەماوە-چوارئاڕاستە-
دەنوێنێت ئاماژەبووبۆ
پیتوفەڕ،سەماونزای
بارانبارین بوو،لە
هەزارەی شەشەمی
پ.زبەشێک بوولە
رۆشنبیریی سامەڕا

پەیوەندییەکەی بە ڕێوڕەسمە ئایینییەکانەوە، بەڵام دارشتەیێکی نائاساییە .
ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم سەرلێشێواوییە سەبارەت بە سەرچاوەی وشەی ئاکیتو دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ پەیوەندییەک لە نێوان مانای ئەو نیشانە مێخییەی کە ئەم وشەیە پێی نووسراوە و خودی جەژنەکە، بەڵام ئەگەر سەرچاوەی ئەم جەژنە و هۆکاری دەرکەوتنی بزانین، ئەوکات دەتوانین پەیوەندی نێوان ئەو جەژنە و نیشانە مێخییەکانی بدۆزینەوە. تا ئەو کاتەی ئێمە پێمان وایە سۆمەرییەکان لە ناوچەکانی باکوورەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەبێت ئەم ناوچانە زێدی ڕەسەنی جەژنی ئاکیتو بن.
بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی سەرچاوەی ئەم جەژنە و دۆزینەوەی پەیوەندییەک لە نێوان مەبەستەکەی و مانای نیشانە میخییەکانیدا، دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین کە پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەناو شارستانییەکانی باکووردا بووە هۆی نیشتەجێبوون لە ناوچە نوێیەکان کە بارانبارینی ساڵانە بە بڕی پێویست نەبوو بۆ گەشەکردنی بەرهەمەکان وگەرەنتی نەدەکرا، وەک ناوچەکانی دەوروبەری شاری

سامەرا، واتە ناوچەکانی ئەو شارستانیەتە تێیدا زاڵ بوو بەناوی ئەم شارە ناسراوە. دانیشتوانی ئەم جۆرە ناوچانە دەبوو بە پێشبینییەوە، وەک پێشتر نیشانمان دا، ڕوو لەو هێز و ئامرازانە بکەن کە ڕەنگە یارمەتیدەر بن لە باران بارین بەو بڕە کە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان پێویستی پێیەتی.
لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستماندایە سەبارەت بە داب و نەریتی گەلە جیاوازەکان، پێدەچێت ڕوون و ئاشکرا بێت بۆ ئێمە کە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە بارانیان تێدا کەم دەبێتەوە، پەنایان بۆ ڕێگەی جادوویی دەبرد ،کە تایبەتن بە باران باراندن ( نزای باران دابەزاندن)، بەو هۆیەوە ئێمە پێمان وایە دانیشتوانی شارستانیەتی سامەرا ئەو جۆرە وشێوازە جادووییانەیان دەکرد ،کەپێیان وابوو یارمەتی باران بارین دەدات بە ڕێژەی پێویست. بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە ڕێوڕەسمانە گرنگییەکی زۆریان هەبووە لە ژیانی دانیشتووانەکەدا، بەهۆی کاریگەریی بەرچاویان لەسەر بڕی خۆراکەکانیان و خۆراکی ئاژەڵەکانیان.
بە پشت بەستن بەوانەی سەرەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە جەژنی ئاکیتو یەکێکە لە جەژنە گرنگەکانی سۆمەرییەکان، سەرچاوەکەی دەبێت ڕێوڕەسمی نزای باران دابەزاندن بێت، بە مەرجێک باوەڕمان وایە سۆمەرییەکان خەڵکی بەشەکانی باکوورن، بۆیە ئەو نیشانە مێخییەی کە وشەی ئاکیتۆی تێدا نووسراوە، دەبێت مانای باران دابەزاندن بدات تا ڕوونکردنەوەکەمان لەسەر بناغەیەکی تۆکمە بێت.
کۆنترین شێوەی وشەی ئاکیتو لە دەوروبەری ساڵی ٢٤٠٠ پێش زایین گەیشتۆتە ئێمە و لە شێوەی ((ئا-کی-تی A-K-T)). نیشانەی ((ئا A)) بە واتای ئاو دێت و بە شێوەیەکی پێچەک -مجازی بە واتای باران دێت، ((کی)) بە واتای زەوی دێت، و ((تی)) کردارێکە بە واتای نزیک دەبێتەوە.
بەم شێوەیە مانای تەواوی وشەکە دەبێتە ((نزیککردنەوەی ئاو لە زەوی، واتە نزای باران دابەزاندن)). بەڵام ئەوەی شایەنی سەرنجە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە هێمای ((ئا A)) زۆرجار بە نیشانەیەکی ترەوە دەنووسرا کە بەهەمان شێوە (( ئاA)) دەگوترا بەڵام بە مانای ((کار، هەوڵدان، باسک)). هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە لە جۆری هێمای ( ئاA) دەگەڕێتەوە بۆ گواستنەوەی ئەم ڕێوڕەسمە بۆ بەشی باشووری عێراق، چونکە ئەو بەشەی کە پێشتر باسمان

کرد - باشووری عێراق -ئەوەندەی پێویستی بە کار و ماندووبوون هەبووە، پێویستی بە ئاودان نەبووە، ئەوەندەی پێویستی بە کارکردن و هەوڵدان بووە بۆ دروستکردنی کەندڕ و دروستکردنی بەنداو هەبووە بۆیە یەکەم نیشانەی وشەی ئاکیتو بە دوو شێوە نووسراوە، یەکەمیان ئاماژەیە بۆ سەرچاوەی جەژن و ئەوەی دووەم - کارکردن و هەوڵدان -لەگەڵ پێویستی ئەو ناوچەیە نوێیەدا- باشووری عێراق- یەکدەگرێتەوە کە سۆمەرییەکان تێیدا نیشتەجێن.
جگە لەوانەی سەرەوە، وشەی ئاکیتۆ تەنها بە مانای جەژن نەبووە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەو شوێنەی کە ئاهەنگەکانی ئەو جەژنەی تێیدا بەڕێوە دەچوون.
لە سەردەمی سۆمەری و ئەکەدی کۆن (٢٨٠٠ - ٢١٠٠ پێش زایین) ئەم شوێنە پێی دەگوترا ((شوێنی (ئاهەنگگێڕان)ی جەژنی ئاکیتو)) و لە نزیکەی ٢٠٠٠ پێش زاییینەوە، ئەم شوێنە ناودەنرا بە((ماڵی ئاکیتو)) ((بیت اکیتو)).
ئەم گۆڕانکارییە لە ناودا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عێراقییە دێرینەکان لە رێکەوتی پێشووەوە ئاواییەکی تایبەتیان بۆ ئاهەنگەکانی جەژنی ئەکیتۆ دروستکردووە، دوای ئەوەی پێشترلە گۆڕەپانی واڵا بەڕێوەدەچوون.
لە ڕێگەی دەقە میخییەکانی پەیوەست بەو بابەتە، ئەوەمان بۆ پشتڕاست کراوەتەوە کە شوێنی ئاهەنگگێڕانەکانی جەژنی ئاکیتو و ماڵی ئاکیتو لە دەرەوەی دیواری ئەو شارانە بوون کە جەژنی پێشوویان بەڕێوە دەبرد و ئەم لایەنە خۆی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕێوڕەسمەکانی ئەم جەژنە لە سەرەتادا ئامانجیان نزابووە بۆ هاتنەخوارەوەی ئەو بارانەیە بووە کە بۆکێڵگە کشتوکاڵییەکانی نزیک شارەکان پێویست بووە.
ئاهەنگی ئاکیتو ساڵانە دوو جار بەڕێوەدەچوو، یەکەمیان لە کاتی هاوسەنگی پاییزدا و وردتر دوای ماوەی مانگی پڕ.
ئەم لایەش ئەوە دەنوێنێت پشتڕاستکردنەوەیەکی دیکە یە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ڕێوڕەسمەکانی ئەم ئاهەنگانەی پاییزانە، جگە لە بانگهێشتکردنێک ونزاییێک بۆ باران بارین نەبێت، هیچی تر نین. ئاهەنگی دووەم لە کاتی هاوسەنگیی بەهاردا بەڕێوەچووە واتە لە کاتی لە زاوزێی ئاژەڵاندا بەڕێوەدەچوو و یەکێک لە ڕێوڕەسمە گرنگەکانی هاوسەرگیری پیرۆزبوو کە دواتر باسی دەکەین.
پێیان وابوو ئەم هاوسەرگیرییە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر زیادکردنی بەرهەمهێنان وداکەوتنی پیتوفەڕ و خۆشگوزەرانی بۆ وڵات هەبووە.

## 4- خوداوەندەکانی پیتوفەڕی سۆمەری:



ئەوەی کە پسپۆڕانی بواری شوێنەوار دەزانن ئەوەیە کە دیارترین خوداوەندەکانی پیتوفەڕ لە نێو سۆمەرییەکاندا مێخوداوەند ئینانا و خوداوەند تەمموزن( تموز/Tammuz - Dumuzi )کە بە خوداوەندی مەڕداریش جیا دەکرێتەوە. لە لێکۆڵینەوە لە ئەرک و تایبەتمەندییەکانی ئەم دوو خوداوەندە، دەتوانین پشتڕاستی بکەینەوە کە بنەچەیان لە ناوچەکانی باکوورەوەیە.



تمـوز ـ دمـوزي

سـەبارەت بە خوداوەنـد تەمـوز، سـەرەڕای ناوبـانگەکەی و زۆر دەرکەوتنـی نـاوەکەی لە دەقەکـانی سـۆمەری و بابلیـدا، تـوێژەرانی بـواری تـوێژینەوەی میخـی نەیـانتوانی وێنەیەکـی یەکگرتـوو لە کەسـایەتی ئەم خوداوەنده بەدەست بهێـنن، و مانـای نـاوەکەی، کە واتە ((کـوڕی ڕاستگۆودڵسۆز)) لەگەڵ نـاوی باقی خوداوەندەکاندا ناگونجێت، کە ناوەکانیان ئەو هێز و دیاردە ودەرکەوتنە سروشتیانە ئاشکرا دەکەن کە نوێنەرایەتیـان دەکەن، وەک ئێنلیل، خوداوەنـدی هەوا، ئێنکی، خوداوەندی زەوی و ئاو ، و ئانو، خوداوەندی ئاسمان.
جگە لەوەش خواوەندی تەمموز تـاکە کەسـە لە نێو خوداوەندەکانی سۆمەری کە لەلایەن شـەیتانەکانی جیهـانی ژێـرزەوی زەلیـل و ئەشـکەنجە دەدرێـت و ئەمەش لەڕێگەی ئەفسـانەی بەناونیشـانی (( دابەزینـی مێخوداوەندی ئیننـا (= ئیشتار) بۆ... جیهانی ژێرزەوی))دەردەکەوێت. پوختەی ئەم ئەفسانەیە ئەوەیە کە ئەو مێخوداوەندی پێشتر باسمان کرد بڕیاری دا دابەزێت بۆ نـاو جیهـانی ژێرزەوی. کاتێـک ویستی جێـی بهێڵێت، داوای لێکرد کە جێگرەوەیێکـی بۆ دابـین بکـات. بـۆیە مێخوداوەنـد ئینانـا (= ئیشـتار) هـاتە دەرەوە، بە یـاوەری کۆمەڵێک شەیتانەوە، بۆ ئەوەی جێگرەوەکە بهێنێت.
هەر کە کـاروانەکەی گەیشـتە شـاری وەرکـاء، مێـردەکەی بینـی کە خوداوەنـد تەموز دانیشتووە، ئاماژەی بەو شـەیتانەکان کـرد کە لەگەڵیدا بـوون بۆئەوەی لەبری ئەو بیبەن بۆ جیهـانی ژێرزەوی (= جیهـانی مردووەکـان). بەڕاستی

شەیتانەکان گرتیان و پێی و دەست و ملیان بە پەتەکانیان بەستەوە، پاشان بە قامچی و تەوران لێیاندا و لەگەڵ خۆیاندا ئیایانکێشا.
تایبەتمەندییەکی تری خوداوەند تەمموز ئەوەیە کە هەموو خوداوەندەکانی سۆمەری بە حیکمەت و عەقڵ و بەڕێوەبردن وەسف کراون، جگە لە خوداوەند تەموز، وەک چۆن دەقەکانی سۆمەری و بابلی بەردەوام بە توانا و گەنج وەسفی دەکەن. ئەم ڕاستییە دژبەیەکانە سەبارەت بە سیفەتی خوداوەند تەموز و گرێدانی ڕێوڕەسمەکانی بە ئاهەنگەکانی ئاکیتو و ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری پیرۆزەوە،وامان لێدەکات باوەڕمان بەوە هەبێت کە ئەو خوداوەندەی پێشتر باسمان کرد سەرچاوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانییەتە کشتوکاڵییەکان ،کە لە ناوچەکانی باکوری عێراق دەرکەوتوون، چونکە تایبەتمەندی و ئازارەکانی بە هیچ شێوەیەک جیاواز نییە لە تایبەتمەندی و ئازارەکانی ئەو پێشگۆیانەی کە هەڵبژێردراون بۆ ئەرکی نزای دابەزاندنی باران و زیادکردنی توانای پیتوفەڕ لە ڕێگەی شێوازی جادووییەوە. ئەو زانیاریانەی کە لەسەر ئەم پێشگۆیانە یان جادووکارانە لەبەردەستدان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە زۆرجار تووڕەیی جەماوەریان لێکەوتووەتەوە و تەنانەت کوژراون.
ئەمەش کاتێکە کە پراکتیزە جادووییەکانیان شکست دەهێنن لە دابەزاندنی باران و زیادکردنی بەرهەمهێنان. لە هەندێک ناوچەی ڕۆژئاوای ئەفریقا، کاتێک ئەو نزاو دوعا و پێشبارانەی کە خەڵک پێشکەشی پێشگۆ،یان جادووکەرەکەی دەکەن کە بەرپرسیارە لە باران دابەزاندن، شکست دەهێنن، خەڵک ڕووبەڕوویان دەبنەوە و بە پەت دەیبەستنەوە و بە زۆر دەیکێشن بۆ سەر گۆڕی باوباپیرانی بۆ ئەوەی ئەو بارانەی کە پێویستیانە لەوان بەدەستی بهێنن.
گومانی تێدا نییە مامەڵەی خەڵکی ڕۆژئاوای ئەفریقا بەرامبەر بەو پێشگۆیەی کە هەوڵەکانی بۆ دابەزاندنی باران شکست دەهێنێت، بە تەواوی هاوشێوەی مامەڵەی شەیتانەکانی جیهانی ژێرزەوییە لەگەڵ خوداوەند تەموز و ڕاکێشانی ئەوان بۆ جیهانی مردووەکان ( = جیهانی ژێرزەوی). بۆیە جەخت لەوە دەکەینەوە کە خوداوەند تەمموز دەبێ لە بنەڕەتدا یەکێک بوو‌بێت لەو پێشگۆیانە.

لە کاتێکدا ئەرکی نزای دابەزاندنی باران و زیادکردنی پیتوفەڕ لەڕادەبەدەر گرنگ و قورس بوو چونکە ژیانی کۆمەڵگا وابەستەی بوو، زۆر پێویست بوو ئەو کەسەی بۆ ئەم ئەرکە کاندید دەکرێت کەسێکی بەهێز بێت کە لە قۆناغی سەرەتای گەنجیدا بووبێت. بۆیە ئەو خوداوەند تەموزمان دۆزیەوە کە لە دەقە مێخییەکاندا بە چالاک و گەنج وەسف کراوە.
جگە لەوەش ئەو گەنجەی کە ئەرکی نزای دابەزاندنی باران دەگرێتە ئەستۆ، سەرەڕای مەترسییەکانی، بۆ ئەوەی خۆراک بۆ خەڵکی کۆمەڵگاکەی دابین بکات، دەبێت بەم شێوەیە وەسف بکرێت ((کوڕی ڕاستگۆ ودڵسۆز)).
واتە مانای ناوی خوداوەند تەموز لە ڕاستیدا ئاماژەیە بۆ ئەرکی ڕاستەقینەی ئەو. بەو پێیەی ئەم ئەرکە تەواو جیاوازە لە ئەرکەکانی باقی خوداوەندەکانی سۆمەری، ئەم مانایە لەگەڵ ناوی خوداوەندەکانی تردا ناتەبا دەبێت، کە ماناکانیان ئەو هێز و دەرکەوتە سروشتیانە ئاشکرا دەکەن کە نوێنەرایەتیان دەکەن.
دیاردەکانی تری سۆمەری، ئەوانەی ئاماژەن بۆ ئەرکی( خوداوەند) تەمموز ئەوەی لە بنەڕەتدا دابەزاندنی باران و زیادکردنی توانای پیتوفەڕ بووە لە ڕێگەی جادووەوە، هەروەها ئەو دیمەنە زۆرانبازیانەی کە لە سەردەمی سۆمەرییە کۆنەکاندا دەرکەوتوون (نزیکەی ٢٥٠٠-٢٣٥٠ پێش زایین) و نەمانیان لە سەردەمەکانی دواتردا.
لە شیکردنەوەی کۆمەڵێک دەقی میخییەوە بۆمان پشتڕاستکرایەوە کە زۆرانبازی لەو سەردەمەدا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئاهەنگەکانی جەژنی ئاکیتودا هەبووە، بەڵام نەمانتوانی بە دڵنیاییەوە ، نە لە دەقە میخییەکانەوە و نە لە دیمەنەکانی زۆرانبازییەوە ، ئامانجەکانی ئەم وەرزشە و هۆکاری پەیوەندییەکەی بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانەوە بزانین، بەتایبەتی لەگەڵ ئاهەنگەکانی جەژنی ئاکیتو، بەڵام ئەو ئاماژەیەی کە لەلایەن مێژوونووسی



المصارعة كانت الاختبار الذي يختار من خلاله الحاكم الديني الذي يكون مسؤولاً عن توفير الطعام للمجتمع

زۆرانێ ئەو ئەزموونەی بۆ هەڵبژاردنی دادیاری ئایینی دەکرا





الملاكمة والمصارعة في سومر / رقيم من أشنوناك 2000 ق.م

http://omaghwadokai.com/historykarate.htm

تمثال نحاسي لمصارعين من خفاجي/ معبد ننتو في سومر 2600 ق.م

http://www.gilgameshgames.org/ggamesthesis.html

یۆنانی( پلۆتار)کەوە باسکراوە، کە دەڵێت: “لە سەردەمی کۆن، لە شاری ئۆڵۆمپیا ، یەک تاقیکردنەوەی شەڕانگێزی هەبوو کە تەنها بە سەربڕینی دۆڕاوەکان کۆتایی دەهات.)

ئەوەمان بۆ دەردەخات کە وەرزشی زۆرانبازی لە عێراقدا بە ئەگەرێکی زۆرەوە نوێنەرایەتی ئەو تاقیکردنەوە دەکات کە لە ڕێگەیەوە ئەو پێشگۆیەی کە ئەرکی نزای دابەزاندنی بارانی لە ئەستۆ دەگرێت و هەروەها دەبێتە زاوا لە هاوسەرگیری پیرۆزدا هەڵدەبژێردرا.

ئەوەی کە ڕەوایەتی ئەم پەیوەندییە لە نێوان زۆرانبازیی سۆمەری و ئاماژەکەی پلۆتارکدا پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو زانیاریانەی لەبەردەستدا بوون سەبارەت بەو کەسانەی کە بۆ ئەرکی هاوسەرگیری پیرۆز هەڵدەبژێردرێن، دەبوو جگە لە ژیوەری و گەنجی تایبەتمەندیی قەڵەویشیان هەبێت ، چونکە قەڵەوی لە سەردەمی کۆن و بە تایبەت لە ماوەی شارستانییەتە کشتوکاڵییەکانی باکوور، هێمای پیت وفەڕ و زۆری بەرهەم بووە و بووکەڵەکانی خوداوەندی دایک کە بە تایبەتمەندیی قەڵەوی هەبوە ، بەڵگەن لەسەر ئەمە. ئەگەر بە وردی سەیری دیمەنە زۆرانبازییە سۆمەرییەکان بکەین کە لەبەردەستماندایە، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو زۆرانبازانەی لەو دیمەنانەدا وێنا کراون، تایبەتمەندنیی قەڵەوییشیان هەیە.

# دیمەنەکانی زۆرانبازی



تمثال صغير من النحاس، لمصارعين يحاولان عمل توازن الجرّار على رأسيهما في العراق، 2600-2370 قبل الميلاد













تا ئەو کاتەی هاوسەرگیری پیرۆز لە بەهاری هەموو ساڵێکدا ئەنجام دەدرا، وا دیارە ساڵانە هێز و زیندوویی پێشگۆی بەربژێرکراو بۆ ئەم ئەرکە ئەزموون دەکراو ئەم تاقیکردنەوەی ساڵانەیەش وایکرد کە نەتوانرێت ئەم پۆستە بۆ ماوەیەکی زۆر بپارێزرێت ، لەبەرئەوەی ئەگەر لە تاقیکردنەوەی زۆرانبازیدا شکستی نەهێنابوایە، لەوانەبووە بەهۆی شکستی لە جادووکارییەکانییەوە پێگەکەی لەدەست بدات.
بۆیە بۆمان دەرکەوت کە مێخوداوەند ئینانا (= ئیشتار) بووکی هاوسەرگیریی پیرۆز، بەزۆریی خۆشەویستەکانیەوە وەسف کراوە. ئەمەش لەو وەسفانەی کە پاشای سۆمەری گیلگامێش لە داستانە بەناوبانگەکەیدا بە ئینانای وتووە ، کاتێک ئینانا پێشنیاری هاوسەرگیری بۆ کردووە، ڕوونە:
بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ کام خۆشەویستدا ماویتەوە؟
کام لە کەسەکانت هەمیشە میهرەبان بوویت لەگەڵیدا؟
وەرە من باخۆشەویستەکانت بۆبژمێرم و... هتد.
بەو پێیەی گەیشتن بە دڵی مێخوداوەند ئینانا (= ئیشتار) پڕ بوو لە مەترسی و پێویستی بە شەڕی توندوتیژ بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە دەقە مێخییەکاندا وەک خوداوەندی خۆشەویستی و شەڕ لە هەمان کاتدا وەسف بکرێت. تاڵیی پاشماوەی کاریگەرییەکانی ئەم خوداوەندانە لە ژیانی ئێستاماندا ئاماژەی ڕەنگی سوورە. ڕەنگی خوێن. کە هێمای خۆشەویستی و مەترسییە بە هەمان شێوە.

## ٥- سیستەمی فرە مێردی:-



دەزانرێت وجێی دڵنیایە کە سەرکردایەتی بنەماڵەی سۆمەری لە دەستی باوک بووە و سیستەمی هاوسەرگیری سۆمەری لەسەر بنەمای یەک ژن بۆ هەر پیاوێک و بە هەمان شێوە یەک مێرد بۆ هەر ژنێکیش دامەزراوە. هەرچەندە ئەم لایەنە ،جێی گومان ولاریکردن نییە،ئەوا لەدەقەسۆمەرییەکاندا هەندێ ئاماژەمان دەستکەوتووە سەبارەت سیستەمی فرەمێردی (Polyandry)یان بۆ هاوسەرگیری هەبووە واتە ژنێک هاوسەرگیری لەگەڵ زیاتر لە پیاوێک کردووە، ئێستا چۆن دەتوانین ئەم دیاردەیە ،لەگەڵ سەرکردایەتی دایک لەخێزاندا نەک باوک بسەلمێنین،گرینگترین ئەو ئاماژانەش ئەوەیە کە پاشای سۆمەری ئوروکاگینا (نزیکەی ٢٣٥٥ پێش زایین) لە چاکسازییە بەناوبانگەکانیدا داویەتی، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی کەپاشا ئوروکاگینا داب و نەریتی هاوسەرگیریی ژنانی لەگەڵ زیاتر لە پیاوێک قەدەغە کردووە.





الإلهة الأم في حضارة الصوان

http://www.annineyandermeer.nl/images/moederland/Irak/chronologie.htm

الإلهة الأم في حضارة حسونة

http://www.theartnewspaper.com/iraqmus/foto.asp?cartella=pre-hist&titolo=Pre-Historyaa

٢٠- ئافرەتان لە ڕابردوودا.
٢١- ٢٢- (ئافرەتیکیان) هاوسەرگیریلەگەڵ دوو پیاودا دەکرد.
٢٣- ئافرەتان لەم سەردەمەدا.
٢٤- بەردباران دەکرێن (ئەگەر هەمان کاریان کرد).

لەم دەقەی سەرەوە دەردەکەوێت، داب و نەریتی هاوسەرگیری ژنێک لەگەڵ دوو پیاو ، داب و نەریتی باو بووە لە سەردەمی پێش دەرکەوتنی شا ئوروکاگینا ، بەڵام پاشماوەکانی تا سەردەمی شا ئوروکاگینا ماونەتەوە.

هاوسەرگیری ژن لەگەڵ دوو پیاو پاشماوەی سەردەمی کۆنترۆڵی دایکانە، واتە ئەو سەردەمەی کە ژنان کۆنترۆڵییان هەبووە و سەروەری بەسەر ئەندامانی دیکەی خێزانەکەدا هەبووە ،ئەم سەردەمە، ئێمە پێمان وایە، سەردەمی بەردینی نوێ دەکات لە عێراقدا، واتە ئەو قۆناغەی کە ژنان تێیدا بوون هاوسەرگیری لەگەڵ زیاتر لە پیاوێکدا کردووە، هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ڕەچەڵەکی دەگەڕایەوە بۆ دایک، چونکە لایەنێک بوو نەدەکرا باوک بناسرێت.

ئەمەش لایەنێکە و لە لایەکی دیکەوە هەڵوەشاندنەوەی ئەم داب و نەریتە لە لەلایەن پاشا ئوروکاگینا و سزادانی تاوانبارانی بە بەردبارانکردن بە ڕوونی

ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە داب و نەریتی ژنێک لەگەڵ زیاتر لە پیاوێک هاوسەرگیری بکات، داب و نەریتی قێزەون بووە لە چاوی سۆمەرییەکان و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئوروکاگینا هەڵوەشاندنەوەی ئەم داب و نەریتەی لە نێو ئەو چاکسازییانەی کە لە سەردەمی حوکمڕانی ودەسەڵاتی خۆیدا هێناویەتییە ناوەوە باس کردووە.
جۆری سزای سەر ئەو ئافرەتەی شووبە دوپیاودەکات،کە بەردبارانکردنە ولەبنجدا سزای داوێنپیسییە،ئاماژەیە بۆ ئەوەی فرەمێردی لای سۆمەرییەکان بێزراوبووە وپەسندنەکراوە،واتە لەدەرەوەی کۆمەڵگەی سۆمەرییەوە هاتووە. ئەوکۆمەڵانەی لەبەشی باکووری عیراقەوە هاتوون سەرچاوەی دابونەریتی فرەمێردی ببووە.ئەوهۆکارەشی بووەتە هۆوهاندەری ئەم دابونەریتەی فرەمێردی،بێگومان نەرینی زیندە بەچاڵکردنی مێیینەیە بەهۆکاری نەبوونی،پێشتر باسمان کرد شارستانییە کشتوکاڵییەکانی دوایی لەوناوچانە بڵاەبوویەوە کەوا ناوچەی بارانی کەم وگەرمنتی بارانبارین بەڕادەی پێویست بۆ کشتوکاڵ نییە،واتەدانیشتووانی ئەم ناوچانە ناوەناوە دوچاری وشکەساڵی دەهاتن ناچاردەبوون بەروبوومی ساڵکیان دابەشی سەردووساڵ وزیاتر بکەن ،لەبەر شەوساڵانەی کەم بارانن ،یا وشکەساڵین ،یەکێلە شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم نەبوونییە و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ژمارەی دانیشتوان وڕادەی خۆراکی بەردەست لەلایەن دانیشتووانی بەشی باکووری عیراق ، زیندە بەچاڵکردنی مێیینە بووە .سەرباری ئەوەش بەڵگەی شوێنەواری هەن،پشتگیری بۆچوونەکەمان دەکات سەبارەت سنووردارکردنی وەچەنانەوە،ئەنجامەکانی هەڵکۆڵینەکان لە بەشی باکووری عیراق ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، ڕێژەیێکی زۆری ئەو گۆڕانەی دۆزراونەتەوە،وەک ناوچەی تەل سەوان، ئی منداڵانی شیرەخۆرە بوونە ومێینەبوونە،رسَژەکەی لە ٦٠ % ی کۆی گۆڕەکانی دۆزراونەتەوە بووە.
بێ گومان ئەم ڕێژەیە زۆرەی لە گۆڕی منداڵاندا پرسیار و لێکۆڵینەوە دەوروژێنێت هەندێک لە هەڵکەندکاران هۆکاری ئەم دیاردەیەیان گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێژەی مردنی منداڵان لە ڕابردوودا زۆر بووە، و پەتاکان منداڵانی زیاتر لە کەسانی دیکە کوشتووە. لە ڕاستیدا ئەم ڕوونکردنەوە لە یەکەم نیگادا قبوڵکراوە، بەڵام ئەگەر ڕێژەی سەدی گۆڕی منداڵان کە لە بەشەکانی باکووردا دەرکەوتووە لەگەڵ ڕێژەی سەدییەکەی لە

باشوور بەراورد بکەین، جیاوازییەکی گەورە دەبینین. ڕێژەکە لە باشوور ئاسایی بووە و ڕەنگە لە ٢٠% زیاتر نەبێت، هەرچەندە باشوور بە سروشتی خۆی زیاتر بەرکەوتەی پەتا بووە لە چاو بەشەکانی باکوور.

گومانی تێدا نییە کە هۆکاری ئەوەی دانیشتوانی بەشی باشووری عێراق پەنایان بۆ پرۆسەی زیندبەچاڵکردنی مێیینە نەبردووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئابوورییەکانی ئەو بەشەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا بە هیچ شێوەیەک کەمی باران کاریگەری لەسەریان نەبووە ،چونکە کشتوکاڵ لە بەشی باشوور کشتوکاڵی ئاودێری بووە. ڕووبار و زۆنگاوە زۆرەکانی بەردەوام خۆراکی پێویستیان بۆ دانیشتووانەکەی دابین دەکرد، لەنێویاندا ماسی و باڵندە. بۆیە ژمارەی پیاوانی تێدا یەکسان بوو بە ژمارەی ژنان، ئەمەش یارمەتیدەر بوو-لە مێژووی کۆنیدا -بۆ یەکەمجار سیستەمی هاوسەرگیری تاک شوویی دەرکەوێت کە تێیدا ژنێک بۆ یەک پیاو تەرخانکرابوو ، بەمەش سەرکردایەتیش لە خێزان و ڕەچەڵەکی گواسترایەوە بۆ باوک ،دوای ئەوەی لە دەستی دایکدا بوو.

هۆکاری ڕاستەقینە کە سەرکردایەتی بنەماڵە و ڕەچەڵەکی خستە دەستی دایک لە ناوچەکانی باکوری عێراق، پرۆسەی کۆرپەکوژی مێینە بوو، ئەمەش وایکرد ژمارەی ژنان زۆر کەمتر بێت لە ژمارەی پیاوان. بە لێکچوون لەگەڵ بنەمای دابینکردن و داواکاری، داواکاری هاوسەرگیری کەوتە دەستی ژن نەک پیاو. هەروەها، کەمی ژمارەی ژنان بووە هۆی ئەوەی ژنانلەگەڵ زیاتر لە پیاوێک هاوسەرگیری بکەن، هەر بۆیەش ناسینی باوکی ڕاستەقینەی منداڵەکە زۆر قورس بوو، هەر بۆیەش ڕەچەڵەکی ئەو منداڵە دەگەڕێندرایەوە بۆ دایک.

یەکێک لەو ئاماژانەی کە پشتڕاستی دەکاتەوە کە داواکاری هاوسەرگیری پێشتر لە ڕاستیدا لە دەستی ژنەکەدا بووە، ئاماژەی شا ئۆرۆ کاگینایە سەبارەت بە هاوسەرگیری ژنێک لەگەڵ دوو پیاو، چونکە سزای بەسەر ژنەکەدا سەپاندووە بەڵام پیاوەکە سزای نەبووە. ئەگەر ئەمە ئاماژەیە بۆ هەر شتێک، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەستپێشخەری بۆ هاوسەرگیری لە دەستی ژنەکەدا بووە.





رقصة استنزال المطر في إناء من حضارة سامراء /6000 ق.م

الإلهة الأم السمكة ورمز الصليب المعقوف (سواستيكا ) الدال على الخصب الانثوي/ سامراء 6000ق.م

ئاماژەیەکی تر لەم ڕووەوە لە ڕێگەی دیالۆگی زارەکیی نێوان تەموزی شوان و ئەنکیملوی جووتیارەوە بۆمان هاتووە، کە تێیدا بۆمان دەرکەوتووە کە ئەوە مێخوداوەندی ئینانا بووە کەداوای هاوسەرگیری لەگەڵ تەمموز کردووە و نەک بە پێچەوانەوە.

ئەم لایەنە جارێکی تر ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە پرسی داوای هاوسەرگیری ژنێک لەگەڵ پیاوێکدا پرسێکی باو بووە. جگە لەوەش داستانی گیلگامێش ئەم بابەتە پشتڕاستکردەوە، بەو پێیەی تێیدا هاتووە کە مێخوداوەندی ئیشتار ئەو کەسەیە کە داوای هاوسەرگیری لەگەڵ گیلگامێش کردووە.

سەبارەت بەو ئاماژانەی کە ئاماژە بەوە دەکەن ، ڕەچەڵەک لەنێو سۆمەرییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ دایک پێش هاتنیان بۆ بەشی باشووری عێراق، ئەوانیش زۆرن و دیارترینیان وشەی هەتیوە لە زمانی سۆمەرییدا، وەک خۆی ئاما-نو-توکو (ama- nu- tuku)دەخوێندرێتەوە و بە واتای وشەیی ((ئەو کەسەی کە دایکی نییە)) و بە دڵنیاییەوە دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە لە ئەنجامی سیستەمی فرەژنیدا هاتووە، کە ڕێگە بە زانینی باوک نادات، بەڵگەیەکی دیکەی دیار وشەی ئازادییە، وەک چۆن لە زمانی سۆمەریدا بە ama-ar-Gi٤ دەوترێتەوە، کە بە واتای وشەیی ((گەڕانەوە بۆ دایک)) دێت.

ئەگەر باوکەکە ناسراو بووایە و سەرکردایەتی خێزانەکەی هەبوایە، لانیکەم دەگوترا Gi - ar - da - ad٤، واتە ((گەڕانەوە بۆ ماڵی باوک)) یان -e- ar Gi٤، بە واتای ((گەڕانەوە بۆ ماڵ))، و بەپێی ئەوەی ڕابردوو دەتوانین بە متمانەیەکی تەواوەوە گریمانە بکەین کە زێدی ڕەسەنی سۆمەرییەکان بەشەکانی باکووری عێراق بووە.

## 6- زمانی سۆمەری و بنەچەی:-




زمانی سۆمەری، وەک دەزانرێت، یەکێک نییە لە زمانە گەردانییەکان(المعربة)، بەڵکو لە بنەماڵەی زمانە گیرەکییەکانە(الملصقة). مەبەست لە گیرەکییەکان ئەوەیە کە ڕەگی کردارەکانی کاتێک گوزارشت لە کاتە ناسراوەکانی کردارەکە دەکەن ناگۆڕدرێن و کاریگەری جۆری بکەریان لەسەر نابێت. هەروەها کاکڵی وشەکان کاریگەری حاڵەتە ڕێزمانییە جیاوازەکانی لەسەر نابێت. ئەم بابەتانە بە زیادکردنی ئامرازو بابەتگەلێکی تایبەت لکاندنی بە ڕەگی کردارەوە بۆ ئەوەی کاتەکەی و جۆری بکەرەکەی دیاری بکەن و بە وشەکانەوە دەلکێندرێن بە مەبەستی دەربڕینی ڕەوشە ڕێزمانییەکانی دیکە.

(هەموو زمانەکانی ئەم بنەماڵەی زمانی گیرەکیین، وەک زمانی سۆمەری، جێگەی کردار لە ڕستەکانی ئەم زمانانەدا هەمیشە لە کۆتاییدایە، هەروەک چۆن جێگەی کردارەکە لە ڕستەی سۆمەریدا. هەروەها ئەم زمانانە لە

وشەسازیی خۆیاندا جیاوازی لە نێوان نێرینە و مێینەدا ناکەن، هاوشێوەی زمانی سۆمەری.)[1]
بنەماڵەی زمانە گیرەکییەکان، پێدەچێت زمانی سۆمەری سەر بە بنەماڵەی ئۆرال-ئاڵتای بێت ، کە لە زمانەکانی تورکی، قەوقازی، مەجەری و فینلاندی پێکهاتووە، هۆکاری گەڕاندنەوەی سەرچاوەی زمانی سۆمەری بۆ ئەم بنەماڵەی زمانییە ، لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزرابوو کە هەموو زمانەکانی ئەم بنەماڵە زمانی گیرەکیین، وەک زمانی سۆمەری.




جگە لەوەش جێگەی کردار لە ڕستەکانی ئەم زمانانەدا هەمیشە لە کۆتاییدایە، هەروەک چۆن جێگەی کردارەکە لە ڕستەی سۆمەریدا.
(چەمکی بنەماڵەی ڕەچەڵەکی و زمانی ئورال– Uralicئاڵتایی Altaic دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرییە زمانییەکانی
گۆتفرید ویلهێلم لایبنیزGottfried Wilhelm Leibniz ؛

[1] د.فەوزی رەشید،لەکتێبی ( قواعد اللغه السومریه،ل ٢٧-٢٨) دەنووسێت:
زمانی سۆمەری لەزمانەکانی گەردانکردنەکی نییە،دیاردەی گیرەکی تێدیە ،تا ئەمڕۆکە نازاندرێت سەر بە چی بنەماڵەیەکی زمانییە. هەندێک لە کاتی خۆیدا لەو باوەڕەدابوون زمانی سۆمەری دەشێ پەیوەندی هەبووبێت بە هەردوو زمانی گیرەکداری تورکی وقەوقاسی ،بەڵام ئەنجامی توێژینەوەکان ئەمەی نەسەلماندوە،لە هەمان کات پەیوەندیی زمانی سۆمەری بە هیچ زمانێکی گیرەکداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەسەلماوە.

به بۆچوونی ئەو هیچ شێوازێکی باشتر نەبوو بۆ دیاریکردنی پەیوەندی و سەرچاوەی گەلە جیاوازەکانی سەر ڕووی زەوی، باشتر لە بەراوردکردنی زمانەکانیان.
لە کتێبی:
Brevis designatio meditationum de originibus gentium ductis potissimum ex indicio linguarum [١٨[کە لە ساڵی ١٧١٠ نووسیویەتی ئەوەی دەربڕیوە، هەموو زمانێکی مرۆڤی لە یەک زمانی باوباپیرانیەوە سەرچاوەی گرتووە. بە تێپەڕبوونی کات ئەم زمانەی باوباپیرانە بۆ دوو بنەماڵە دابەش بوو؛ یافێتی the Japhetic ; و ئارامی the Aramaic. ... هەرچەندە تیۆری و گروپکردنەکەی زۆر دوور بوو لە تەواوبوون، بەڵام کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پەرەپێدانی توێژینەوەی زمانەوانی هەبوو، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەڵمانی زماندا.)
هەروەها ئەم زمانانە لە وشەسازیی خۆیاندا جیاوازی لە نێوان نێرینە و مێینەدا ناکەن، هاوشێوەی زمانی سۆمەری. جگە لەم تایبەتمەندیانە، هیچ بەڵگەیەکی دیکە نییە کە ئەم زمانانە بەیەکەوە ببەستێتەوە کە متمانەمان پێبدات بڵێین زمانی سۆمەری لە یەکێک لەوانە سەرچاوەی گرتووە.
ڕاستییەکە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی نێوان زمانی سۆمەری و زمانەکانی تر جطة لة ئەوانەی سەر بە بنەماڵەی ئۆرال-ئاڵتاین، نەگەیشتوونەتە ئەنجامێکی قەناعەت پێکەر. لە نێو ئەو لێکۆڵینەوانەدا ئەو هەوڵە هەیە کە پرۆفیسۆری مەجەری براون، کە تیایدا ویستویەتی سەرچاوەی زمانی سۆمەری بگەڕێنێتەوە بۆ زمانی تبت، بەڵام ئەم هەوڵە هیچ دەنگدانەوەیەکی لای پسپۆڕان بەجێنەهێشتووە، هەر بۆیەش بابەتی سەرچاوەی زمانی سۆمەری جێهێڵرا و لێکۆڵینەوە لەسەری سوودی نەما. بۆیە تەنها شتێک کە دەتوانین لەسەری بڵێین ئەوەیە کە ڕەنگە زمانی سۆمەری سەر بە بنەماڵەی ئۆرال-ئاڵتاین بێت.
ئێستا کە بەشەکانی باکووری عێراق بە زێدی ڕەسەنی سۆمەرییەکان دەزانین، پەیوەست بوونی زمانی سۆمەری بە بنەماڵەی ئورال-تایەوە دەبێتە شتێکی گونجاو و لۆژیکی بەهۆی باوەڕمانەوە کە ئەو ناوچانەی شارستانییەتە کشتوکاڵییەکانی تێدا ڕوویداوە و ناوچەکانی تەنیشت ئەوان یەکەم زێدی

بنەماڵەی ئوراڵ-تای دەزاندرێت، بەتایبەتی لە سەردەمی سەهۆڵی چوارەم ((ڤۆرم)).
لەم ماوەیەدا بارانبارین زۆر بوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مرۆڤ هێشتا خواردنی کۆدەکردەوە و هێشتا فێری کشتوکاڵ نەبووبوو، بەڵام کشانەوەی سەردەمی سەهۆڵبەندان کە پێشتر باسمان کردبوو، بووە هۆی کەمبوونەوەی باران لە ناوچەکەدا و ئەوەش بوو بە بارانی وەرزی، هەربۆیە مرۆگەلی ئەم ناوچانە ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ ئەو شوێنەی کە باران و لەوەڕگە زۆرە بەرەو ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.
ژمارەیەکی کەمیان لە ناوچەکەدا مانەوە و سەرەتا لە ناوچەکانی نزیک دامێنی شاخەکانی باکووری ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بوون، کە بارانێکی پێویست بۆ گەشەکردنی بەروبوومەکان لەبەردەستدا بوو، وا دیارە ئەو ئەزموونە کشتوکاڵییەی کە لەلایەن ئەم ژمارەیە خەڵکەوە کەڵەکە بوو، وای لێکردن بتوانن کشتوکاڵ بکەن ، و بەم شێوەیە خەڵکی ئەم ناوچەیە لە قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراکەوە گواسترایەوە بۆ قۆناغی بەرهەمهێنانی خۆراک کە لە ئەنجامدا شارستانیەتەکانی کشتوکاڵی باکووری وەک حەسونە و حەلەف و سامەڕا کە پێشتر باسمان کردووە و لە هەمان کاتدا لەبەرچاومان گرتووە بۆ ئەوەی نیشتمانی ڕەسەنی سۆمەرییەکان بێت.
بەو پێیەی بڵاوبوونەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ڕوویداوە، و دابڕانەکە زۆر دوور بووە لە نێوان کۆچبەران و ئەوانەی لە ناوچەکەدا ماونەتەوە، زاراوەی هەریەکەیان بە جیا و بە ئاراستەی جیاواز پەرەی سەندووە و بەو هۆیەوە تاکە لایەنی لێکچوونەکانی نێوان ئەم شێوەزارانە: سیفەتی گیرەکییەتی دەمێننەوە و شوێنی کردارەکە و جیاوازی نەکردن لە نێوان نێر و مێ.
بەپێی ئەوانەی سەرەوە توێژەرانی بواری توێژینەوەی میخی لە زمانی سۆمەری ژمارەیەکی کەمی وشەی سەیر و سەمەرەیان دۆزیوەتەوە کە پەیوەندییان بە زمانی سۆمەری نییە بۆیە گریمانەیان کردووە لە بەشی باشووری عێراقدا کەسانێک ژیاون بەتایبەت لەسەرکەنارەکانی ڕووباری فورات، پێش ئەوەی سۆمەرییەکان بێنە سەری و ئەم خەڵکەیان بە فوراتییەکانی بەرایی ناوبردووە.


کەمی ئەم وشە سەیرانە لە زمانی سۆمەریدا و قەتیسبوونیان لە ناوی هەندێک شوێن و ڕووبار و کەرەستەدا بۆمان پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەم فوراتییە سەرەتاییانە نوێنەرایەتی ڕێژەیەکی زۆر کەمیان دەکرد و هەر بۆیە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شارستانیەتی سۆمەری بەجێنەهێشتووە، بەڵام پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەوەیە : ئەم فوراتییانە لە کوێوە هاتوون؟ یەکێک لەو زانیارییە یەکلاکەرەوەیانەی کە زاناکان دۆزیویانەتەوە، بروزەر. کاسلێر و نۆتسیل، لە ڕێگەی کەشتی گەڕانی میتیۆرەوە meteor ، ڕایانگەیاند کە کەنداوی عەرەبی دۆڵێکی بێ ئاو بووە لە سەردەمی سەهۆڵبەندانی چوارەمدا ((ڤورم)).

ئەمەش بەو مانایەیە کە مرۆڤی سەردەمی چاخی بەردینی ناوەڕاست و چاخی بەردینی نوێ لەم شوێنە نیشتەجێ بووە و ئەم مرۆڤە بەدرێژایی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و لەو زۆنگاوانەی کە لێیان دروست بووە و لەگەڵ کشانەوەی سەردەمی سەهۆڵبەندانی ڤورم ، لە ١٢ هەزار پێش زایینەوە لەناو ئەو دۆڵەی کە پێشتر باسمان کرد ژیاوە.

کەنداوی عەرەبی وردە وردە پڕ ئاوبووە و لە دەوروبەری ساڵی ٤٣٠٠ پێش زایین ئاوەکانی گەیشتۆتە سنوورەکانی شاری ئور. بێگومان گەڕانەوەی ئەم ئاوە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی دابەش کردووە و بەشێکی کەمیان لەو زۆنگاوانەدا ماونەتەوە کە لە ئاوەکانی کەنداو نزیک بوون.

کاتێک سۆمەرییەکان هاتنە بەشی باشووری عێراق، و خاوەنی هەندێک سەروەت و سامانی کولتووری و شارەزایی کشتوکاڵی بوون، ئەمەش یارمەتیانی دا کە کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر باشوور و ئەوانەی تێیدا بوون بسەپێنن، بۆیە فوراتییەکان نەیتوانی شوێنەواری دیار لە خۆیدا بەجێبهێڵن لەنێو شارستانیەتی سۆمەری، جگە لە ناوی شوێنەکان و هەندێک ئامراز کە سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینی نوێ و ڕەنگە بۆ قۆناغێکی پێشووتر لەوە.

**7- پەیوەندی سۆمەریەکان لەگەڵ گەلانی نیمچە دوورگەی عەرەبی:-**




پێشتر نیشانمان دا کە زێدی ڕەسەنی سۆمەرییەکان بەشەکانی باکووری عێراق بووە، هەروەها ڕامانگەیاندووە کە زیادبوونی ژمارەیان لەوێ بووەتە هۆی کۆچی زیادەیەکیان بۆ بەشی باشوور، بە ڵام ئە وە ی لە و بارە یە وە سە ڕنجڕاکێشە ئە وە یە کە کۆچبە رە سۆمە ڕییە کان وە ک بە زانیاری پشتڕاستکراوە وە سە لمێنراوە ، پاش کۆچە کە یان لە دوورترین شوێنی باشوور نیشتە جێ بوون و لە بە شە ناوە ندییە کانیدا نیشتە جێ نە بوونە .
مەبەستمان لەم بەشانە ئەو ناوچەیەیە کە پێی دەوترێت ناوچەی ئەکەد، دەکەوێتە نێوان بەغدا و دیوانیە.
هۆکاری ئەوەی کۆچبەران دوورترین شوێنی باشووریان هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوە بوو کە بەشی ناوەڕاستی عێراق لەو سەردەمەدا لەلایەن یەکێک لە گەلانی نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە داگیرکرابوو. ئەوەی ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە لە خشتەکانی لیستی ناوی پاشاکاندا ئاماژەی پێکراوە، بەو پێیەی ئەم خشتانە پشتڕاستیان کردەوە کە پاشایەتی لە دوای لافاوەکە لە ئاسمانەوە دابەزی و لە شاری کیش نیشتەجێ بوو، کە ژمارەیەک پاشا فەرمانڕەواییان دەکرد، کە ناوەکانیان دەرکەوت کە لە خەڵکی گەلانی نیمچە دوورگەی عەرەبی بووین.
ئەم زانیاریانە بێ گومان بۆمان دەسەلمێنن کە بەشی ناوەڕاستی عێراق لەلایەن یەکێک لە گەلانی نیمچە دورگەی عەرەبی داگیرکراوە کە دواتر

پێیان دەوترێت ئەکەدیەکان ، جگە لەوەی لە خشتەی پاشاکاندا باسکراوە سەبارەت بە یەکەم دابەزینی پاشایەتی لە شاری کیش، ئەنجامی هەڵکۆڵینە جۆراوجۆرەکان و لێکۆڵینەوە لە دەقە میخییەکان ئاشکرای کردووە بەڕاستی ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە یەکەم شانشینی فەرمانڕەوا کە لە عێراقی کۆن دەرکەوت شانشینی کیش بووە.
ئەمەش بەڵگەی ئەوەشە ، پاشاکانی بنەماڵەی سۆمەری کە لە دوای شانشینی کیشەوە دەرکەوتن دەستیان کرد بە ناونانی خۆیان ((پاشای کیش و شازادەی ئەو بنەماڵەی حوکمڕانی دەکات)). وەک (ئی ئاناتوم))، پاشای یەکەمین بنەماڵەی لگاش، کە پێشتر لە دەقە مێخییەکاندا خۆی بە خۆی دەگوت “ ((پاشای کیش میری لگاش)).
بەڵگەکانی تر کە ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی پاشاکانی شانشینی کیش لە گەلانی نیمچە دورگەی عەرەبی بوون، نازناوی فەرمانڕەواکانی بنەماڵەکانن، وەک ئەوەی بۆیان پشتڕاست کردووین کە وشەی سۆمەری ((لوکال))، کە بە واتای پاشا دێت، بۆ یەکەمجار لەگەڵ پاشاکانی بنەماڵەی کیش بەکارهاتووە.
سەبارەت بە بنەماڵەکانی سۆمەری کە دوای بنەماڵەی کیش هاتوون، سەرەتا نازناوی ((ئینسی))یان بەکارهێناوە، کە بە واتای فەرمانڕەوا یان پاشای شار دێت.
بۆیە ئێمە پێمان وایە کە وشەی ((لوکال)) سۆمەری تەنها وەرگێڕانی وشەیی وشەی ((شێخ))ە چونکە لە دوو نیشانەی ((لو)) کە بە واتای پیاو و ((کال)) کە بە واتای گەورە پێک دێت ، کەواتە مانای وشەکە تەواوە (( پیرە گەورەکە،یا پیرە پیاوەکە، شێخەکە)) دێت.
بەڵگە بۆ دروستبوونی ئەم گریمانەیە ئەوەیە کە ئەو قۆناغەی کە سۆمەریەکان وشەی ((لوکال))یان بەکارهێناوە لەبری ((ئینسی)) بۆ ئاماژەکردن بە پاشا، دوای دزەکردنی گەلانی نیمچە دوورگەی عەرەبی بووە بۆ نێو سۆمەریەکان ڕوویداوە. نموونەی ئەمەش دوایین پاشای بنەماڵەی( لۆما)یە کە ناوی (لوکال زاکیزی)یە، کە لەسەر دەستی شا سارگۆنی ئەکادی ڕووخا. جگە لەوەی کە بەشی یەکەمی ناوەکەی لە وشەی ((لو کال)) پێکهاتووە، نازناوی ((لو کال)) یشی لێنراوە.
ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەو تێکەڵاوبوونەی سۆمەرییەکان وخەڵکی نیمچە دوورگەی عەرەبی کە لە سەردەمی سۆمەریی کۆنەکاندا (نزیکەی ٢٧٠٠-

٢٣٤٠ پێش زایین) ڕوویدا، تەنیا لەنێو ئەندامانی خەڵکدا سنووردار نەبوو، بەڵکو تەنانەت کۆشکەکانی شاهانەشی گرتەوە و لە باشترین بەڵگەکانی ئەوەش شازادە ((ثوابی))، کە پێشتر ناوی شیبعاد دەگوترا، بەو پێیەی یەکێکە لە گەلانی نیمچە دوورگەی عەرەبی، بەڵام شازادە بووە لە کۆشکی سۆمەری.ییەکاندا.
بە پشت بەستن بەوانەی سەرەوە، هەرچەندە ڕەگەزی سۆمەری جیاوازە لە ڕەگەزی گەلانی نیمچە دورگەی عەرەبی، بەڵام ئێمە زۆر شانازی بە شارستانیەتییەکەیەوە دەکەین چونکە ڕوونە کە لەدایک بووە،... لە خاکێکدا گەورە بووە و خوێنی گەلانی نیمچە دوورگەی عەرەبی لە دەمارەکانیدایە.
وەک دەزانرێت ئەکەدیەکان بە سەرکردایەتی پاشا سارگۆن، بۆ خۆیان، دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی سۆمەری کۆن، ئیمپراتۆریەتێکی فراوانیان دامەزراند کە دەسەڵاتەکەی بۆ ماوەی نزیکەی دوو سەدە و نیو بەردەوام بوو ئەمەش یارمەتی تێکەڵبوونی سۆمەرییەکان وئەکەدیەکانی بە شێوەیەک تێکەڵ بووکە جیاوازیکردن لە نێوانیاندا قورس بوو، سەرەڕای گەڕانەوەی دووەمی سۆمەرییەکان بۆ دەسەڵات دوای ڕووخانی گوتییەکان و دامەزراندنی بنەماڵەی سێیەمی ئور، کاریگەری تێکەڵبوونی ئەکەدیەکان لەگەڵیان ئەوەندە ڕوون بوو کە دوو لە پاشای ئەم بنەماڵەیە دوو ناویان هەڵگرتووە. ئاماژە بەوە دەکەن کە لە گەلانی نیمچە دورگەی عەرەبین ئەوانیش ((شوسین و ئەبی سین))بوون.
جگە لەوەش ئەم تێکەڵەکارییە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هونەر و زانستەکان هەبوولە عێراقی کۆن دا لە قۆناغەکانی دوای سەردەمی ئەکەدیەکان.
سەبارەت بە هونەریش، پێشتر نیشانمان دا کە هونەری سۆمەری ملکەچی کاریگەری ڕەهاگەری بووە، ئەو هۆکارەکانیمان ڕوونکردۆتەوە، لە کاتێکدا هونەری ئەکەدی واقیعی بووە، چونکە پاشخانەکانی جیاواز بووە لە پاشخانی هونەری سۆمەری بۆیە تێکەڵبوونی سۆمەرییەکان لەگەڵ ئەکەدیەکان بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی شێوازێکی هونەری نوێ کە تێیدا ڕیالیزم و ئەبستراکت بە شێوەیەک تێکەڵ دەبن سنووریان دیارناکرێت.
ئەو پارچە هونەریانەی دوای ئەم تێکەڵبوونەمان بەدەست گەیشتووە دەتوانین بە ئاوی بچوێنین، کە وەک دەزانین لە توخمەکانی ئۆکسجین و هایدرۆجین

پێکهاتووه، بەڵام کە سەیری دەکەین وامان لێناکات هەست بە پێکهاتە ڕاستەقینەکانی بکەین. لە ڕاستیدا هەمان شت لەگەڵ بەرهەمە زانستی و ئەدەبییەکان ڕوویداوە.

**پەراوێزەکان:**


**١- ئێریدو (ناوی ئێستای ئەبو شەهرین)ە دەکەوێتە ٤٠کم لە ڕۆژئاوای شاری ناسریە.**

**٢- راس العمیە: دەکەوێتە ٣٠ کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شوێنی کیش (=تل الاحیمر).**

**سەرچاوە:**

**د. فوزي رشيد: من هم السومريون. مجلة آفاق عربية. السنة السادسة العدد (12) آب 1981 ص85.**

## شاره سۆمەرییەکان



| ژمارە | ناوی سۆمەریی شارەکە | ناوی ئێستای شارەکە | خوداوەندی سۆمەری | واتای |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سپار ),( Sippar Zimbir | ئەبو حەبیبە(تل ابو حبیبە-یوسفیە-بغداد)- | نوتوUTU | خۆر |
| 2 | کیش Kish | گردی ئیحیمەر-تل احیمر | ننخرساگ NINHURSAG(خانمی زەوی)(کی-KI)- | زەوی (خوداوەندی دایک). |
| 3 | ئیکشاک Akshak | | ئینلیلENLIL | هەوا |
| 4 | لاراک ( Larak (or Larag | ئارک | پابیل -سانگ Pabilsag +ننسینا | جیهانی ژێرزەوی + شیفا. |
| 5 | شروپاک Shuruppak | فارە | ئینکی ENKI | ئاو |
| 6 | نیپور Nippur | نففر(نوففەری تازە لە شاری عەفج) دیوانیە | ئینلیل | هەوا |
| 7 | کوثی | گردی ئیبراهیم ،شاری کوت-تل ابراهیم- الکوت | نرگال NERGAL- | جیهانی ژێرزەوی. |
| 8 | ئەدەب( Adab )- | بە سمایە (Tell Bismaya) لە پارێزگای زیقار | ننخرساج –Ninhursag | زەوی |
| 9 | ئوما Umma | تل جۆخا Jokha (لە پارێزگای زیقار)- | شارا | جەنگ |
| 10 | لەگش Lagash | ( الهیبە)ی لە پارێزگای زیقار (ذیقار)(تلو)لەدووری ٢٢کم لە شاری (الشطرە) | نخرسو Ningirsu- | باهۆز |
| 11 | پادتیبیرا -Bad – tibira | تەل مەدینە،لەنێوان (الشطرە)و (تل السنکرە،لارسای کۆن)- | دموزی DUMUZID | لەوەڕگەی وپیت وفەڕ |
| 12 | ئوروک Uruk | دەکەوێتە دووری ٣٠ کم ی رۆژهەڵاتی (السماوە- لە پارێزگای (المثنی) | ئینانا INANNA - آن Anu | الزهرە، السماء |
| 13 | لارسا Larsa | - سانکارا -ئوتو -خۆر. ( سنکرە) دەکەوێتە دووری ٢٥ کم ی رۆژهەڵاتی (ڕوروک) لە پارێزگای زیقار). | | |
| 14 | ئور Ur | (دەکەوێتە شوێنی تەل المقیار (تەل المقیر)ی تازە لە باشووری عێراق، پارێزگاری زیقار) | - نانا NANNA | مانگ |
| 15 | ئەریدۆ Eridu | تەل ئەبو شەهرین | ئینکی | ئاو (پەندزانی - حیکمەت). |

ژماره - ناوی سۆمەریی شارەکە- ناوی ئێستای شارەکە- خوداوەندی سۆمەری – واتای:
١- سپارZimbir ),( Sippar - ئەبو حەبیبە(تل ابو حبيبه-يوسفيه-بغداد)- ئۆتۆUTU –خۆر.
٢- کیش Kish - گردی ئیحیمەر- ننخرساگ NINHURSAG(خانمی زەوی)(کی-KI)- زەوی (خوداوەندی دایک).
٣- ئیکشاک Akshak – - ئینلیلENLIL - هەوا.
٤- لاراک ( Larak (or Larag - ئارک –( پابیل -سانگ Pabilsag +ننسینا - جیهانی ژێرزەوی + شیفا.
٥- شروپاک Shuruppak -فارە- ئینکی ENKI- ئاو .
٦- نیپور Nippur –نفەر(نوففەری تازە لە شاری عەفج) دیوانیە- ئینلیل- هەوا .
٧- (کوپی) گردی ئیبراهیم ،شاری کوت - نرگال NERGAL- جیهانی ژێرزەوی.
٨- ئەدەب(Adab )- بە سمایە (Tell Bismaya) لە پارێزگای زیقار - ننخرساج Ninhursag– زەوی.
٩- ئوما Umma - تل جۆخا Jokha (لە پارێزگای زیقار)- شارا- جەنگ.
١٠- لەکش Lagash–( الهيبه)ی لە پارێزگای زیقار (ذیقار)(تلو)لەدووری ٢٢کم لە شاری (الشگره) - ننخرسو Ningirsu- باهۆز.
١١- پادتیپیرا Bad-tibira – تەل مەدینە،لەتێوان (الشطره)و (تل السنکره،لارسای کۆن)- دموزی DUMUZID - لەوەڕگەی وپیت وفەڕ).
١٢- ئوروک Uruk دەکەوێتە دووری ٣٠ کم ی رۆژهەڵاتی (السماوه- لە پارێزگای (المپنی))) ئینانا INANNA - آن Anu -الزهره، السماء)
١٣- لارسا Larsa - سانکارا -ئۆتۆ –خۆر. ( سنکره) دەکەوێتە دووری ٢٥ کم ی رۆژهەڵاتی (ڕورِوک) لە پارێزگای زیقار).
١٤- ئور Ur (دەکەوێتە شوێنی تەل المقیار (تەل المقیر)ی تازە لە باشووری عێراق، پارێزگاری زیقار) - نانا NANNA– مانگ.
15- ئەریدۆ Eridu –تەل ئەبو شەهرین –لە باشووری ڕۆژئاوای شاری ئورەوە دوورە (ناسریە) (الناصرية).

## ئەریدۆ Eridu –تەل ئەبو شەهرین –تل ابو شهرین







گۆلی تەنیشت پەرستگە -نیوە بازنە ڕەشەکەبۆ پاک بوونەوەیە




**خوداوەند (ئینکی -ئئیا) گۆزەی ئاوی فیچقەکردووی لەدەستە پێلەکانی ئاوی دجلەو فوراتن لە شوێنی خۆی لە ئابسو دانیشتووە و وەزیرەکەی ئیسمود لە پێشی وەستاوە ودووپاسەوان دەرگاوانن - لخمو**

ئێریدو (بە سۆمەری: NUN.KI/eridugki؛ بە ئەکەدی: irîtu)، شارێکی کۆنی عێراقییە کە وێرانەکانی دەکەوێتە سەر گردێک کە ئەمڕۆ بە ناوی تەل ئەبو شەهرین(تل أبو شهرين)، نزیکەی حەوت میل (نزیکەی ١٢ کم) لە باشووری ڕۆژئاوای شاری ئورەوە دوورە (ناسریە) (الناصرية). لە زمانی سۆمەریدا، وشەکە بە واتای شوێنێکی گەورە دێت، دەکەوێتە باشووری میزۆپۆتامیا لە پارێزگای زیقاری ئێستادایە، ئێریدو بە شێوەیەکی نەریتی بە سەرەتاییترین شاری باشووری میزۆپۆتامیا دادەنرێت بە پشتبەستن بە لیستی پاشاکانی سۆمەری.

شارەکانی سۆمەری لە دەوری پەرستگاکان گەشەیان کردووە و فراوانتر بووین. ئێریدو لە بینای خشتی قوڕ پێکهاتبوو ،لەگەڵ گەشەکردنی پەرستگاکان گوندەکەش گەشەی کردووە ، بنیاتنانی شارەکە فراوانتر و فراوانتر بوو .

شوێنەوارناسەکان لەوباوەڕەدان ، ئێریدو یەکێک بووە لە یەکەمین شارەکانی سۆمەری و ڕەنگە مێژووی دروستکردنی بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش زایین بگەڕێتەوە. شارەزایانی شوێنەوار لە ساڵانی چلەکاندا کۆمەڵێک هەڵکۆڵینیان ئەنجامدا بۆ هەڵکەندنی شارە دێرینەکە. خوداوەندەکانی شارەکانی ئێریدو بریتی بوون لە ئێنکی و هاوسەرەکەی دامکینا. ئینکی کە دواتر بە ئیا (إياEa ) ناسرا، بە دامەزرێنەری شارەکە دادەنرا. پەرستگاکەی ناوی ئی- ئەبزو E-Abzu بوو، چونکە پێیان وابوو ئێنکی Enkiلە ئەبزو Abzu دەژی، کەئەم ناوەندە ئاوییەیە کە وا بیردەکرایەوە هەموو ژیانێک لێیەوە سەرچاوەی گرتووە. بە پێی سروودەکانی پەرستگای سۆمەریەکان ناوێکی دیکەی پەرستگای ئێیا/ئەنکی ناوی عیسیرا (ئەسیرا) بووە.

# ئور Ur Kasdim(المگیر)



تابلۆی دیواری لە ئورەوە، ٢٥٠٠ پێش زایین؛ مۆزەخانەی بەریتانیا




ژنێکی ڕووتی سەرمارمێلکە -منداڵێک شیر دەدات، لە ئور، سەردەمی ئوبەید، ج. ٤٥٠٠-٤٠٠٠ پێش زایین؛ مۆزەخانەی عێراق





The name $URIM_5^{KI}$ for "Country of Ur" on a seal of King Ur-Nammu

ئور Ur Kasdim،یا Ur of the Chaldeans ،شار-دەوڵەتێکی گرنگی سۆمەری بووە لە میزۆپۆتامیای کۆن، دەکەوێتە شوێنی: تَلّ ٱلْمُقَيِّر، بە واتای 'تەپۆڵکەی قیر') لە دی پارێزگای زیقار ، باشووری عێراق. هەرچەندە ئور سەردەمانێک شارێکی کەنار دەریا بووە لە نزیک فورات لەسەر کەنداوی فارس، بەڵام کەنارەکانی گۆڕاوە و ئێستا شارەکە لە ناوخۆدایە، لە کەناری باشووری فورات، ١٦ کم (١٠ میل) لە پارێزگای ناسریە-الناصریە دوورە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوبەید (٥٠٠٠-٤١٠٠ پێش زایین) لە ٣٨٠٠ پێش زایینی بووە شارێکی تەواو - تا ساڵی ٤٥٠ پێش زایین. ، و لە مێژووی نووسراودا وەک شارەدەوڵەتێک لە سەدەی ٢٦ی پێش زایینەوە تۆمارکراوە، یەکەم پاشای تۆمارکراوی پاشا توتوس بووە.
خوداوەندی پارێزەری شارەکە نانا Nanna بوو (بە زمانی ئەکەدی، سین Sin)، خوداوەندی مانگی سۆمەری و ئەکەدی، ناوی شارەکەش لە بنەڕەتدا لە ناوی خوداوەندەکەوە وەرگیراوە، UNUGKI، کە بە واتای "شوێنی نیشتەجێبوون (UNUG)ی نانا".شوێنەکە بە وێرانەکانی زیگوراتی ئور کە بەشێکی نۆژەن کراوەتەوە، کە مەزارگەی نانا لەخۆدەگرێت، پەرستگاکە لە سەدەی بیست و یەکەمی پێش زایین (کورتی کرۆنۆلۆژیا)، لە سەردەمی ئور-ناممو Ur-Nammuدروستکراوە و لە سەدەی شەشەمی پێش زایین لەلایەن نابۆنیدۆس Nabonidus، دوا پاشای بابلەوە بنیات نراوەتەوە.

# ئوروک Uruk(الوركاء)



بنیادنانەوەی
دیجیتاڵی
پەرستگای سپی
White Temple,
و زیگورات
ziggurat ،
ئوروک ، ٣٥١٧-
٣٣٥٨ پ.ز



ئەم پاشا-پێشگۆیە و هاوڕێکەی خۆراک به مەڕەکانی پەرسگە دەدەن. سەردەمی ئوروک،
نزیکەی ١٩٩٠. ٣٢٠٠ پێش زایین

ئوروک Uruk ( دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کەناری ڕووباری فورات، نزیکەی ٣٥ میل دوورە لە شاری ئور و نزیکەی ٣٠ کم لە ڕۆژهەڵاتی سەماوە-السماوة دوورە ، پارێزگای موتەننا-المثنى لە عێراق.
شاری ئوروک بە یەکێک لە ناوەندە شارستانییەکانی بەرایی جیهان دادەنرێت، کە لە سەرەتای سەردەمی برۆنزیدا دەرکەوتووە، نزیکەی 4000 ساڵ پێش زایین نووسین لە شاری ئوروک داهێنراوە، لەم شارەشەوە یەکەم پیت لە جیهان دەرکەوت، لە دەوروبەری ساڵی ٣١٠٠ پ. ئوروک لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە جیهاندا، پێش نزیکەی ٢٩٠٠ پ.ز هەروەها گیلگامێش لەم شارەدا دەرکەوت، هەروەها لەو شوێنانەی کە گڵێنەی نەخشێنراو لەسەر (چەرخی گڵێنەسازی) دروست دەکرا. هەروەها قاپی کانزای دروست دەکرا. شارستانیەتێک لەوێ سەریهەڵدا کە نووسینی میخی دەزانی، کە پێکهاتبوو لە وێنەی سادەی شتەکان لەسەر دەپە گڵێنەکان، کە تێیدا ڕێنووسی میخی پەیڕەو دەکرا. شاری ئوروک بەردەوام بوو لە پاراستنی پێگەی خۆی وەک شارێکی ئایینی و ناوەندێک بۆ پەرستنی خوداوەندی ئیشتار کە خوداوەندی خۆشەویستی و شەڕە، پەرستگاکانی تایبەت بوون بە پەرستنی خوداوەندی ئیشتار، بۆیە شارەکە جۆرێک لە پەرستنی خوداوەندی ئیشتارو پیرۆزیی پاراست. بەڵام دوای ئەوە شارەکە لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠ پ جیهانی کۆن پشتی بە ڕەوتی ڕووبارەکان بەستبوو، شارەکە جێهێڵرا و دوای ئەوە خەڵکی تێدا نەما.

## گرعوبێد (تل العبيد) AL- UBIAD



تەل ئەلعوبەید AL- UBIAD دەکەوێتە باشووری عێراق و شەش کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای ئورەوە دوورە و نزیکە لە شاری ناسریە-الناێریە، نێردەی بەریتانی لە ساڵی ١٩١٩ هەڵکەندنی تێداکرد وەک لە ئور و شوێنەواری و گڵێنەیان لەسەر ڕووی دۆزیەوە کە بەهۆی توند سووتاندنی و ڕەقییەکەیەوە جیاکرایەوە، مێژووەکەی بە نزیکەیی (٤٠٠٠-٣٥٠٠ پێش زایین) ناسرابوو گڵێنەکانی بە ئەلعوبەید ناسران، بەکارهێنانی چەرخی گڵێنەیازی دروست دەکران و زۆربەیان بە هێڵی ڕەشی فراوان بۆیاخ کرابوون ، شێوەی ئەندازەیی وروەکی وئاژەڵی هەبوو.

# نیپوور- نوففەر (نفر )Nuffar




وێرانەکانی سەکۆیەکی پەرستگایەک لە نیپور- پێکهاتەی خشتی سەرەوە لەلایەن شوێنەوارناسە ئەمریکییەکانە وە لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٠ در وستکر اوەت



نابلۆیةکی هةلَکؤلَدراو ی پەرسکاران ، نیپور

نوفەر Nuffar بە سۆمەری Nibru یان نیپور Nippur قەزایەکی عێراقییە و دەکەوێتە ناوچەی فوراتی ناوەڕاست لە پارێزگای دیوانییە، و لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای عفکە، پایتەختی ئایینی سۆمەریەکان و بابلییەکان بوو، و دەکەوێتە ٧ کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری عفک (القادسیة-الدیوانیة)، کە دەکەوێتە ١٧٥ کم لە باشووری بەغداوە. دەکەوێتە کەناری ڕاستی چەمی فوراتی کۆن. کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری نیلی لەناوچوو. پیرۆزییەکەی لەوە سەرچاوە دەگرێت کە پایتەختی ئایینی و شوێنی دانیشتنی خوداوەندە ئینلیل Enlil نینلیل ی هاوسەری بووە .کورسی خوداوەند (ئەنو)ە، کە لە ڕەوازانیی حەمورابیدا باسی لێوە کراوە.

## شوروپاک Shuruppak



شوێنی ئەو شارە دێرینە ناوی ( شوروپاک Shuruppak ) ە (بە سۆمەری: SU.KUR.RUki ،Šuruppag KI) "شوێنی چاکبوونەوە" ، نشینگەی پاڵەوانی لافاوەکەی بابل، "ئوتو-نێپشتیم"، ئێستا بە ناوی تەل فارە(تل فارة) Tell Fara ناسراوە،دەکەوێتە نزیکەی (٦٤ کم) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری دیوانیە لە عێراق.
شارێکی کۆنی سۆمەرییە و نزیکەی ٥٥ کیلۆمەتر (٣٥ میل) لە باشووری نیپور و ٣٠ کیلۆمەتر لە باکووری ئوروکی کۆن لە کەناراوەکانی فورات هەڵکەوتووە لە پارێزگای ئەلقادیسیە(دیوانیة) عێراق. شوروپاک تایبەت بوو بە مێخوداوەند نینلیل Ninlil کە پێی دەوترێت سود Sud ، مێخوداوەندی دانەوێڵە و هەوا.
ناسینەوەی شوێنەکە سەرەتا وەک شوروپاک Shuruppak لە دەپێکی گڵینی سەردەمی ئور سێیەمەوە هاتووە کە باسی هەلادا Haladda ، کوڕی دادا Dada ، پاتێسی شوروپاک Shuruppak (SU.KUR.RUki)،
نووسراوە سەردەری دەروازەی گەورەی خوداوەند شوروپاکی چاککردۆتەوە، لە نێوان دۆزراوەکانی تردا، ٨٤٧ دەپی مێخی و ١٣٣ پارچەی دەپی لە

سەردەمی سەرەتای بنەماڵەی سێیەم کۆکراونەتەوە، کە لە مۆزەخانەی بەرلین و مۆزەخانەی ئەستەنبوڵن. دەقی کارگێڕی و یاسایی و وشەنامەیی و ئەدەبییان لەخۆگرتبوو. زیاتر لە ١٠٠ لەو دەپانە باسیان لە خەرجکردنی بەشەخۆراک بۆ کرێکاران دەکرد.

شوروپاک لە سەردەمی جەمدەت نەسر، نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین بووبەشار، دوای دابەزینی ئاوی لافاوەکە، لە کۆتاییەکانی شانشینی سێیەم لە ساڵانی (٢٦٠٠-٢٣٥٠ پێش زایین) بووە شارێک و ڕووبەرەکەی نزیکەی ١٠٠ هێکتار بوو، بەڵام لەو کاتەدا ئاگرێک کەوتەوە و وێرانکارییەکی زۆری لێکەوتەوە و دیوارەکانی سووتاند، بەڵام ژمارەیەکە کەمی دانیشتوان ڕزگاریان بوو. ناوی دوو پاشای ئەم شارە لە لیستی پاشاکانی سۆمەریدا هاتووە، لەوانە ئوبارا-تاتو، کە دوا پاشای شروباک بوو پێش لافاوەکە لە داستانی گیلگامێشدا ناوی پاشا ئوتاناپشتیم، کوڕی ئوبارا-تاتو دەرکەوتووە ، کە بە هەمان شێوە پێی دەگوترا زیوسدرا و پێدەچێت ئەم بەشەی گیلگامێش لە دەقە ئەدەبییەکی دیکەوە وەرگیرابێت کە بریتییە لە ئەفسانەی ئەتراحاسیس.

ئاماژە مێژووییەکان کە لە دەقە مێخییەکاندا هاتووە، ئاماژە بەوە دەکەن کە "شروباک" یەکێک بووە لەو ناوەندانەی کە لە سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکاندا گەشەی کردووە و یەکێک بووە لەو پێنج شارانەی کە بنەماڵەیێکی پاشاکان لە سەردەمی پێش لافاوەکەدا حوکمڕانییان تێدا کردووە.

لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا کۆمەڵەیەکی گرنگی مۆری لوولەیی دۆزرایەوە ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکانی دووەم، و ئەو دیمەنانەی تیادا نمایش دەکرێن زیاتر ناکۆکی و ململانێی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و دیمەنەکانی بەلەم هاژۆشتن نیشان دەدەن، کە تێیدا خوداوەندەکان دەپەڕنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆ ئاهەنگگێڕان بە جەژنەکان دیاری کراون.


Suruppak

یەکێک لەو دۆزینەوە گرنگانەی کە دۆزرایەوە بریتیە لە کۆمەڵێک مۆری گڵێنیی کۆن کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەی سێیەم ،بریتییە لە تۆماری داهاتەکانی پەرستگاکان ، هەندێکیشیان مەشقی قوتابخانە بوون، لەوانە خشتەی بەهاکانی نیشانە مێخییەکان و دەنگەکانیان بەم شێوەیە، کۆنترین فەرهەنگن لە مێژوودا.
لە ڕاپۆرتی هەڵکەندنی ساڵانی ١٩٣٠دا باس لە چینێک لە نیشتەنییەکانی لافاو دەکات لە کۆتایی سەردەمی جەمدەت نەسر لە شوروپاک، شوروپاک لە ئەفسانەی میزۆپۆتامیادا یەکێکە لە شارەکانی "پێش لافاو" و ماڵی شا ئوتناپیشتیمە، کە پێشتر بە دروستکردنی بەلەمێک لە لافاوەکە ڕزگاری دەبێت.
"شروپاک" Shuruppak هەندێک جار ناوی پاشایەکی شارەکەشە، ڕزگاربووی ئەفسانەیی لە لافاوەکە و گوایە نووسەری:
**ڕاسپاردەکانی شوروپاکە Instructions of Šuruppak "**
دەقەکە پێکهاتووە لە وتەی ئامۆژگاری شوروپاک کە ئاراستەی کوڕەکەی و دواجار پاڵەوانی لافاو زیوسودرا Ziusudra (ئەکادی: ئوتناپشتین Utnapishtin) کراوە.
ڕاسپاردەکان لە دەمی پاشا شوروپاک (SU.KUR.RUki) کوڕی ئوبارا-توتو دادەنراوە. ئوبارا-توتو Ubara-Tutu لە زۆربەی لیستی پاشاکانی سۆمەردا وەک دواپاشای سۆمەری پێش لافاوەکە تۆمار کراوە. ئوبارا-توتو

بە کورتی لە دەپی یازدەهەمی داستانی گیلگامێشدا Gilgamesh بە کورتی باسکراوە، کە تێیدا وەک



MS 3396
Instructions of Shuruppak, proverb collection. Sumer, ca. 2600 BC

باوکی ئوتناپشتیم Utnapishtim ناسراوە، کارەکتەرێکە لەلایەن خوداوەندی سۆمەری ئینکی - ئیا Ea ڕێنمایی دەکرێت کە کەشتییێک دروست بکات بۆ ئەوەی لە لافاوەکەی داهاتوو ڕزگاری بێت. مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایین، لە کۆنترین ئەدەبیاتەکانی ماونەتەوە دەژمێردرێن .

( تەها باقر، پێشەکی مێژووی شارستانییەتە کۆنەکان، چاپی یەکەم، ل ۲۹۸_۲۹۹ .)

لە پێشەکی د.خەزعەڵ ماجیدی هاتووە:

ئەم شارە (شروپاک) تایبەت بوو بە پەرستنی مێخوداوەندی (نینلیل)، هاوسەری خوداوەندی نەتەوەیی سۆمەری (ئینلیل)، خوداوەندی هەوا، هەروەها خوداوەندی هەوا و خوداوەندی دانەوێڵە.



Ninlil

شاری شوروپاک دوایین شار بوو کە پێش لافاوەکە پاشایەتی تێیدا دامەزرا، وا دیارە سێ پاشا حوکمڕانی ئەم شارەیان کردووە، ئەوانیش (ئوبارا-توتو، شوروپاک و زیو-سیدرا)، هەرچەندە تۆماری پاشاکانی سۆمەری تەنیا یەک پاشا دەسەلمێنێت ، (ئوبارا-توتو)، و ئەم ناوە بە واتای (پڕ-ژیری ودانایی) دێت و ئاماژە بەوە دەکات کە شاری شوروپاک شاری ژیری ودانایی وحیکمەتە، و باوەڕ وایە کە خواوەندی حیکمەت (توتو)ی تێدا پەرسترابێت ، کە بە بۆچوونی ئێمە (توت) یان



پوختەی
ژمێرکاری زیو بۆ
پارێزگار بە میخی
سۆمەری لەسەر
دەپییێکی گڵین
نووسراوە. لە
شوروپاک،
عێراق، نزیکەی
٢٥٠٠ پێش
زایین.
مۆزەخانەی
بەریتانی،
لەندەن.

(طوط)ە، کەبووەتە (تحوت)ە کە لەگەڵ ژیری ودانابیدا چووەتە میسر و بووە بە خوداوەندی ژیری ودانایی حیکمەت و نووسین لەوێ.
ئەمەیە کە ئێمە وەک پشتگیری لە دیدگاکەمان دەیبینین، کە دەڵێت سەرەتاکانی نووسین و ژیری ودانایی -حیکمەت و شارستانیەت لە سۆمەرەوە بەرەو میسر گواستراوەتەوە و لەوێ بە ئاوەزو و کەرەستەی میسری بەردەوام بووە.
بەم شێوەیە شوروپاک، جگە لە شارەکانی دیکەی سۆمەری، ئەوە شاری ژیری ودانایی و حیکمەت پێش لافاو. ڕوون بووەوە کە شارەکە ناوی خۆی لە ناوی پاشا و ژیرمەند-حەکیمەکەیەوە وەرگرتووە (شروباک)، شاری شوروپاک بووەتە شارێک بۆ هەڵگرتن وئەمبارکردنی دانەوێڵە، بەو پێیەی شاری سایلۆکانی خۆراک بووە لە سەردەمی جەمدەت نەسر لە دەوروبەری ٣٠٠٠ پێش زایین ، کاتێک ڕووبەری نزیکەی ١٠٠ هێکتار بوو، لەم ماوەیەدا بەهۆی ئاگرێکی گەورەوە لەناوچوو کە بەشێکی زۆری دیوارە

گڵێنییەکانی و دیوارە خشتییە قوڕینەکانی سووتاند، کە لە هەمان کاتدا بۆ هەزاران ساڵ پاراستی.
لە داستانی لافاوەکەی بابلدا ناوی (زێو-سیدرا)ی لەگەڵ ناوی (ئەتراحاسیس) هاتووە وەک هاوواتای پاڵەوانی لافاوەکەی بابلی (ئۆتۆناپیشتیم) کە لە داستانی گیلگامێشدا ئاماژەی پێکراوە ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەتراحاسیس ناوێکی دیکەیە، ڕەنگە ئەکەدی بێت، بۆ زیو-. سیدرا، لە کاتێکدا ئاتوناپشتیم وەرگێڕانێکی بابلییە بۆ ناوی سۆمەری زیو-سیدرا.
ناوی ئەتراحاسیس ئاماژەیە بۆ ژیری ودانایی وحیکمەت، بەو پێیەی مانای وشەیی (ژرِ-هەستیاری)ە، بە واتای (ژرِ ژیری وڤەندیاری) هەموو ئەم سیفەتانە پشتگیری لە دەقی وڤەندیاری- حیکمەت دەکەن کە ئێمە باسی دەکەین،شایانی ئاماذة ثێكردنة (ژرِ-هەستیاری) لە ناوی (ئۆپرا - توتو)یشدا هەیە، چونکە توتو ئاماژەیە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، خوداوەندی توتو یان تحوت، خوداوەندی ڤەندیاری-حیکمەت،ئةوةی بە ڕەچەڵەک سۆمەرییە و بە هەمان ناوەوە طويَزراوةتةوة و ڕووی لە میسر کردووە ( تحوث)، ئةوةیش هاندەری گریمانەی بنەچەی سۆمەری بوونی شارستانیەتی میسرییە بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت، ئەمە جگە لەو بەڵگە زۆرانەی کە لە کتێبەکانماندا لەسەر ئەم بابەتە باسمان کرد.
دەقەکە وەک وتمان لە ڕێگەی بابەتی کردارییەوە داوای چاکە دەکات وەک: نابێت کێڵگەیێک بخەیتە سەر ڕێگای گشتی، چونکە خەڵک کاتێک تێدەپەڕن لەناوی





Sumerian King List, 1800 BC, Larsa, Iraq

دەبەن ،نابێت یاری بە هەستی ئافرەتێکی شوودار بکەیت، چونکە ئەنجامەکەی مەترسیداردەبێت، یا رەخنە بگریت لە بیروڕای گشتی بە بوختان و جنێو و هتد.

- بەشەکانی دەق، دەقەکە بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە:

١. بەشی یەکەم (لە دێڕەکانی ١-٧٥):

هەریەک لە سێ بەشەکەی دەقەکە بە سەربەندێکی دووبارەبووەوە دەست پێدەکات ،بەخشینی وەسیەتنامەکان لەلایەن شروباکەوە بە کوڕەکەی ڕوون دەکاتەوە، وەک ئەوەی ئەمە لە سێ قۆناغدا ڕوویدابێت یان وەک ئەوەی لە سێ قۆناغدا نووسرابێت، بەڵام بەشی یەکەم بابەتەکە بە شێوازێکی گێڕانەوەیی باسی بابەتەکە دەکات، پێش دووبارەبوونەوەی سەربەندەکە ، وەک چۆن ئەو

ڕۆژە کۆنانەی بیردەخاتەوە کە تێپەڕیون، و لە سەرەتای چیرۆکە میللییەکان دەچێت، کە بە هەزاران ساڵ دوای ئەو هاتووە و وەرگێڕانی وشەیی دەقەکە دەڵێت (لە ڕابردوودا... لەو ڕۆژە سەخت و دوورانەدا... هتد)، کە هاوتەریبە لەگەڵ وشە بەناوبانگەکەی (هەبوو نەبوو.. . ڕۆژێک لە ڕۆژان... هتد).
ڕێنوێنییەکانی بەشی یەکەم و سێیەم بە بوونی سەرسەختی ئامرازی قەدەغەکار (نەخێر) دەناسرێنەوە، ئەنجامدانی زۆرێک لە کارەکان کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن قەدەغە دەکات، لە زۆربەی ئەم ڕێنوێنیانە جەخت لەسەر وریایی و وردبینی دەکەنەوە لە دروست مامەڵەکردن لەگەڵ کاروبارەکانی ژیاندا
بەشی دووەم (لە دێڕەکانی ٧٦-١٤٥):
شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم بەشە جیاوازە لە شێوازی دوو بەشەکەی تر و هەرچەندە هەندێک دێڕ نەماوە، ئەمەش کەمێک ماناکە دەشێوێنێت، بەڵام دەتوانین لە بەستێنی بابەتەکە بزانین کە هۆشداری دیکە هەیە پەیوەندی بە خواردنەوەی مەی هەیە، نادادپەروەری لە پێدانی کرێی جێگەی قامیشین و نان، و هۆشداری سەبارەت بە دوورکەوتنەوە لە چاوچنۆکی و بەڕێوەبردنی کۆشک و ماڵ بە لێزانی، و مامەڵەکردنی واقیعیانە لەگەڵ ژیاندا (ئاسمان دوورە، زەوی بەنرخترینە).
3 . بەشی سێیەم (لە دێڕەکانی ١٤٦-٢٨٠):
جۆرێکی تری قەدەغەکردنە سەبارەت بە بەدەستهێنانی خزمەتکار وگەشتکردن و گوێگرتن لە خوشک و برا گەورەکان و هاندانی هاوسەرگیری و مامەڵەی خواپەرستانە لەگەڵ ئەوانی تردا بەدواداچوون بۆ قەدەغەکردنەکە دەکات و سروشتەکەی ڕوون دەکاتەوە.
لەم ماوەیە دوور و درێژەدا ڕاسپاردەکانی شوروپاک وەک بنەمای ئەو فێرکاری و ڕاسپاردانە مانەوە کە بنەمای ئەدەبیاتی پەندزانی -حیکمەت بوون لە میسردا و هەندێکیان بەپێی ئەو کات و شوێنەی هەبوون دەستکاری کران و زیاد کران و هاتنە سڕینەوە.

**ڕاسپاردەکانی شوروپاک**

The Instructions of Shuruppak



٤. وەرگێڕانی دەقی ڕاسپاردەکانی شرۆپاک

بەشی یەکەم(لە دێڕی ١-٧٥)
لە ڕابردوودا،
لە ئەوان ڕۆژانی دووردا
لە ئەوان شەواندا،
لە ئەوان شەوانی دووردا
لە ئەوان ساڵاندا ،لەئەوان ساڵانی دووردا ،پەندزانێک لەسەر زەویدا هەبوو,دەیزانی چۆن بە ڕەوانی بدوێت.
کوروپاگ (Curuppag))(واتە شروپاک),ئەوەی ڕاسپاردەکانی لە باوکی خۆی(ئوپارا-توتو)وەرگرتبوو.

کەوا دابوویە کوڕەکەی (زی-ئود-سورا),یا(زیوسدرا)
ڕۆڵەکەم,با ڕاسپاردەکانت پێبدەم:
پێویستە ئاگاداربیت ،ڕێنوێنییەکانی من پشتگوێ نەخەیت،کەدەدوێم ئاخاوتنم مەبڕە.
ڕێنوێنییەکانی پیرەمێردێک گرینگن ،دەبێت گوێیان لێ بگریت!
کەرێکی زەڕیو بەدەست مەهێنە، چونکە هەناوت دەردێنێت.
کێڵگەیەک لەسەر ڕێگا نەکێڵیت، نابێت کێڵگەیەک بکێڵیت لەسەر ڕێگا بێت.
لە شوێنی کارەکەتدا هەڵکەندن مەکە، چونکە زیان بە خۆت و کەسانی دیکە دەگەیەنێت.
خانووەکەت لە گۆڕەپانی گشتی دروست مەکە، چونکە ئاپۆرای خەڵک لەوێ دەبێت.
شایەتی درۆ لەسەر کەس مەدە، چونکە مافی بەسەرتدا دەبێت، مەهێڵە کەس دەستەبەری تۆ بێت، چونکە هەرکەس دەستەبەری تۆ بێت سووکایەتیت پێدەکات.
بەدوای کەسدا مەگەڕێ، چونکە لافاو دەیانهێنێتەوە بۆ لاتان.
شوێنی شەڕەکە مەڵێ، چونکە دەتکاتە شایەت.
ناکۆکی مەکە و مەبە هۆکاری ئەوە، لە لایەکی ترەوە بوەستە و ڕێگایەکی تر مەگرە.
دزی مەکە،...خۆت مەیکە ، ماڵێک مەشکێنە، پارە ت خۆشنەوێت..
دز شێرە، بەڵام دوای ئەوەی دەگیرێت، دەبێتە کۆیلە.
کوڕەکەم...دزی مەکە، تەور لەخۆت مەدە.
گەنجێک مەکە بە باشترین پیاو ،... خۆت مەکە.
یاری بە ژنێکی گەنجی خێزاندار مەکە، چونکە ئەنجامەکانی مەترسیدار بن.
کوڕەکەم، بە تەنیا، لە ژوورێکدا، لەگەڵ ژنێکی خێزاندار دامەنیشن.
شەڕ دروست مەکە، خۆت ڕیسوا مەکە.
درۆ مەکە.. شانازی پێمەکە، چونکە قسەکانت لەبەرچاو دەگیرێن، نابێت ئەم بابەتە درێژ بکەیتەوە.. بەرگەی نیگاکان دەگریت؟
لەگەڵ کەس خواردنی دزراو مەخۆ.
دوای ئەوەی ئێسکەکان لەت دەکەیت، دەستت لە خوێن وەرمەدە.
ئایا ئەوە دەکەیت بۆ ئەوەی گاکە بگەڕێنیتەوە؟

ئایا ئەوە دەکەیت بۆ ئەوەی مەڕەکە بگەڕێنیتەوە؟
لە قسەکانتدا هەڵە مەکە، چونکە ئەمە ڕەنگە ببێتە تەڵەیەک بۆت.
مەڕەکانت لە کێڵگە نەناسراوەکاندا بڵاو مەکەوە.
گایەک بۆ کەسێکی تر بە کرێ مەگرە.
...دروست واتە گەشتێکی دروست.
شەوانە سەفەر مەکە، کەوا چاکە و خراپەی تیا شاراوەن.
مەکڕن... تەنها تا کۆتایی ڕۆژ بەردەوام دەبێت.
سێکس لەگەڵ خزمەتکارەکەت مەکە، چونکە وەکو چەشەیەک بۆت بەکاری دەهێنێت.
بە توندی نەفرەت مەکە، چونکە بۆت دەگەڕێتەوە.
ئاوێک بەرز مەکەرەوە، کە ناتوانیت پێی بگەیت، چونکە هێزت لەبەرناهێڵێت دەکات.
کەسێک کە لێیت قەرزکردووە ،پاڵ مەنێ، چونکە دەبێتە دوژمنت.
لەگەڵ کەسێکی لووتبەرز ماڵ دانەنێیت، چونکە ژیانت وەک ژیانی خزمەتکارێک لێدەکات و ناتوانیت بچیتە هیچ پەناگەیەک و هاوارت لێدەکات و دەڵێت دەچیتە ئەویَ؟ ئایا بچینە ئەویَ؟
لە تانۆکی قامیشەکەی باخچە پاشەکشە مەکە... پێت دەڵێن: بیهێنەوە.. بیهێنەرەوە.
کەسێکی نامۆ لە پێناو خواردندا داڵدە مەدە، بیرۆکەی شەڕکردن (لەگەڵ ئەو) لەبەرچاو بگرە.
کوڕەکەم ،توندوتیژی بەکارمەهێنە ، دەستدرێژی مەکەسەر کچی پیاوێک، دادگا لەو بارەیەوە هەردەیزانێت.
پیاوی بەهێز دوور مەخەرەوە، دیواری دەرەوە مەشکێنە،وامەکە دوژمنایەتی شارەکە بکات.
لەگەڵ ئەو درۆ هەڵبەستکارەدا مەبە، کە چاوەکانی وەکو تەشیێکی شەرمن دەجووڵێن، مەهێڵە مەبەستەکانی کاریگەرییان لەسەرت هەبێت.
وەک فێڵبازێک لە باڕەکاندا شانازی مەکە، ئەوان قسەی تۆ بە ڕاست وەردەگرن.
کاتێک دەگەیتە قۆناغی پیاوەتی باز مەدە.. بە دەستت، جەنگاوەری تاك لە جۆری خۆیدا ناوازەیە، یەکسانە بە زۆر کەس.. ئوتو (خودای خۆر) لە جۆری

خۆیدا ناوازەیە، بە تەنیا یەکسانە بە زۆران،لەژیانتدا، لە ژیانتدا هەمیشە لە تەنیشت جەنگاوەرەکە بە لە ژیانتدا هەمیشە لە تەنیشت ئوتو بە.
شوروباک ئەم ڕاسپاردانەی بە کوڕەکەی داوە، شوروباکی کوڕی ئۆپارا-توتو ئەم ڕاسپاردانەی بە کوڕەکەی خۆی (زیو سیدرا) داوە.
بەشی دووەم (لە دێڕی ٧٦-١٤٥):
جاری دووەم شوروپاک کوڕی ئوپارا توتو ئەم فەرمانانەی بە زیوسدرای کوڕی دا:
کوڕەکەم...با ئەم ڕاسپاردانەت پێ بدەم:
دەبێت ئاگادار بیت زیوسدرا، با قسەیەکت پێ بڵێم.
پێویستە وریا بن ڕاسپاردەکانم پشتگوێ نەخەن و لە کاتی قسەکردنمدا قسەکانم مەبڕن.
فێرکارییە بەنرخەکانی پیرەمێردێک کە دەبێت گوێڕایەڵیی بکرێت:
دەمی بیرەخۆرەوەکە، بچکۆڵەکەم، دەمی بیرەخۆرەکە... نینکاسی.
(پێنج هێڵی ناخوێندرێتەوە)
... ژێردەستەکەت پارەی شایستەی نادات بە ئێوە، تەختە کانی لە قامیشن..
دەتوانرێت لەلایەن درۆ هەڵبەستە کارەوە بشاردرێتەوە (؟).
کۆشکەکە وەک ڕووبارێکی گەورە وایە، لە ناوەڕاستیدا گاگەلی قۆچوەشێن هەیە و ئەوەی دەڕژێتە ناویەوە بەس نییە بۆ پڕکردنەوەی و ئەوەی لێیەوە دەڕژێت ناتوانرێت بوەستێنرێت.
کاتێک نان هەیە ببیەخشین ئاسانە بڵێین (دەیدەم بە تۆ)، بەڵام ڕەنگە کاتی بەخشینەکەی لەئاسمان دوورتربێت، ئەگەر بچیتە لای ئەو پیاوەی کە دەڵێت (دەیبەخشم) ئەویش پێت دەڵێت (ناتوانم بیدەم بە تۆ چونکە نانەکە تەواو بووە).
ئەوەی من هەمە دەتوانرێت دوو هێندە بکرێت، بەڵام هیچ شتێک یەکسان نییە بەوەندە کەمەی هەمە.
دەمێکی نەرم ووشە دەڵێتەوە، دەمێکی توند بەرەو دادگاکان دەبات، دەمێکی شیرین گیای شیرین کۆدەکاتەوە.
کەسێکی زۆربلَێ دەمی پڕ دەکریَت بە سەبەتەیەک نان، کەسێکی لووتبەرز سەبەتەیەکی بەتاڵ پڕ دەکات و دەتوانێت دەمی پڕ بکات لە شانازی.
ئەو کەسەی پێستەخۆش دەکات، لە کۆتاییدا پێستەکەی خۆشی خۆش دەکریَت..
بەهێز دەتوانێت لە دەستی هەر کەسێک بێت ڕزگاری بێت.

گەمژە، کاتێک دەخەوێت شتێک لەدەست دەدات و دەڵێت (مەمبەستەوە) و دەپاڕێتەوە (با بژیم).
حیکمەت هێندەی فەرمانەکانە، ئەوی بێئەدەب لە شوێنێکی تردا دەڵێت: شایەنی پێ سەرسامیم.
ژنە لاوازەکە هەمیشە (بە) چارەنووس بەدەستی دێنێت.
ئەگەر کرێکارێک بەکرێ بگریت، ئەویش لە هەڵگرتنی سەبەتەدا هاوبەشیت لەگەڵ دەکات، لە هەمان سەبەتەوە لەگەڵت نان دەخوات و هەمان سەبەتە لەگەڵت تەواو دەکات، دواتر بە هێمنی کارت لەگەڵ دەکات و پێت دەڵێت (من دەمەوێت بە شتێکی تربژیم)، و لە کۆشکدا خزمەت دەکات.
ئەگەر کرێکارێک بەکرێ بگریت، ئەویش لە هەڵگرتنی سەبەتەدا هاوبەشیت لەگەڵدا دەکات، لە هەمان سەبەتەوە لەگەڵت نان دەخوات و هەمان سەبەتە لەگەڵت تەواو دەکات، دواتر بە هێمنی کارت لەگەڵ دەکات و پێت دەڵێت (من دەمەوێت بە شتێکی تردا بژیم)، و لە کۆشکدا خزمەت دەکات.
تۆ بە کوڕەکەت دەڵێی وەرە ماڵەوە، تۆ بە کچەکەت دەڵێیت بڕۆ بۆ بارەگای ژنان.
لەکاتی خواردنەوەدا بڕیار مەدە.
خەمت نەبێت، دڵتەنگ مەبە، لەوەی لە ماڵەوە چیت لەدەست دەچێت.
ئاسمان دوورە، زەوی بەنرخترینە، بەڵام بەهۆیەوە و بە ئاسمانەوە دەتوانیت کاڵاکانت زۆرتر بکەیت و هەموو وڵاتە نامۆکان لە سێبەریدا هەناسە بدەن.
کاتی دروێنە، کاتێکی زۆربە نرخە،نایابە، وەک کچە خزمەتکارێک کۆبکەوە، وەک شاژنێک بخۆ، کوڕم، بۆ ئەوەی وەک خزمەتکارێک کۆبکەیتەوە و وەک شاژنێک بخۆیت، ئەمەش پێویستە ببێت.
جنێودەر تەنها ئازاری پێست دەدات، چاوچنوك دەیکوژێت.
کاتێک درۆزن هاوار دەکات فرمێسکەکان دەگەنە جلەکانی، ئامۆژگاری بۆ خراپەکاران (؟)
قسەکردن بە خۆبەزلزانی وەک کوانە پیسە وایە، وەک شتێک وایە کە گەدە نەخۆش دەکات
(یەک دێڕ ڕوون نییە)
وشەکانی نزاکانم پیت وفەڕ دەهێنێت، نوێژ ئاوی ساردە ، دڵ سارد دەکاتەوە، ئەوە جنێووسوکایەتی و قسەی گەمژانەیە کە سەرنجی کەسانی تر ڕادەکێشێت.

شوروپاک ئەم ڕاسپاردانەی  بە کوڕەکەی دا ، شوروپاک کوڕی ئوبارا-توتو ئەم ڕاسپاردانەی  بە کوڕەکەی (زیوسدرا) دا.
بەشی سێیەم (دێڕەکانی ١٤٦-٢٨٠):
لە قۆناغی سێیەمدا شوروپاک کوڕی ئوپارا -توتو ئەم ڕاسپاردانەی بە زیوسدرای کوڕی دا:
کوڕم با ئەم ڕاسپاردانەت پێ بدەم، پێویستە سەرنج بدەیت،(زیوسدرا)  با من قسەیەکت پێ بدەم، ڕاسپاردەکانم  پشتگوێ مەخە، لەکاتێکدا قسەت لەگەڵ دەکەم قسەکانم مەبڕە،
ڕاسپاردەکانم لە پیاوێکی پیرەوە بەنرخن کە دەبێت گوێڕایەڵی بکرێت.
ڕاسپاردەکانم بەنرخن ، لە پیاوێکی پیرەوەن دەبێت گوێڕایەڵی بکرێن:
کوڕی جووتیار تاڵان مەکە، چونکە بەنداو و سەنگەری بۆ دروست کردوویت.
ژنە داوێنپیسێک مەکڕن، ئەو دەمەیە  گاز دەگرێت.
ئەو خزمەتکارە مەکڕن کە لە ماڵەوە منداڵی دەبێت، ئەوە ئەو گیایە یە، کە گەدە نەخۆش دەکات.
 مرۆڤی ئازاد مەکڕن، خۆی لەپەنا دیوار دەشارێتەوە.
خزمەتکاری کۆشک مەکڕە، دەکەوێتە بنی بەرمیلەوە.
کۆیلەیەک لە شاخەوە، یان لە شوێنێکی بێگانە بهێنە.
کوڕەکەم، لە کاتی خۆرهەڵاتندا ئاوت بۆ دەرتێدەکات و پێش تۆ دەڕوات (بۆ کار؟)
خێزانێکی نییە بچێتە لای.
شارێکی نییە بچێتە ئەوێ.
تا ئەوەی لە دەرگای ماڵ نەدات، ناتوانێت بچێتە ژوورەوە.
ناتوانێت...، ناتوانێت تەحەدای تۆ بکات.
کوڕەکەم بەرەو ڕۆژهەڵات مەڕۆ و هەرکەسێک بەدوای زانیاری بۆتۆدەگەڕێت نابێت....
ناوی شوێنەکان لەسەر یەک دانراون، نابێت چیاکان لەسەر یەکتر کۆببنەوە.
کەناری ڕزگاری تەڕە, یەک خلیسکان دەتوانێت لێی بدات (و هەموو شتێک کۆتایی دێت).

برای گەورە، لە ڕاستیدا وەک باوک وایە. خوشکی گەورە لە ڕاستیدا وەک دایک وایە.
بۆیە گوێ لە برا گەورەکەت بگرە وەک ئەوەی باوکت بێت و گوێ لە خوشکە گەورەکەت بگرە وەک ئەوەی دایکت بێت.
تەنها بە چاوەکانت کار مەکە، تەنها بە بەکارهێنانی دەمت سەروەت و سامانەکەت چەند هێندە ناکەیت.
کەسی کةمتة رخةم ، وێرانەکانی بنەماڵەکەیەتی (؟).
پێویستی خواردن وات لێدەکات سەرکەویت بەسەر شاخەکاندا، تاثاك و بێگانە دەهێنێت.
لە کاتێکدا پێویستی بە خواردن وا لە خەڵکی تر دەکات لە شاخەکانەوە دابەزن.
شارۆچکەیەکی بچووک پاشاکەی بە سەرسوڕمانەوە تەیار دەکات(؟).
شارێکی گەورە ماڵێک هەڵدەکۆڵێت (؟) کە پیلانگێڕی دەکات.


(پیاوە دەوڵەمەندەکە) باش خۆی تەیارکردووە، هەژارەکە هەموو جۆرە نەخۆشییەک بۆ دەوڵەمەندەکە دەگوازێتەوە.
پیاوی خێزاندار باش خۆی تەیارکردووە ، پیاوی بێ هاوژین جێگاوتەختەکەی دەکاتە کۆمەڵێک پووش.
ئەوەی بیەوێت ماڵەکە وێران بکات دەچێتە پێشەوە و وێران دەکات.
هەرکەسێک ئارەزووی بەرزکردنەوەی پێگەی ماڵ بکات، لە بەرزکردنەوەیدا بەرەو پێشەوە دەڕوات.
بە دە ستوەرینان لەئەستۆی گایەکی زەبەلاح دەتوانیت لە ڕووبارەکە بپەڕیتەوە، بە لە تەنیشت پیاوەکانی شارەکەتەوە ڕۆیشتن ،کوڕم دەتوانیت بەرز بیتەوە بۆ باڵا.
کاتێک کچێک لە گردەکانەوە بە کۆیلەیی دەهێنێت، چاکە و خراپە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. چاکە لە دەستاندایە، خراپیش لە دڵدایە، بۆیە مەهێڵە ئەوەی لە دڵدایە بەرەو خراپە بڕوات و لەگەڵیدا بێت، خراپە ژوورو کۆگایە....
(دوو دێڕ ڕوون نییە)
ئایا ڕووبار بەلەمی خراپە قووت دەدات؟ ئایا ئاوچیەکان لە بیابانەکاندا سەرگەردانن؟
دڵێکی خۆشەویستبار خەم دەشارێتەوە، دڵێکی ڕقدار خێزانێک لەناو دەبات.

بۆ ئەوەی دەسەڵاتت هەبێت، ئەوەی دەتەوێت هەتبێت ، تۆ زرێت هێزی خوداوەندەکان بێت.
پێویستە لە ڕێزەوە دەست پێ بکەیت، پێویستە خۆبەزلنەزان بیت پێش ئەوەی بتوانیت بەهێز بیت.
ڕۆڵەکەم، کەواتە دەبێت بژیت و بمێنیت (بۆ ئەوەی هەبیت) لە دژی خراپەکاران.
نابێت لە کاتی ئاهەنگدا ژن هەڵبژێردرێت، لەناوەوە ساختەیە و لە دەرەوەش ساختە. زێڕی دەبەریدایە خوازراوەتەوە، کتانی لازوەردی دەبەریدایە خوازراوەتەوە (لە دێڕدا سڕانەوە هەیە).
دوڕوگەوهەری دەبەریدایە خوازراوەتەوە ، جلکەکەی خوازراوەتەوە ، ئەو کەتانەی لەبەری دەکات خوازراوەتەوە ، لەگەڵ.. هیچ شتێک (؟) بەراورد ناکرێت.
نابێت گا بکڕدرێت...، ئەو گا کە ئەڵقەی هەیە (لە ملیدا) نابێت بکڕدرێت، لە شوێنی ئاژەڵەکاندا کونێک هەیە.
ژنێکی متمانەپێکراو شایانی ماڵێکی باشە دا.
نابێت کەر لە کاتی دروێنەدا بکڕدرێت، چونکە لەگەڵ کەرێکی تردا (دروێنەکە) دەخوات.
کەرێک کە ئەڵقەیێکی لەمل کراوبێت، وەک پیاوێک وایە ئەڵقەیێکی لەمل کراوبێت.
کوڕەکەم...ژن بە موڵکی تایبەتیی خۆی ماڵەکە وێران دەکات.
کابرای سەرخۆش کێڵگەوێران دەکات.
ژنێک کە دزی دەکات وەک پلیکانە وایە (...) وەک مێش ماڵ بە ماڵ دەفڕێت.
ئەو - کەرێک... لە شەقامەکەدا.
لە شەقامدا شیر بە منداڵەکەی دەدات.
تەشی لەخۆی دەدات و دەگری، ئەو تەشیەی هەڵگرتووە کە ئیَی لەدەستی خۆی داوەوە.
دەچێتە ناو هەموو ماڵێکەوە و لە هەموو شەقامێکدایە.
وشەی "بچۆدەر" دووبارە دەکاتەوە و لە هەموو بەربەستەکاندا سەیری دەوروبەری دەکات.
لە هەموو شەڕێکدا لەوێیە.

(دوو دێڕ ڕوون نییە)
کوڕەکەم کە دڵی ڕق و کینەی تیایە...
(چوار هێڵی کاڵ)
دڵێکی پڕ لە خۆشی کوڕم.
دەبێت هەمیشە بەخشندە بیت، کوڕم ،خزمەت بە شتەکان مەکە، شتەکان دەبێت خزمەتت بکەن، نابێت....دانەوێڵەکان ... زۆرن.
نابێت سووکایەتی بە مەڕەکە بکەیت، ئەگەرنا مەڕێکی مێینەی دەبێت.
نابێت چرای زەوی فڕێ بدەیتە ناو سندوقی پارە (؟)، ئەگەرنا کوڕێک لەدایک دەبێت.
نابێت ژن بڕفێنرێت یان وا لێبکرێت هاوار بکات ئەو شوێنەی کە ژنەکەی لێ ڕفێنراوە...
با بە بازنەیی ڕابکەین و بڵێین " ئای پێم، ئای ملم!"
با بە هێزێکی یەکگرتوو، کەوانێکی گەورە دروست بکەین.
نابێت بکوژرێت..ئەوە ئەو منداڵەیە کە لەدایک بووە...
نابێت بکوژرێت... نابێت بیبەستیتەوە...
پەرستاران - نەرمونیان لە بەشی ئافرەتان چارەنووسی ئاغاکانیان دیاری دەکەن.
بە خۆبەزلزانی قسە لەگەڵ دایکت مەکە و وای لێ مەکە ڕقی لێت بێتەوە ،نابێت گومان لە قسەکانی و خودای تایبەتی ئەو بکەیت. دایک وەک ئۆتۆ پیاوی لێ دەبێن. باوک وەک خودایەک وایە وادەکات  بدرەوشێتەوە.
 باوک وەک خودایەک وایە کە قسەکانی جێی متمانەن. دەبێت ڕێنوێنییەکانی باوک پەیڕەو بکرێت.
شاربەبێ گەڕەکی دەوروبەری ، ناوەندێکی نییە.
کوڕم، کێڵگەی ژێر بەنداوەکان، تەڕ بێت یان وشک، سەرچاوەی بژێوی ژیانە.
ئەوەی کە لە خەیاڵ دانییە (؟) ئەوەیە کە بۆ هەمیشە شتێک لەدەست بدەین.
...دلمون.
دۆزینەوەی ئەوەی لەدەستچووە بۆ سەگەکە خراپە، بەڵام بۆ پیاوەکە ماندووبوونە.
شوێنی نەناسراو ترسناکە.

ئەوەی لەدەستچووە بدۆزیتەوە بۆ سەگەکە شەرمەزارییە.
لەسەر ڕێگایەکی نامۆ لە لێواری شاخەکان، خوداوەندانێك مرۆڤ دەخۆن.
ئەو خانووان دروست ناکات...وەک چۆن مرۆڤەکان دەیکەن.
ئەو شارەکان دروست ناکات...وەک چۆن مرۆڤەکان دەیکەن.
(یەک دێڕ ڕوون نییە)
شوانەکە وازی لە گەڕان هێنا، هاتەوە و مەڕەکانی هێنایەوە
جووتیارەکە وازی لە کێڵانی کێڵگەکە هێنا.
(یەک دێڕ ڕوون نییە)
دیارییەک لە چەند وشەیەک کە ئاوەز نەرم دەکات، کاتێک دەچیتە ناو
کۆشکەوە، مەڵهەمێکە بۆ ئاوەز..
دیاری لە چەند وشەیەک...ئەستێرەکان.
ئەمانە ئەو ڕێنوێنییانەن کە کروپاگ (شروپاک) کوڕی ئۆپارا-توتو Ubara-Tutu وەریگرتووە، دەبێت بۆ ئەو خوداوەندانە بن کە دەپە گەورەکانیان تەواو کردووە، کۆبەشێک بۆ پاکیزەییێک، کە شوروپاک، کوڕی ئوپارا-توتو، ڕێنوێنییەکانی پێدا داوە.
وەرگێڕانی دەق بۆ عەرەبی:خەزعەل ئەل ماجیدی
شاعیرێکی خەڵکی عێراقە ، لە هۆڵەندا نیشتەجێیە.

## لارساLarsa(سنكرة)



بەردەنووسێکی سۆمەری لە پەرستگای خۆری یبابار لە لارسا، ساڵی ١٨٥٠ پێش زایین

لارساLarsa : یان وەک خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن، تل ئەلسنکەرە ( تل السنكره ، شارێکی گرنگی کۆنی سۆمەرییە و دەکەوێتە باشووری عێراق، دەکەوێتە ناو سنووری پارێزگای زیقار-ذی قار(دیوانیە).
ئەم شارە نزیکەی ٢٥ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆنی ئوروکەوە دوورە. لە نووسراوە کۆنەکانی سۆمەرییدا باسکراوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٧٠٠-٢٨٠٠ پ.ز.

ارسا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-١٦٠٠ پێش زایین بوو بە هێزێکی سەربازی باڵادەست لە ناوچەی میزۆپۆتامیا بەهۆی ڕووخانی شانشینی سێیەمی ئور.

## باد-تيبيرا(تل المدينه)

## Bad-tibira



Shown within Iraq

| | |
|---|---|
| **Alternative name** | Tell Madineh |
| **Location** | Dhi Qar Governorate, Iraq |
| **Coordinates** | 31°22′47″N 45°59′59″E |
| **Type** | settlement |
| **History** | |
| **Periods** | Early Dynastic, Ur III, Old Babylonian |




باد-تیبیرا (بە سۆمەری (bad -tibiraki ) "دیواری کرێکار(ەکان)ی مس"،[١] یان "قەڵای ئاسنگەران"،[٢] کە بە تەل ئەلمەدینەی (تل المدینه) ناسراوە. ، لە نێوان شەترا - الشگره و تەل سێنکەره السنکره (لارسای کۆن) و ٣٣ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی گیرسوی کۆن Girsuلە باشووری عێراق،[٣] شارێکی کۆنی سۆمەرییە بوو لەسەر کەناڵی ئیتورونگال) the Iturungal لەلایەن فەرمانڕەوای ئوری سێیەم ئور-نامومەوەUr-Nammu دروستکراوە،کە لەنێوانشارەکانی پێش لافاو لە لیستی پاشاکانی سۆمەری هاتووە، ناوی ئەکەدییەکەی دور-گورگوری-Dûr-gurgurriبوو .

بەپێی ئەم لیستەی پاشاکانی سۆمەریە، باد تیبێرا دووەم شار بووە کە پێش لافاو، لەدوای ئێریدو، دەسەڵاتی پاشایەتی وەک سیستەمی حکومەت لە سۆمەردا پراکتیزە کراوە. ئەمانە بریتین لە:ئین مین لو ئانا: ئەو درێژترین پاشایە لەسەر زەوی، ٤٣ هەزار ساڵ حوکمڕانی دەکات ئین مین گال ئانا: ٢٨ هەزار و ٨٠٠ ساڵ حوکمڕانی کردووە.دیمۆزیدی شوان: ٣٦ هەزار ساڵ حوکمڕانی کردووە.

له کۆنترین دەقی ئینانادا کە بە ناوی ‘‘دابەزین بۆ ناو جیهانی ژێرزەوی’’، باس لە پەرستگای شارەکە کراوە، ‘‘واتە موش کالامە.’’ لەم چیرۆکەدا ئینانا جنۆکەکانی ناو ژێرزەوی ناچار کردووە کە لولال شوانی شاری باد تیبێرا کە لە نەهامەتیدا دەژیا، نەبەن.


لە کۆتاییدا دێمۆزیدیان برد کە لە شاری ئوروک بە خۆشگوزەرانی دەژیا، ئەم دێمۆزیدە پێی دەگوترا شوان، پادشایەکی سۆمەرییە و لە باد تیبێرا دەژیا، بە پێچەوانەی دێمۆزید کە دوای لافاوەکە ژیاوە و ماسیگر بووە و لە ئوروک دەژیا.

زانراوە پەرستگایەکی خوداوەندی کیتوم Kittum لە باد-تیبیرا هەبووە، وتراوە کە گیشتنەنا Geshtinanna، لایەنێکی خوداوەندی نینشەگارا Ninsheshegarraکە خوشکی دوموزیدەDumuzid، لە پەرستگای ئەششەگارا Esheshegarra لە باد-تیبیرا دەپەرسترا .

# سیپار Sippar (أبو حبة)



مۆرێکی لوولەیی
کۆنی بابلی پاشا
پێشباری بە
شەماش دەدات.
نەخشی ئەم مۆرە
ئاماژەیە بۆ ئەوەی
کە لە سیپار
دروستکراوە




گۆزەڵەی گڵی حەمورابی لە لۆڤەرەوە

سیپارSippar (بە سۆمەری:Zimbir ، زیمبەر) وشەیەکە کە بە زمانی کلدانی بە واتای شاری باڵندەکان دێت، شارێکی سۆمەری بووە لە سەردەمی کۆن و دواتر بابلی،شوێنی تەل ئەبو حەبا - تل أبو حبة لە نزیک یوسفیە لە پارێزگای بەغدای عێراق. ناوی کۆن و کۆنی شاری سیپار ئاماژە بە شارە خوشکەکەی سیپار-ئەمنانومیش بکات (کە دەکەوێتە لە تێل دێر -تل الدیر (Tell ed-Der)؛ تایبەتترین پۆلێنکردنی شارەکە کە بە سیپار ناسراوە سیپار-یەهرورومە ..Sippar-Yahrurum

## کیشkish (تل الاحیمر)





مێسانننێپادا *Mesannepada* ، لوگال کیش-کی *Lugal Kish-ki* ، مێسانننێپاداMesannepada، پاشای کیش"، لەسەر مۆرێک کە لە گۆڕستانی شاهانە لە ئور دۆزرایەوە، دوا ستوونی کارەکتەرەکان، وا بیردەکرێتەوە کە ژنەکەی دام-نو-گیگ(*dam-nu-gig* ) " .بێت.."



سوالینەیێک
ناوی شا
ریماش،
پاشای کیشی
هەڵگرتووە،
سالی ٣٣٧٠
پێش زایین،
مۆزەخانەی
لۆڤەری
هەڵگرتووە

کیش کە بە زمانی ئەکەدییش پێی دەوترێت کیشاتوو و ئێستا بە "تل ئەلئەحیمەر" تل الأحیمر ناسراوە، ناوچەیەکی شوێنەوارییە لە عێراق، و پێشتر یەکێک بووە لە شارە سەرەکییەکانی سۆمەرییەکان. نزیکەی ١٢ کم لە ڕۆژهەڵاتی شاری بابلەوە دوورە، هەروەها ٨٠ کم لە باشووری بەغدای پایتەختەوە دوورە. بەگوێرەی ئەفسانەی سۆمەرییەکان، کیش بە یەکەم شار دادەنرێت کە پاشایەکی هەبووە دوای ئەو لافاوە گەورەیەی کە لە ئەفسانەی سۆمەری و ئایینەکاندا باسی لێوە کراوە.
لە سەردەمی عوبەیدەوە تا سەردەمی هێلینیستی داگیرکراوبووە، لە سەردەمی سەرەتای خانەدانیدا خوداوەندی پارێزەری شارەکە ئیشتار<u>Ishtar</u> بووە لەگەڵ هاوسەرەکەی ئیا<u>Ea</u>. پەرستگاکەی، لە تێل ئینگارا Tell Ingharra ،-(E)-hursag-kalama
بوو تا سەردەمی بابلی کۆن خوداوەندە پارێزەرەکان بوون بە زابابا<u>Zababa</u>، لەگەڵ هاوسەرەکەی، خوداوەندی باو<u>Bau</u> و ئیستار .Istar پەرستگای ئیمێتۆرساگ Emeteursag) دواتر ئێکیسیبا (Ekišiba لە ئوهایمیر Uhaimir بوو .

**ئەکشاک**




ئەکشاک شارێکی کۆنی سۆمەرییە ، دەکەوێتە باکووری شوێنی شاری ئەکاد نزیک لە شاری کیش، شوێنی شاری ئەکشاک لە ئێستادا ناوی تەل عومەرە-تل عمر دەوترێت شوێنەکەی لە شاری سێلۆکیا (لە ئێستادا ئەلمەدائین-المدائن ) بووە، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی پایتەخت ، بەغداد.

ئەکشاک لە دەقەکاندا نزیکەی ٢٥٠٠ پێش زایین دەرکەوتووە ، لە دەقی سۆمەری کە باسی خەونی دوموزید دەکات، لە بەد-تیبرا لە سۆمەر، کە پێنجەمین پاشای سەردەمی پێش خانەدان بووە ، ئەو سەردەمەش پێش لافاوەکە بووە لە نێو پاشاکانی سۆمەری کە حوکمڕانی ئەم شارەیان کردووە، و لەنێو ئەو شتانەی کە لە خەونی دوموزیددا باسکراون: کە دوموزید خەون بە مردنی خۆیەوە دەبینێت و بە خوشکەکەی نیکیشتین-ئانا دەڵێت، بەجۆرێک کە ئەویش بە نۆرەی خۆی پێی دەڵێت کە ئەوە وایە نیشانەیەک کە بە یاخیبوونی پیاوە خراپەکان و برسیەکانەوە دەڕوخێنرێت، کە لەلایەن پاشاوە دەهێنرێنە شاری ئوروک و لە ڕاستیدا ئەو ماوەیەکی زۆر بوو دوای ئەوەی ئەو قسەیەی کردبوو، تا بینیان کۆمەڵێک پیاو لە شارەکانی ئەدەب و ئەکشاک و ئوروک و ئور و نیپورەوە دەهاتن.

لە نێو پاشاکانی ئەم شارەشدا، بەپێی لیستی پاشاکانی سۆمەری، کە ناوی ئۆنزی، ئۆندالولو، ئۆرورو، پوزور-نیرا، ئاشوی دووەم، و شو-سین، پاشای ئەکشاک بوون.

بۆزۆر نیرا دامەزرێنەری شانشینی ئەکشاکە، هەروەها بۆزۆر نیراش هاوسەری شاژنە کوگباو شاژنی کیش لە هەندێک لە دەپەکانی شانشینی ئیبلادا هاتووە کە دەکەوێتە سوریا و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۹۹۹ ۲۳۵۰ پ.ز.

هەروەها ئاماژە بە شاری ئەکشاک کراوە لە هەندێک لە تابلۆکانی شانشینی ئیبلا کە دەکەوێتە سوریا، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۲۳۵۰ پێش زایین دەوترێت شاری ئەکاد پەیوەندی لەگەڵ شانشینی سۆمەری ئوما هەبووە کە پاشای ئەکەدی شار-کالی-شاری پاراستووە لە هێرشی ئیلامییەکان.

## لاراک Larak(ارك)

لاراک Larak (یان لاراگ Larag ، سۆمەری: LA-RA-AKKI هەروەها بە UD.UD.AKKI) نووسیویەتی ، شارێک بووە لە سۆمەر (عێراقی ئێستا) کە لە هەندێک لیستی پاشاکانی سۆمەریدا وەک سێیەم شار لە پێنج شاردا دەردەکەوێت، کە شانشینی بووە لە سەردەمی پێش لافاودا.
خوداوەندە پارێزەرەکەی پابیلساگ Pabilsag بوو، خوداوەندێکی جەنگاوەرێکی هاوشێوەی نینورتا Ninurta کە زیاتر پەیوەندی بە حوکمدان و پزیشکی و جیهانی ژێرزەویەوە هەبوو، بەزۆری وەک هاوسەری نینسیناNinisina وێنا دەکرێت. گاسان-ئاستێ Gasan-aste ("خانمی (لە) تەخت")، وەشانێکی خوداوەندی چارەسەرکەر نینیسینا Ninisina لە لاراک دەپەرسترا.
هیچ پشتگیرییەکی شوێنەواریی و دەق بۆ بوونی ڕاستەقینەی شاری لاراکی شانشینی سەرەتایی نییە بە پێچەوانەی چوار شارەکەی دیکەی "پێش لافاو"ەوە، تەنیا لە پێکهاتە ئەدەبییە زۆر دواترەکانەوە ناسراوە. شاری لاراکی سەردەمی ئاسن کە لە هەمان ناوچەی گشتیدایە، بە دەقەکانی ئاشووری نوێ و بابلی نوێ پشتگیری دەکرێت. ڕوون نییە کە ئایا ئەمە شاری شانشینی سەرەتایی بوو کە دووبارە دامەزرایەوە یان شارێکی تەواو جیاواز و ناپەیوەندیدار بوو،لارسا ،لاراک و لاراگ وەک یەک خوێندراونەتەوە.

## كوثا Kutha (كوثى)(تل ابراهيم)(الكوت)

كوتا Kutha (كوثى)(بە زمانی سۆمەری گودواوە Gudua ، لە ئێستادا بە گردی ئیبراهیم – تل الراهیم ناودەبرێت) شارێکی کۆنی سۆمەرییە لە ئێستادا دەکەوێتە پارێزگای بابل- حلە لە عێراقدا دەکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات لە باکووری شاری نیپور و کەمتر لە دوو کیلۆمەتر لە ناوەندی ناحیەی پرۆژەی (جەبلە"ەوە دوورە ). پاشای ئاشووری سارگۆنی دووەم خستیە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان ،کۆتا پایتەختی سۆمەرییەکانە لە جیهانی ژێرزەویدا، کۆتاش بەهۆی ئەوەی کە ناوەندی پەرستنی خوداوەندی ژێرزەوی (نێرگال) بووە ئاماژەی پێکراوە و پەرستگایەکی گەورەی هەبووە.

## ئاداب Adab(بسماية)

ئاداب Adab (بە سۆمەری: UD.NUN)شارێکی کۆنی سۆمەرییە لە نێوان گیرسوGirsu و نیپورNippur، نزیکەی ٣٥ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەم دووەمیانەوە دوورە. لە شوێنی بیسمایە- بسمایە لە پارێزگای واست- واسگ لە عێراق بوو. شوێنەکە لانیکەم هەر لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین، لە ڕێگەی سەردەمی شانشینی سەرەتایی و ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی و ئیمپراتۆریەتی ئوری سێیەمەوە، تا سەردەمی کاسی لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایین داگیرکرا. خوداوەندی شارەکەی ئەداب پاراگ'ئێلیلیگارا (پانیگینگارا) Parag'ellilegarra (Panigingarra) بوو "ئەو سەروەرەی کە لەلایەن ئێلیلەوە Ellil دەستنیشانکرابوو".

هەڵکۆڵینەکان ، بیناکانیان دەرخستووە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەردەمی پێش مێژوو و درەنگانی سەردەمی ئۆر-نامو (٢١١٢-٢٠٩٥ پێش زایین حوکمڕانی کردووە). ئەداب ناوەندێکی گرنگی سۆمەری بووە تەنها تا نزیکەی ساڵی ٢٠٠٠. لیستی پاشای سۆمەرییەکان یەکێک لە شانشینە سەرەتاییەکانی بۆ شارەکە گەڕاندەوە، کە تەنها یەک پاشا پێکهاتبوو بە ناوی لوگال-ئان-موندو کە دەوترێت بۆ ماوەی ٩٠ ساڵ حوکمڕانی کردووە؛ بەپێی پێگەی خۆی لە لیستی پاشاکان ئەم حوکمڕانییە نزیکەی ساڵی ٢٤٠٠ دەبوو. نزیکەی لە هەموو کاتەکانی دیکەی مێژووی خۆیدا ئەداب لەلایەن پاشاکانەوە حوکمڕانی دەکرا کە هەموو یان زۆربەی بابلیان کۆنترۆڵ دەکرد (باشووری میزۆپۆتامیا). خوداوەندی سەرەکی شارەکە خوداوەندی نینهورساگ بوو.

## ئوmma Umma(تل جوخة)



ئوmma Umma (بە سۆمەری: umma له پارێزگای زی قار- ژی قار له عێراق، شارێکی کۆن بووە له سۆمەر. هەندێک مشتومڕی زانستی هەیە لەسەر ناوی سۆمەری و ئەکەدی بۆ ئەم شوێنە. به شێوەیەکی نەریتی ئوما بە تل جۆخا دەناسرێتەوە،لەم دواییانەدا پێشنیار کراوە کە دەکەوێتە ئوم ئەلعەقاریب ڕم العقارب کە کەمتر لە ٧ کم (٤.٣ میل) لە باکووری ڕۆژئاوای خۆیەوە دوورە یان تەنانەت ناوی هەردوو شارەکە بووە. یەکێک یان هەردووکیان شاری پێشەنگی شانشینی گیششای Gišša خانەدانی سەرەتایی

بوون، لەگەڵ نوێترین هەڵکەندنکاران کە باسیان لەوە کرد کە ئوم ئەلعەقاریب لە EDIIIدا دیارە ، بەڵام جۆخا دواتر بەرزبووەوە وبە ناوبانگ بوو، شارۆچکەی KI.ANیش لە نزیکەوە بوو K KI.AN کە لەلایەن ڕیموش Rimushفەرمانڕەوایەکی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدیاوە لەناوچوو. ناسراوە کە شەش خوداوەندی KI.AN هەبوون لەوانە گوڵە Gula KI.AN و سارا . Sara KI.AN

خوداوەندە سەرپەرشتیارەکانی ئوما ساراSara و نینورا Ninuraبوون. زانراوە کە فەرمانڕەوای ئی دیthe ED ئور-لوماUr-Lumma پەرستگایەکی بۆ خوداوەند ئێنکی-گالEnki-gal و پەرستگایەکی بۆ خوداوەند ناگار-پای Nagar-pa'e at لە ئوما دروست کردووە. لە پێکهاتەی ئەدەبی سەرەتایی سۆمەریدا دابەزینی ئینیاناInanna

بۆ جیهانی ژێرزەوی، ئینانا جنۆکەکان لە جیهانی ژێرزەوی دوور دەخاتەوە لە بردنی شارا Shara ، پارێزەری ئوما، کە لە دۆخێکی خراپدا دەژیا.

| رقم | الاسم السومري للمدينة | الاسم الحالي للمدينة | الإله السومري | دلالته |
|---|---|---|---|---|
| ٠١ | سبار | أبو حبّة | أوتو | الشمس |
| ٠٢ | كيش | تل الاحيمر | ننخرساج | الأرض (الآلهة الام) |
| ٠٣ | اكشاك | — | إنليل | الهواء |
| ٠٤ | لاراك | أرك | بابيل ساغ+ ننسينا | العالم الأسفل+الشفاء |
| ٠٥ | شروباك | فارة | إنكي | الماء |
| ٠٦ | نيبور | نفّر | إنليل | الهواء |
| ٠٧ | كوثي | تل ابراهيم (الكوت) | نرگال | العالم الأسفل |
| ٠٨ | أدب | بسماية | ننخرساج | الأرض |
| ٠٩ | أوما | تل جوخة | شارا | الحرب |
| ١٠ | لكش | الهبة (تلوّ) | ننگرسو | العاصفة |
| ١١ | بادتبيرا | — | دموزي | المراعي والخصب |
| ١٢ | اوروك | الوركاء | إنانا،آن | الزهرة، السماء |
| ١٣ | لارسا | سنكرة | أوتو | الشمس |
| ١٤ | أور | المگير | نانا | القمر |
| ١٥ | أريدو | أبو شهرين | إنكي | الماء (الحكمة) |

جدول (١) المدن السومرية وآلهتها (من الشمال الى الجنوب) تصميم : المؤلف

خشتەی (١) شارەکانی سۆمەری و خوداوەندەکانیان (لە باکوورەوە بۆ باشوور)، لەلایەن د.خەزعەل ماجیدی دیزاین کراوە.



**محەمەد وەسمان عەزیز**

لە دایکبووی: 1953/1/18- هەولێر

ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا

کارنامەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی:

* بواری کارکردن: نووسەرو رۆژنامەنووس: سەرنووسەری گۆڤاری داد.

* (20) ساڵ لە رۆژنامەی (هەرێم) و گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) کاری کردووە.

* ئەندامی لێژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی. لە (2008)ەوە تا (2019).

* ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردە.

* ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

بەرهەم و چاپكراوەكانی:

1- دەروازەیەكی زیندەوەرزانی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, چ١, هەولێر, ٦٤ لاپەڕە, .1991

2- بەرەو رۆشنبیری هاوچەرخ, هەولێر, ٤٨ لاپەڕە چاپی یەكەم, 1992.

3- د. شێرزاد نەجار، لەبارەی ڕۆشنبیری سیاسی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوكراوەكانی ڕێكخراوی بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە كوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپی یەكەم، هەولێر، .2002

4- چەند لاپەڕەیەكی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوكراوەكانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، چاپی یەكەم، چاپخانەی پاك، هەولێر، 2004، 232 لاپەڕە.

5- كەسێتی تاكی عێراقی، نووسینی: د. عەلی وەردی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە, لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی زانكۆ, چ١, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, ٧٢ لاپەڕە. چاپی یەكەم، .2004

6- ئینسایكلۆپیدیای فەیلەسوفان، م. رۆزنتال، ب. یوردین ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوكراوەكانی كتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2004، 550 لاپەڕە.

7- گیروگرفتەكانی زاراوەدانان لە زمانی كوردیدا، چاپی یەكەم، هەولێر، 2004، 75 لاپەڕە، قەبارە: (21×14. 5)سم.

8- ئەلف و بێی كوردی بە پیتی لاتینی، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و

بڵاوكردنەوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر, 2005.
9- من گەورەبووم، ڕێبەری كچان, وەرگێڕان, لەلایەن وەزارەتی تەندروستی چاپ كراوە, (2005)
10- نوێگەری، كۆمەڵێك وتار، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوكراوەكانی كتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەكەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی 2004، 107 لاپەڕە.
11- كریس هارمان، ماركسیزم چۆن كاردەكات، وەرگێڕان، چاپی یەكەم، .2005
12- د. شێرزاد نەجاڕ، هزرو سیاسەت، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوكراوەكانی ڕێكخراوی بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە كوردستان (o. p. l. c)، چاپی یەكەم، هەولێر، 2005، 50 لاپەڕە.
13- ڕێبەری كابان بۆ شیرنەمەنی و چێشت لێنان، لە بڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەكەم، .2005
14- نەوال سەعداوی، ڕوخساری رووتی ئافرەتی عەرەب، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، بڵاوكراوەكانی دەزگای وەرگێڕان, چاپی یەكەم، .2006
15- ئێرك فرۆم، هونەری خۆشەویستی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوكراوەكانی كتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەكەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی چاپی یەكەم، .2006
16- ئەجێندای كارەكان لە هەرێمی كوردستان، وەرگێڕان، هاوبەش, ژووره بازرگانییەكانی هەرێم، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەكەم، 2007, ١٧٢ لاپەڕە.

17- فەلسەفەی دوالیزم لە هزری د. زەکی نەجیب مەحموددا، ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2007.
18- دەستوور کلیلی ماف و ئازادییەکانە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی یاسایی لە کوردستان (O. P. L. C)، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008، 62 لاپەڕە.
19- کورتنووسیی لە زمانی کوردیدا، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009.
20- ڕێسا بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2009، 76 لاپەڕە، قەبارە: (22×15.5)سم، نرخ: (2000) دینار.
21- مێژوو و شارستانیەتی کورد، د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی، لە لایەن دەزگای زهره الرافدين بۆ ڕۆژنامەوانی و پەخش و بڵاوکردنەوە، بە هاوکاری کۆمپانیای ئاسیا سێل چاپکراوە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009، 367 لاپەڕە.
22- ئینگلیزی گشتگیر- ڕێبەرێکی گشتگیر بۆ ڕێزمانی ئینگلیزی، وەرگێڕان، هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.
23- ڕێبەر بۆ ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان، 2010.
24- بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی، بەشی یەکەم، زمان بەرگی یەکەم، هەولێر، 2010وەک ئەندامێکی لیژنەی بیبلۆگرافیا.

25- رەخنەو دەقی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2010.
26- فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان، چاپی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2011.
27- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969، تیایدا هەموو هەموارکردنەکان دەستنیشانکراون کە لە هەرێمی کوردستان- عێراق تا کاتی چاپکردنی کارپێکراون، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، 2011.
28- ئیتێکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2011، 91 لاپەڕە.
29- توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ٢٠١١, هاوبەش، ڕۆڵی رەگی کار لە زاراوەداناناندا, ل ٢٤٥-٢٨٢, چاپخانەی رۆشنبیری چ١, هەولێر 2٠١٢, ٣٧٠ لاپەڕە
30- سوقرات، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.
31- فەلسەفەی سۆفیگەری، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.
32- لەبارەی سەرچاوەکانی پابەندبوون، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2013.
33- زمانی یاسا، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم هەولێر، 2013.

34- فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2014.
35- دادکارییەکانی یاسای جێبەجێکردن، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2014
36- ڕێبەری داواشارستانییەکان، وەرگێڕان, هەولێر، 2015.
37- یاسای بازرگانی تیۆری گشتی, وەرگێڕان, نووسینی: د. باسم محمدصالح محمدسامی, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, چ٣, هەولێر, ٢٠١8, ٤١٥ لاپەڕە.
38- یاسای بازرگانی پەڕاوە بازرگانییەکان, وەرگێڕان, نووسینی: د. فوزی محمدسامی و د. فائق محمودالشماع, بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی تەبایی, چاپخانەی هێڤی, چ١, هەولێر2019, ٤٣٠ لاپەڕە.
39- فەرهەنگی نەوەکان- الاجیال, چاپخانەی سنوور، چاپی یەکەم، هەولێر، 2019. ٢٩٤ لاپەڕە.
40- ژیاندۆستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سنوور، هەولێر، ژمارەی سپاردن، (596)، 2019، 275 لاپەڕە.
41- لە ژیاننامەی فەیلەسووفان,چاپ: سنوور- هەولێر,نۆرەی چاپ: یەکەم: ٢٠٢٠,٥٦٤ل
42-زاراوەزانی,چاپخانەی سنوور,هەولێر,٢٠٢١
43-فەرهەنگی فەرهەنگەکان,بەهاوبەشی لە لێژنەی بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی,.٢٠٢٣
44- ئاینی سۆمەری، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن ،2023.
45- زانستی فەلسەفەکان ،.2024

46- سەرهەڵدانی بیروباوەرەئایینییەکان ، د. فەوزی ڕەشید محەمەد بەرزنجی، وەرگێڕان، هەولێر-2024
47- د.تەها باقر، ئایینی بابلی و ئاشووری، کوردیکاری: محەمەد وەسمان، هەولێر-2024.
48- د. فەوزی ڕەشید، سۆمەرییەکان کێن؟ وەرگێڕان،٢٠٢٥

فەیسبووک: MohamadWasman ژمارەی مۆبایل:
07504616628